# له داوێنی ئاربەبا

## ژماره ٢٧



سەرنووسەر و بەڕێوەبەر : ک.د.ئازاد
کاناڵی تێلگرامی : @Le_Daweni_Arbebawe
ساڵی سێهەم ـ خەرمانانی ٢٧٢٢



### سپاس و پێزانین

انا لله وانا الیه راجعون

مەرگــی بە کــۆمەڵی پێــنج کــەس لــە بنەماڵەکەمان،بــە هــۆی ڕووداوی هاتووچۆ،کارەساتێکی دڵتــەزێن بــوو کــە لە تــاقەت و توانــایی ئێمــە و هــیچ بنەماڵەیەک دا نییە.

بەڵام خەڵکی کورد بە درێژایی مێژوو نیشــانی داوە کــە لــە کــاتی کارەســاتی دڵتەزێنی لەو چەشنە وەک: بوومەلــەرزە، لافــاو، کیمیابــاران، کۆمــەڵکوژی و... هاوخەم و هاودەردی یەکتر بوون و هەر ئەوەش تاقــەتی هــەڵگرتنی ئــەو بــارە قورسەی ئاسان کردۆتەوە.

هەر لە ساتەکانی هەوڵی ئەو خەبەرەوە بە هەزاران کەس لە سەرانسەری دونیا، بوونە هاوخەم و هاودەردمان،باشتر و دڵنیاتر زانیمان کە ماڵبــاتێکی گــەورەمان هەیە کە لە کاتی تەنگانە دا پشت و پەنامانن. زیاترشانازیمان کرد بە خۆمــان و بە گەلە دڵسۆزەکەمان.

سپاس بۆ دڵسۆزی میللەتی کورد کە ســەبووریان بەخشــی بە دڵ وگیانمــان و ئارامیان دایەوە بە ژیانمان.

سەربەرزی بۆ خەڵکی دڵسۆزی کورد و نیشتمانی هاوخەم و هاودڵ و هاو ڕەنگ

بنەماڵەکانی:دافعی، محەممەدی، محەممەد حوسێنی، ئیبراهیمی، دێهقانی
وهەموو خزمانی دوور و نیزیک

| نووسەر، وەرگێڕ، شاعیر، هونەرمەند... | بابەت: شێعر، پەخشان، وتار.. | لاپەڕە |
|---|---|---|
| مەهاباد. مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان | نێو لێنان لە منداڵ | ٢ |
| شنۆ. عەلی ڕەزامحەمەدنیژاد | ئیماژ وخەیاڵ دەشێعری کۆڵانی خەیاڵی تینوو دا | ٤ |
| بۆکان. سەعید سەلیمی بابامیری | وەرگێڕانی شێعری ئەمین گەردیگلانی | ٧ |
| بۆکان. ئەمین گەردیگلانی | سووکئاوڕێک لە «کۆچ»ی ڕامان غەفووری | ٨ |
| مەهاباد: عەبدوڵڵا عەبدوڵڵازادە(ماستەرزمانناسی و فەرهەنگ نووس) | زانستی زمانناسی و کاری زمانەوانی | ٩ |
| مەهاباد. شاهۆ موکریانی ـ مەهاباد.محەمەدسەلیم عەبباسی | شێعر | ١٠ |
| ڕەحیم خان. نادر مستەفازادە ـ تایربوغە. ژاکاو کەسنەزانی | شێعر | ١١ |
| مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان، زماناناس و لێکۆڵەر | ئاخۆ بنەبڕبوونی دیاردەی توندوتیژی و پەتای کرۆنا لەیەک دەچن؟! | ١٢ |
| بانە. ک.د.ئازاد | تەرجەمەی شێعری(فەریاد)ی مامۆستا:سووتاو لە لایەن:"ک.د.ئازاد" | ١٣ |
| بانە. غەفوور ساڵحی ـ هەولێر. موحیب مەهابادی | کورتیلە چیرۆک ـ سوێند ـ شێعر | ١٤ |
| هەولێر. سەعدوڵڵا نووری | شێعر | ١٥ |
| بانە. تاهیرەویسی "کۆچەر" | پێناسەیگ وەشێعر و دابەشکردنی | ١٦ |
| بانە. ئامینە عەزیزی "سروور" | سەییدی بەرزەنجە | ٢٣ |
| دێولان. واحد کەریمی لەیلاخ | لە گوێچکەما دەنگ بایەقوش تێت | ٢٥ |
| بۆکان. هیدایەت ئازەری | بنەچەی کورد کێیەو گوودێکان کێ بوون ؟ | ٢٦ |
| بۆکان. یوسف ئیسماعیلی ـ ڕەبەت. غەفوور قادری(برِوا)ـ نادر مستەفازادە . ڕەحیمخان | شێعر . لێرە نان لە گرەوی ژیانە! | ٢٧ |
| ساحێب. دەریا ئازەرپوور ـ بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی | بژی ئاشتی، بمرێ جەنگ ـ کاریکاتۆر | ٢٨ـ٢٩ |
| بۆکان.ناتق مەجیدی (سۆران) ـ سەقز. کامیل موحەممەد جانی . سەقز. کارۆمرووەتی | شێعر | ٣٠ |
| بۆکان. هادی حەبیبی ـ پیرانشار. برایم کاک ڕەش | (گۆران) ئاوانگاردی شێعری کوردی . یەڵماز گۆنای | ٣١ـ٣٤ |
| مەهاباد. تاهیر عەزیزی | چرۆی خەیاڵ | ٣٥ |
| سەردەشت. هێمن تەنیا ـ مەریوان. مادێح کۆنەپۆشی (زایەڵە) | شێعر | ٣٦ |
| مەهاباد. عەبدوڵڵا مۆئەییەدزادە | مەنسووری یاقووتی | ٣٧ |
| مەهاباد. ڕ.ش هاوڕاز | شێعر | ٣٨ |
| بۆکان. ئیبراهیم هوشیار ـ پیرانشار، گوندی گردکسپیان هاوار لاجانی | شێعر | ٣٩ |
| دێولان. ڕەنجبەر | سوشیاڵ مێدیا و بەرەی داهاتوو | ٤٠ |
| سلێمانی.عومەر کەریم بەرزنجی . برووجرد. زانا کوردستانی . لەیلاخ. مام خەیال | شێعر | ٤١ |
| برووجرد. زانا کوردستانی | تەڵعەت تاهیر | ٤٢ |
| ئیلام. شارۆچکەی پەهلە. عێرفان کەرەمی | ڕیفۆرمی زمان لە عوسمانیەوە بۆ تورکی و بەراوەرد لەگەڵ ڕەوشی زمانی کوردی | ٤٤ |
| پاوە. ئوسمانی ڕەحیمی هەجیجی . سەقز. لەتیف عەلەوی . سنە. زەمان | شێعر | ٤٦ |
| سەردەشت گووندی دوولکان. سابیر بێتووشی | شاعیرە شوانە | ٤٧ |
| سەقز . مریەم یەتیمی . ڕوانسەر. محەممەد عەزیز ڕەحمەتی | شێعر | ٤٩ |
| ئیلام. رودوس فەیلی "مصطفی بیگی" | مەر چە | ٥٠ |
| بۆکان. پەروین.نازری . مەهاباد. جەعفەر مەعرووف(ژیار). مەهاباد. بێخێش | شێعر | ٥١ |
| سنە. مۆسلێح دیداری . مەریوان حەمزە دەستوور ـ بانە. زیوەر عەبدووڵڵاهی | شێعر | ٥٢ |
| بانە. ئامینە عەزیزی" سروور" | چیرۆکی ئیمامی هەمزە | ٥٣ |
| بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی | شرۆڤەی پەندی پێشینیان ئەو ماستە بێموو نیە! | ٥٤ |
| سەردەشت ئەوین ڕەحمانی . شنۆ. دڵنیا دڵپەزیر سەقز.(فرمێسک) . | شێعر | ٥٥ |
| مەریوان. ندا کەوکەبی . مەهاباد. هاوژان شارویرانی | شێعر | ٥٦ |
| مەریوان. کارۆک . دیواندەرە. ئێدریس عەبوودی . بانە . بەیان خدری<br>بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی | شێعر . کاریکاتۆر | ٥٧ |
| **تایبەت بە مناڵە چاوگەشەکانی کوردستان** | | |
| بانە. باوکی نیشتمان | | ٥٨ |
| بۆکان سەعدەدین خوسرەوی | | ٥٩ |


گۆڤاری ئێلێکترۆنی لە داوێنی ئاربەبا

## نێو لێنان لە منداڵ



**بەرنامەی کۆمەڵایەتیی «ڕێگای ژیان»، ڕادیۆ مەهاباد، بانەمەڕی ١٣٥٩ی هەتاوی**

**مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان**

لە کوردەواریدا، بۆ نێونانی کوڕ، بەتایبەت ئەگەر ئاواتەخواز بێ و تاقانە بێ، کۆڕێکی زۆر گەرم و پڕ لە نەشە و دڵشادیی پێکدێنن و دوای هەڵوێزنینی کەوڵ و کۆکردنەوەی کەلوپەلی میوەخۆریی، دابی نێونان بەو جوورە دەستی پێدەکرێ کە منداڵەکە دێننە کۆڕەکە و دەیخەنە کۆشی پیاوێکی نوورونێوچاوانپاک! کە بانگ و قامەتی بە گوێدا بدا،و بەو نێونیشانە جوانە ئەو ڕۆڵە مسوڵمانە دروشمبکا،و نێوێکی کە بە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەو کۆڕە و بە بڕیاری دایک و بابی پێشەکی بیندراوەتەوە، بە گوێی ئەو منداڵەی دادەن.

جا ئەمن هەر جارێکی لەو کۆڕانەدا بووبم، دوو مەبەست ئەمنی خستووەتە گۆمی بیر و فکرەوە و ئاواتم ئەوە بووە کە هاوالانی ئەو کۆڕەم بریا سەبارەت بەو دوو مەبەستانە بڕێکیان فکر کردباوە:

یەکەم ئەو مەبەستە کە لە کاتی قاڵمەقاڵمی ئەندامانی ئەو کۆڕە بۆ دیتنەوەی نێوێکی پەسند، منداڵەکە خۆی بێهەستوخوست کردووە و چاوی لەسەر یەکتر داناوە و وام حاشاندووە کە ڕەنگە ئەو منداڵە بەستەزمانە بۆیە خۆی بێهەستوخوست کردبێ و چاوەکانی لەسەر یەک دانابن، چونکە نیگەرانە و لەشکدایە و دەترسێ کە ئەو قاڵمەقاڵمانە بۆ ڕوونکردنەوەی چارەنووسی داهاتووی وی، زۆر موخلیس و سەمیمی نەبن، هەر وەکوو ئەو هەمووە کۆڕە سیاسیانەی لۆزان و تورکەمانچای و پەیمانەکانی ئاتلانتیک و ناتۆ و سینتۆ و بەغدا کە بۆ تەعینی چارەنووسی داهاتووی نەتەوەکان، سەرۆکی بێزمان و بەستەزمانی ئەو نەتەوانەیان لەو کۆڕانەدا حازر دەکرد و لەوپەڕی ناموخلیسیدا، بڕیاری چارەنووسی ئەو نەتەوانەیان دەردەکرد.

دووهەمنوکتەی سەرینجڕاکێشی کۆڕی نێونانی تاقانەکان ئەوەیە کە بۆ نێونانی کورەکوردێکی لوغەتنامە و فەرهەنگی زمانە خاریجییەکان وەهەڵسووڕوداسووڕ دەکەون و وەبیرهێنانەوەی هەزاران پیتی تێکشکاوی عەرەبی و فارسی و تورکیش لە جێگای خۆی! جا لەپڕرا دەبینی لەباتی نێوی ڕەوان و پاڵاوتەی کوردی، وشەی حەمەسایق و خواکەرەم و جەمشید و کەیکاوس و فەریدون و ئەسکەندەر و غەیری ئەوانە لە گۆڕیلکە دێنە دەرێ و ئەگەر لە من دەپرسن کە ئەدی چ نێویک چاکە بۆ کورێکی کورد، لە وڵامدا عەرزتاندەکەم تا ئێوە گوێتان لە گۆرانییەک دەبێ، ئەمنیش پشووم دێتەوە بەر خۆم و بیرێکی لێدەکەمەوە و پاشان وڵامەکەتان عەرزدەکەم. گۆرانی

سەبارەت بە نێونانی منداڵ، ئاکامی بیرکردنەوەی من بەو جێگایە گەیشتووە:

یەکەم، بۆ نێونانی منداڵ و تەنانەت کۆڕگرتن و شیرنیخواردن بۆ نێونانی منداڵ، زۆر هەڵەیە فەرقی کچ و کوڕ بکرێ؛ چونکە ئەوە یەکەمین بەردی بناغەی تەفاوەتدانانە بۆ خوشک و براکان کە برای پێ گوزدەماغ دەبێ و خوشکی پێ دڵشکاو و دڵمردوو دەبێ؛ ئاخر مەعنای نییە بۆ بیندنەوەی نێوی کوڕ، ئەو هەموو کۆڕ و کۆڕگەیە وەکاربکەوێ، کەچی بۆ نێونانی کچ هەر نێوێکی لە کۆڵان و شەقام هەرکەس دیتییەوە، بەبێ تەشریفات بۆ ئەو کچەی تورهەڵدا؛ ئاخر بێئینسافییش پلەیەکی هەیە!

دووهەم، لەو بارەوە کە نێو یەکەمین خەڵاتێکی یادگارییە کە بە تەشریفاتێکی زۆرەوە لە لایەن دایک و باب و دۆستانی وان دەدرێ بەو منداڵە،و خەڵاتێکیشە کۆن نابێ و نادرێ و جگە لەوەی هەتاهەتایە دەمێنێتەوە، لە چارەنووسی داهاتووی ئەو منداڵەشدا، شوێنێکی زۆری هەیە؛ بەو هۆیە پێویستە لە نێونانی هەر منداڵێکدا، ئەو مەبەستانە لەبەرچاوبگیرێ:

یەکەم، نێو ڕێک و ڕەوان و یەکتیککە بێ و کوتنی لەسەر زمان و بۆ هەمووکەس ئاسان بێ؛ چونکە نێو ئەگەر ئەو خاسییەتانەی نەبێ، زۆر زوو لەسەر زمانی خەڵکی سەر و پێی تێکدەکرێتەوە و بە وشەیەکی دیکەی زۆر سەیر ئاڵوگۆڕدەبێ.

دووهەم، مەعنایەکی بەرزی ئایینی یان نەتەوایەتی یان زانین و هونەری بگەیەنێ کە سەرەڕای ئەوە ئەو مەعنایە ئەو منداڵە لە کاتی خۆی-دا بۆ پەیداکردنی ئەو مەعنایە هاندەدا، خۆی ئەو نێوە حورمەت و ڕێزێکی تایبەتی بۆ ئەو ئینسانە لە نێو کۆمەڵدا پەیدادەکا.

سێهەم، نێوی منداڵ بە هیچ جۆر نابێ ئاکارەی وابەستە بە خاریج و هەندەران و توانەوە و فلیقانەوەی فەرهەنگی خۆماڵی لە بەرابەری فەرهەنگی بێگانەدا وەبەرچاوبخا یان ئاکارەی سڕی و سەهەندەیی و بەزۆر کارکردنی لێوەدەربکەوێ؛

مەشهووره عەرەبێک کورەکەی نێونابوو «عەبدولعەسا!» و کاتێکی ئەو کورە گەورە بوو و هاتە هە ڕەتی کارکردن و دەشیبیست کە هەمووکەس پێیدەڵێن «عەبدولعەسا»، مەعنای ئەو نێوە شوێنێکی خستبووە سەر ڕووحی کە تەنیا ئەوکاتە کارێکی دەکرد کە بابی عەساکەی وەکوو سێبەر لەسەر سەری ڕاگرتبا، و هەر دەگەڵ سێبەری عەساکەی لەسەر سەری لادەچوو، ڕەقڕەق ڕادەوەستا و تەسبێحی دەگێڕا. جا ڕەنگە لەو حاستەدا ڕەخنەیەکیش لە ئێمە بگرن کە هێندێک لە هاوالانی خۆت، کارمەندانی دەوڵەتیی، دەگەڵ ئەوەش نێویان عەبدولعەسا نییە، کەچی ئەو ئاکارەشیان هەر هەیە کە دەگەڵ سێبەری عەسای زۆر و دەسەلاتیان لەسەر سەری لاچوو، دەست لە کار هەڵدەگرن و دەستدەکەن بە جەدوەل حەلکردن؛ و وڵامی ئێمەش ئەوەیە کە نێو تەنیا یەک پلە پیاو وەپێشدەخا؛ ئەو عالیجەنابانەی کە ئێوە دەیڵێن نێویشیان عەبدولعەسا نییە، کەچی ئاکارەی عەبدولعەسایان هەیە، ئەگەر ئەوانە نێویان عەبدولعەسا بویایە، نە هەر ئەوەندە بوو کە بۆخۆیان کارێ نەکەن، بەڵکوو عەسایان بەدەستەوەدەگرت لە هەرکەسێکی کارێ بکا و نەیاندەهێشت ئەوانی دیکەش هیچ کارێکی بکەن.

بەڵام داخوا بیروبڕوای گوێگرانی بەڕێز سەبارەت بە شوێنەواری نێوەکان چ بێ؟! گۆرانی

ڕوونکردنەوەی مانای چەند وشە:

گۆڤاری ئێلیکترۆنی لە داوێنی ئاربەبا

بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستمدا بوون، بەپێویستمزانی باسی چەند وشەیەک بکەم کە لە ناو ئەو وتارەدا هاتوون.
ـ سێ وشەی «گوزدەماغ» و «حاشاندن» و «گۆڕیلکە» لە هیچکام لە وشەدانە بەناوبانگەکاندا نەهاتوون (بڕوانە: هەنبانەبۆرینە ـ و «گوڵ-چنینەوە ...» و «فەرهەنگی ڕێژگە» ـ و «فەرهەنگی کوردستان» و «فەرهەنگی مەهاباد» و «فەرهەنگی مەردوخ» و «فەرهەنگی خاڵ»). وشەی «حاشاندن» لە «فەرهەنگی زارەکیی موکریان»یشدا نەهاتووە. لای من مانای ئەو سێ وشەیە ڕوون نییە کە چین. وشەی «دروشم»یش لە سەرجەمی ئەو سەرچاوانەدا هاتووە، بەڵام بەو مانایەی نێو وتاری بەردەست لە هیچکام لەو سەرچاوانەدا نەهاتووە. هەڵبەت وشەی نێو وتاری بەردەست «دروشمکردن»ە کە لە هیچکام لەو سەرچاوانەدا نەهاتووە.
(لە دەقی دەستنووسی ئەو وتارەدا، ـ لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوبەرایەتیی بەرنامەی «ڕێگای ژیان»، ڕەنگە کاک مەحموود شکاکنیژاد ـ بە خودکاری سوور وشەی «گوزدەماغ» خەتدراوە و لەجیات ئەو، وشەی «دڵخۆش» بە خودکاری شین و بە دەستخەتێکی جیا لە دەستخەتی نووسەری وتار نووسراوە. بەڵام وێناچێ «دڵخۆش» هاومانا یان هاوتای ئەو وشەیە بێ و وێدەچێ «لەخۆدەرچوو»، «خۆبەزلزان»، «ترزل» ـ یان وشەیەکی لە باری ماناییەوە نزیک لە مانای ئەو وشانە ـ هاوتا یان هاومانای ئەو وشەیە بن).
ـ وشەی «کۆڕگە» لە «فەرهەنگی مەردوخ» و «فەرهەنگی کوردستان»دا نەهاتووە. لە «هەنبانەبۆرینە» و «فەرهەنگی مەهاباد» و «فەرهەنگی خاڵ»دا بە یەک مانا هاتووە: «جێگەی کۆبوونەوە [ف] مجلس (هەنبانەبۆرینە)». لە وتاری بەردەستیشدا هەر بەو مانایە لەکارکراوە.
ـ «هەڵوێزنینی کەوڵ». یەکێک لە ماناکانی «کەوڵ»، «سفرەی چەرم»ە (بڕواننە: هەنبانەبۆرینە) و ـ لە وتاری بەردەستدا ـ مانای «هەڵوێزنینی کەوڵ» وەک لە ناو ڕستەکەشدا ئاشکرایە، کۆکردنەوە و خاْکردنەوەی سفرە دوای نانخواردنە. «هەڵوێزنین» لە وشەدانەکاندا، بە شێوەیەکی بەرگیراو و سنووردار، تەنیا بە مانای «کۆکردنەوە و گلۆڵەکردنی بەن و گوریس» هاتووە (بڕواننە: هەنبانەبۆرینە، فەرهەنگی خاڵ، فەرهەنگی کوردستان و فەرهەنگی مەهاباد). لە «گوڵچنینەوە ...» و «فەرهەنگی أیژگە»دا ئەو وشەیە (بۆ بەدەستەوەدانی مانای دووهەم) نەهاتووە و لە «فەرهەنگی مەردوخ»یشدا ئەو وشەی تێدا نییە. بەکورتی: لە هیچکام لە وشەدانەکاندا، «هەڵوێزنین» بە مانای گشتیی «پێچانەوە» یان «کۆکردنەوە» نەهاتووە. لە «فەرهەنگی کوردستان»دا، ئەو مانایەی بەدەستەوەدراوە نەختێک لێڵایی تێدایە و وێدەچێ مەبەست هەر «پێچانەوەی بەن و گوریس» بێ، نەک مانای گشتیی پێچانەوەش: «هەڵوەزنین: هەڵکردن و بادانی بەن و ئیدی، پێچانەوە» (فەرهەنگی کوردستان). کەوابوو: یان ئەو وشەیە هەڵگری مانای گشتیی «پێچانەوە» هەیە و لە ناو وشەدانەکاندا ئاماژە بەو مانایە نەکراوە، یان تەنیا مانای بەدەستەوەدراو لە ناو وشەدانەکاندا مانای ئەو وشەیەیە و لە وتاری بەردەستدا، ئەو وشەیە مانای حەقیقیی نییە و چەشنێک شوبهاندنی پێچانەوە و خڕکردنەوەی سفرە بە پێچانەوەی بەن و گوریس مەبەستبووە و مانا نەک حەقیقی بەڵکوو مەجازییە.
ـ «ئاواتەخواز». ئەو وشەیە ـ بەگشتی ـ هەڵگری سێ یان چوار مانایە.
«ئاواتەخواز: ١ـ کەسێک کە زۆر بە تاسەی شتێکەوە بێ و بەئاوات بیخوازێ؛ تاسەدار (فەرهەنگی هەرمان). ئەو مانایە لە فەرهەنگی مەردوخدا، وێڕای مانایەکی دیکە بەدەستەوەدراوە. لە «فەرهەنگی زارەکیی موکریان» و «قامووسی زەبیحی» و «فەرهەنگی خاڵ» و «فەرهەنگی کوردستان» و «هەنبانەبۆرینە»دا، وشەی «ئاواتەخواز» تەنیا ئەو یەک مانایەی بۆ هەڵدراوە (و لە «گوڵچنینەوە ...»شدا، وشەی «ئاواتەخواز»ی تێدا نییە). ٢ـ ئارەزووکردن بۆ چارەی کاری کەسێک (ئاواتەخوازم بە ژن و منداڵت بگەیەوە). ئەو مانایە تەنیا لە «فەرهەنگی هەرمان»دا هاتووە. ٣ـ ئارەزووکراو. ئەو مانایە، تەنیا لە «فەرهەنگی مەردوخ» (وەک مانای دووهەمی ئەو وشەیە لە «فەرهەنگی مەردخ»)دا هاتووە.
لە «فەرهەنگی هەرمان»دا، وشەی «ئاواتەخواستە»ش هاتووە. مانای هەوەڵی «ئاواتەخواستە» (لە «فەرهەنگی هەرمان»دا)، هاوتای مانای دووهەمی «ئاواتەخواز:ئارەزووکراو» لە «فەرهەنگی مەردوخ»دایە. بەڵام «ئاواتەخواستە» مانایەکی دیکەشی (لە «فەرهەنگی هەرمان» و هەروەها لە «قامووسی زەبیحی» و «فەرهەنگی زارەکیی موکریان») بۆ هەڵدراوە کە دەشێ مانای چوارەمی «ئاواتەخواز» بێ: «کەسی زۆر خۆشەویست بەتایبەت منداڵ کە بەئاواتخواسترابێ» (فەرهەنگی هەرمان). لە «فەرهەنگی زارەکیی موکریان» و «قامووسی زەبیحی»دا، جیا لەو مانایە، مانایەکی دیکەش بۆ «ئاواتەخواستە» هەڵدراوە، کە نەختێک جیاواز لە مانای یەکەمی ئەو وشەیە لە «فەرهەنگی هەرمان»دایە، جا ئەو مانایە یان مانایەکی دیکەی ئەو وشەیەیە یان پێناسەیەکی ناتەواوی ئەو مانایەیە یان هەڵەیەکە هاتووەتە ئاراوە.
هەر بۆیە دەشێ «ئاواتەخواز» (لە وتاری بەردەستدا)، یان بە مانای دووهەمی ئاواتەخواز لە «فەرهەنگی مەردوخ»دا بێ (واتا: «ئارەزووکراو»)، یان هاوتای مانای دووهەمی «ئاواتەخواستە» بێ (ئەگەر «ئاواتەخواز» خۆی لە خۆیدا، هەڵگری ئەو مانایە بێ)؛ واتا ئەو مانایە: «کەسی زۆر خۆشەویست بەتایبەت منداڵ کە بەئاواتخواسترابێ».
ـ «پیت». وشەی «پیت» لە «فەرهەنگی خاڵ» و «فەرهەنگی زارەکیی موکریان» و هەروەها لە «فەرهەنگی ڕێژگە» و «گوڵچنینەوە...»دا نەهاتووە. لە وشەدانە بەناوبانگەکان (هەنبانەبۆرینە، کوردستان، مەهاباد و مەردوخ) و لە «فەرهەنگی هەرمان»یشدا، بە مانای «وشە» نەهاتووە. «پیت» لە وتاری بەردەستدا، ئاشکرایە کە بە مانای «وشە» لەکارکراوە. هەر بۆیە، یان «پیت» بەگشتی و لەسەر زمانان بە مانا «وشە» لەکارکراوە، بەڵام لە فەرهەنگ و وشەدانەکاندا نوسینی ئەو مانایە لەبیرکراوە، یان لە وتاری بەردەستدا بە شێوەی مەجازی (بە مانای «وشە») لەکارکراوە. مامۆستا ئەحمەدیان لە سەردێڕی نووسراوەیەکدا، «پیت»ی تەنانەت بە مانای «قسە» (و «رستە»)ش لەکارکردووە («چل پیت» ناونیشانی نامیلکەیەکی مامۆستایە کە لەخۆگری چل وتەی ئیمامی عومەر بە زمانی عەرەبی و فارسی و کوردییە و سەرەتای ساڵی ١٣٦٢ بۆ قوتابیانی قوتابخانەی دواناوندیی «ئیبنی سینا»ی مەهابادی نووسیوە). جەماڵەددین ئەحمەدیان

# ئیماژ وخەیاڵ دەشێعری کۆڵانی خەیاڵی تینوو دا



شنۆ. عەلی ڕەزامحەمەدنیژاد[١]




## پێشەکی:

کۆڵانی خەیاڵ کۆمەڵێک شێعری مامۆستای هێژا ئەرشەد ئیقباڵی ناسراو بە تینووە و لە شارە جوانەکەی شنۆیە پێنووسی لە کۆڵانی خەیاڵ دا خزیوە و بەرە وژوانگە تەونی ئیشقی تەنیوە و نووری پلێتەی دڵی لە سووتانەوە هەر نەکوژاوەتەوە.

ئەرشەد ئیقباڵی کارمەندی دایرەی ئاوی شنۆیەیە و دەمێکە خولیای شێعرو ئەدەبە وکۆڵانی خەیاڵ یەکەم بەرهەمیەتی کە لە ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨ز) بلاو بۆتەوە.

ئامانجی ئەو کورتە وتارە توێژینەوەیەک لە سەر وێنە و خەیاڵی شاعیرە کە بابەتێکی شێعرییە. دەو وتارە دا ئاستەکانی خەیاڵ لەو وێنانە دا ئاوردانەوەیەکە لەسەر مەکتەبی ڕۆمانتیک دەنیو شێعرەکانی کۆلانی خەیاڵی تینوو دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.




هەموو شاعیرێک تێدەکۆشێ هەتا شێعرەکانی وێنەی هونەریان هەبێ وچێژی خەیاڵی پێ دەبەخشێت. شێعرێک کە وێنەی پێوەدیار نەبێ شێعریش نیە:(یوسفی،١٣٦١،ل١١٣) بەلام دڵگری وجەلابی ئەو وێنانە دەگەڕێتەوە ئافراندن وخوڵقاندن ووەستایەتی ولێزانی شاعیر کە چۆن دەتوانێت ڕوحی وێنە دە هونراوەکانی دازیندوو کاتەوە. تابلۆیەکی ڕەنگین وجوان، بە دەستی شێوەکارێک دەنەخشێت جوانی بەرهەمەکە دە ڕەنگاندن وتەرکیب ودانانی ڕەنگە و ڕێکخستنی، هەتا بەرهەمێکی کاریگەر لە سەر مێشکی بینەر بێت. شێعریش ئەو جۆرەیە و ڕەنگاندنی بە خەیاڵ و وێنە، تابلۆی شێعر دەنەخشێنێت. بۆ ئەوی کە بتوانین جوانتر بچینە ناو وێنەکانی کۆلانی خەیاڵ سەرەتا، پێناسەیەک لە وێنە یان ئیماژ دەکەین.

### ئیماژ یان وێنە چیە؟

وێنە، هەرجۆرە بەکارهێنانی زمانی زەینی یە کە بریتیەلە سەنعەتی ئەدەبی وەکوو تەشبیە ،ئیسعارە، ئوستوورە وهتد(فتووحی رود معجنی،١٣٨٦،ل٤٥)

مەبەست لە وێنە، شتێکە کە ئورووپییەکان پێی دەڵێن ئیماژ و ڕابردووکانمان پێی دەڵێن تەشبیە کردن، ئیستعارە و مەجاز (فرشیدورد،١٣٧٣،ل٢٠٥)

ئیماژ یان وێنەی خەیاڵ لە دەستەواژەی ئەدەبی، بەرهەمێکی زەینی یا شتێکی شیاو دیتنە کە لە قاڵب چوارچیوەی وشە، دەستەواژە، بەیان یان ڕستەکی نووسەر یان شاعیر سازکراوە هەتا ئەزموونی هەستیارانەی وی، بەو جۆرە بگاتە زەینی خوێنەر یان بیسەر (میرصادقی،١٣٧٦،ل٧٤)

وینەسازی لە شێعر، جۆریک ئافراندنی هونەرییە کە بە وەسیلەی وی، شاعیر ڕەنگی ژیان دەبەخشێتە وشەو وئەشیا وباری سۆزداری دادەنێتە سەرشانی و بە یارمەتی ئەو وێنانە، دنیایەکی نوێ دەخوڵقێت .(زرین کوب.١٣٦٧،ل١٩٠)

ئەگەر بێتوو ئاورێک وەسەر پێناسەی ئیماژ بدەینەوە دوو بەشی سەرەکی لێ بەدی دەکەین یەکەم خەیاڵ ودووهەم سۆز کە وینەیان پێ دروست دەکرێت.

وێنەی شێعری بە هۆی قولایی خەیاڵ وسۆزداری شاعیران، لە گەڵ یەکتر جیاوازە. هەرچی شاعیر لە بەرهەمی خۆی دا لە خەیاڵ، سۆزداری وتووندرۆیی وئیغراقی شاعیرانە کەڵک وەرگرێت، بێگومان ئیماژی بەکارهاتوو دە هونراوەکان دا ولە ئاکامدا شوینەواری لە سەر خوێنەر زیاتر دەبێت.بۆیەش چەندێتی وچۆنیەتی خەیاڵ وباری سۆزداری ، دوو تایبەتمەندی گرینگن کە هەر وێنەی شێعری بۆ هەرمانی پێویستی پێیە. دیارە خەیاڵ زەمانێک کاریگەرە کە سۆزیشی دەگەڵ بێت.

وێنە یان ئیماژ لە بواری دەرونی و دەرەوەیی بە دوو جۆری وێنەی ڕوو وژوور یان قولایی دابەش دەکرێت(ر.ک.فتوحی رودمعجنی،١٣٨٦،ل٦٢).

ئیماژی ڕوو لە ڕوانگەی بایەخ و ڕادەی کارایی هونەری، ئەو وێنانەیە، سادەترین وێنەی شێعرە، چونکە لەو جۆرە وێنانە خەیاڵی سەرەکی وەسف دەکرێن.

خەیاڵی سەرەکی یان گشتی، ئاکامی هەوڵی زەین بۆ وەدەست هێنانی وێنەی سەرەکی لە شتێک کە پاش بیستنی وشەکە، لە زەین دا تداعی دەکرێت.ئەو جۆرە لە خەیالە لە خواروترین پلەی هەست دایە. ئەوەی کە وێنەی لێ ساز دەکرێت، نیشانەیەک لە ڕاستییەکانی دەرەکی دیاردەکانی دەوروبەری ئێمە لە سروشت . وەسف خۆی لاوازترین وسەرەکی ترین حاڵەتی پێوەندی شاعیر دەگەڵ جیهانی دەورووبەرییەتی. وێنەیەک کەدوور لە شاراوەبوونە.

[١] توێژەر و نووسەر لە شاری شنۆ . Miladshno_٢٠٠٠@yahoo.com

ئیماژی قوڵیش زۆر قووڵ وهونەرمەندانە وێنە ساز دەکا.
دیارە لە سەر ئەو بنەمایە وبە چاوخشاندنێک لە شێعری ڕۆمانتیک، کورتە ئاوڕێک وەسەر شێعری تینوو دەدەینەوە.
شێعری ڕۆمانتیک یاسا وڕێسای خۆی هەیە وووێنە شێعرییەکانیلەو قوتابخانەیە دا لە بواری جوانی ناسی و پێناسەی شناختی ومەعریفی دەگەڵ وینەی کلاسیک جیاوازە.تایبەتمەندی بەرچاوی وێنەی ڕۆمانتیک، وەکوو سێبەری هەست وهاوشێوەیەتی و ڕەنگی سروشتە وفرە کات وفرە شوێن وخەمبار بوونیەتی. دیارە شێعر بە هۆی پێناسەی هەست وسۆزداری وبرستی خەیاڵی شاعیر،زیاتر لە هەر جۆرە بەرهەمێکی ئەدەبی،جێ ڕاوگەی وێنە وئیماژی بووە." هیچ ئەزموونێک لە ئەزموونەکانی مرۆڤایەتی کە دەتوانی بابەتی شێعری بێت، بێ کاریگەربوون لە هێزی خەیاڵ، بایەخی هونەری وشێعری پەیدا ناکا وهەر ڕووداوێک کاتێک دەبێتە بابەتی شێعری کە هەستی پێ بکرێ وخەیاڵی شێعری شاعیر،ڕەنگ وبۆی بگرێت.(شفیعی کدکدنی،١٣٩١،ل٢٧) وێنە لە مەکتەبی ڕۆمانیتیسم دەگەڵ وینەی سنتی جیاوازە وتایبەتمەندی خۆی هەیە.مەحموود فتووحی لە کتێبی بلاغت تصویر، چەند تایبەتمەندی بۆئیماژی ڕۆمانتیک دیاری دەکا.١.گۆڕانی شاعیر لە سروشت وئەشیا٢.سێبەر وناڕوونی دیاردەکان لە وینە دا٣.پویایی وجوڵەی وینە٤،ڕەنگدانەوەی تاک لە وێنە دا(فتووحی،١٣٨٩،ل٤١) جگە لەوەش گرینگترین بەرنامەی ڕۆمانتیک، ئازادی، ڕێزگرتن لە کەسایەتی تاک، هەیەجان وهەستیاری،داهێنان وئەفسوونی وتە یە.
دیارە ئەرشەد ئیقباڵی شاعیرێکی زانا و پسپۆری کۆمەڵگاکەیەتی و شێعرەکانی ڕەنگ وبۆی کۆمەڵگا وژیانی خۆی وژوان و دڵداری دەدەن وگەلێک نەهامەتی و ڕوداو وخەم وخۆشیشی پێوە دیارە وشارەزای ژوانە وژوان پەرەستی وخۆسەویستی ویادی جاران تاسەیە وڕازی دڵی پێ دەدرکێنی.
سادە وساکارترین ترین وێنەی شێعرکانی هەتا قوڵترین ئیماژی شێعری، بەهاری شێعری پێ دەڕازێتەوە وەکوو:سواری باڵی عەشقت، تەیری زامدارە دڵی من، کونجی سینگت، قژی ڕەنگ، خەتی ئەبرۆ،ڕەنگی باران،باهۆزی خەم،پیرە زامیک،وەرزی ژان، ئەستۆی چارەنووسس،دیواری حەسرەت،داری ئاوات،هێلانەی خەمان،کۆنە ژوان،سامی سێدارە،لافاوی عەشق،خانەقای عەشق بلوێری باو،سەمای ئاگر،کۆچی گەلا،شاری ئەوین،ئاوازی کوند،ژەنگی گۆزە ،خەوی کانی، کاروانی پەپوولە ،سروەی بەیان،کفنی ئەوین،کۆلانی خەیاڵم، هاوڕازی خەمێک،شاری زامم،عێل قەتماغە،ئەسپی کۆچە،شاری غوربەت،شاری گوڵ،وبەدەیان وینەی کە شێعری تینوو، تینوویی خوێنەر دەشکێنی وتام وچێژ بەخشە.دیارە وێنەی ڕمانتیکی شاعیر، وێنەگەلێک بۆ ڕەنگ کردنی دنیای زەینی شاعیرە.

یەکێ لە بابەتەکانی ڕۆمانتیک خەم وتاسەیە. ڕۆمانیتیسم پێوەندیکی لەپسان نەهاتووی دەگەڵ هەست وسۆزداری هونەرمەند هەیە و نیساندەری سۆخداری تاک وشاعیرە و زۆر جاریش نیسان دەری هەستی کۆمەڵ ونەتەوەیە. خەم وتاسە، بنەڕەت وبنجینەیە لەو قوتابخانەیە و شێعری ڕۆمانتیک، تەژی لە تاسە وخەمی تاک وکۆیە. دیارە شێحری تینووش خەم وتاسە وزام تەنگ پێ هەڵدەچنێت وەدڵێت:

تەیری زامدارە دڵی من دەتهەوێ نەمرم کەسم
کونجی سینگت هەڵبژێرە وەرە بیکە قەفەسم.
بۆ گوڵی گوڵدانی یادت گیانەکەم بارانتم
هەرووەفا داری چەلان و ئەرشەدی جارانتم

شاعیر زامی دڵ ناشارێتەوە و بە تاسەوە کۆچی یار لە ناو دڵ وهەناوی بە شێعر دەدرکێنی وخۆشەویستانە و بە تاسەشەوە چارەی دەردی بە وێنەی کونجی سینگ دەڕازێنیتەوە بۆ یادی وەکوو بارانە یادی دەکاتەوە و بەتاسە وئارەزووە وینەیەکی دڵخۆشکەر گوڵی گوڵدانی ئاودێری دەکا.
لە شێعری هاواریش وێنەیەک لە خەم و تاسە دەخولقێنێ دەڵێ:

من مریدی دەری مەیخانەی خەمێکم
خۆڵەمێشی هەڵوەدای بەزمی شەمێکم
چاوی خوێن تێزاوی ئەو کێوە بڵێندەم
کە جێژوانی هەتاو دیلی تەمێکم
چاوەکانم ڕەگەزی هەورە تریشقەن
من بە فرمێسکەوە نازناوی چەمێکم
من بە زولفی زینەوە دیلی ئەوینم
سەر بە سێدارەوە هاواری مەمێکم

لەو شێعرە خەم بە بەشێک لە دەرونی دەزانێ وڕێرەویەتی دڵتەنگی ودەنگ ودەردەداری خۆی پێ دەرکێنی. دیار کوتەنی:

گورگ؟ مرۆڤی....؟
من
ئەودەنگە
هاوارێکی پیاویکی دڵتەنگە.

بۆیەش وێنەی وشەگەلیک وەکوو مەیخانەی خەمێکم، بەزمی شەمێکم، چاوی خوێن تێزاوی، دیلی تەمێکم، نازناوی چەمێکم، دیلی ئەوینم، هاواری مەمێکم، بەیان دەکا وجیلوەی جوانی خەمی خۆی ونەتەوەی پێ دەرەنگینی. گورگ وگورگ سفەتان لە گەلەریەک وێنە دەکاتە داکۆمێنتێک و لە شێعری بەفرە هاوار وێنەیەکی قوولّ لە ئازار نیشان دەدا ودەلّێ:

لە شەوێنی خۆزگەکانم
مێگەل مێگەل گورگە چەقوو
وەرکەوتوون و دەلوورێنن
بۆسەرووپێی ئەو زامانەی
بە بارتەقای بلوێرەکان
بەفرە هاوار دەبارێنن...

لە تیری ڕۆژگار دا زۆر جوان وێنەی ئێش وغەم بە مێشکی خوینەر دەلّێ:

من بە دەستی ئێشەوە ئاوارەمە
سەر دەمێکە دیلی ئەو ئازارەمە
........
گەر لە دەستی غەم ئەمن ڕزگار نەبم
موستەحەققم چون لە غەم من مارەمە

لەو شێعرانە دا ئیماژ ڕەنگی ترۆما ( trauma) دەدا. دیارە مەبەست لە ترۆما دلّەڕاوکە و گوشاریی دەروونیی لەرادەبەدەر پاش رووبەڕووبوونەوە لەگەلّ ڕووداوێکی مەترسیدار لە چەشنی مەرگ، خەم، ئێش وئازار و یان توندوتیژیی بە شێوەیەک کە مرۆڤی گیرۆدەی حالّەتێکی ئەوتۆ تووشی شۆک و ترس و گرفتی گەورەی دەروونی و دۆخیی دەکات. تیۆریی ئەدەبیی ترۆما لەو فۆرم و شێوازا دەکۆلّێتەوە کە تێیدا ئەزموونی ترۆماتیکی مرۆیی لە نێو دەقی ئەدەبیدا دادەبەزێندرێت و پراکتیزە دەکرێت. ئەزموونی ترۆماتیک مرۆڤ یان میللەتی تووشبوو بە ئەزموونێکی وەها دەخاتە دۆخێکی تازەی تێگەیشتن و هەستەوەرییەوە؛ تێگەیشتن لە شیمانەی ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ و هەستکردن بە بەرگەنەگرتن لە هەمبەر توندوتیژیی چاوەڕوانکراوی دووبارە.

**ئەنجام:**

ئامانجی ئەو کورتە وتارە توێژینەوەیەک بوو لە سەر ئاستەکانی خەیال لە وێنە وخەیال دا دەنێو شێعری تینوو دا.دیارە ئەزموونی شیعری دەشێعری کولّانی خەیالّی تینوو دا، بەرهەمی دۆخێکی بەرهەستی مێژووی تاک و کۆمەلّگای کوردییە کە تێیدا ئەو تاک و کۆمەلّگایە دەکەونە بەر هەستی نۆستالۆژیک و خەم یادی ژوانگە و دلّداری. ئەو ئەزموونە ناچار ئاوری ڕاستەوخۆ لەو واقیعانە دەداتەوە کە مرۆڤ و کۆمەلّگا وشاعیر هەستیان پێ کردووە و ڕووبەڕووی گەلێک پرسی کردووە و. لەم پێناوەدا، شیعرەکانی بوونەتە ناسنامەیەک وکولّان بەکولّان خەیالّی شاعیر دەرکێنی ولە زەینی خوینەر وبیسەر وێنە ساز دەکا. لە لایەکی ترەوە، ئەم ئەزموونە هەولّی بە ئەرشیفکردن و پاراستنی مێژووی ئەو ترۆما و تاسەی ئەو کارەسات وڕووداو وژوانگە یە دەدات کە هەستی نۆستالۆژیکی شاعیرە.

. شیعر بە گشتی وشێعری تینووش بە مەکۆیەکی گوتاری و دەقیی سەلماندنی حیکایەتی مانەوە و ژیانەوەی ئەو هەستە خەماوی ونۆستالیژیای ژیانە.

.بە گشتی وینە وئیماژ یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی شێعری کاک ئەرشەد ئیقبالّییە وخەیالاوی وبەحەسرەت تیا دەخولێتەوە.

لە کولّانی خەیالّی تۆ ئەخولێمەوە
وەکوو مۆمیک لە دووری تۆ ئەتوێمەوە
سامی دووریت زریانیکە وئەمن چرا
پلّیتەی دلّ لە سووتانە وئەکوژیمەوە

گرینگترین کارکردی ئیماژ لە شێعرە، کاریگەری هەست ووروژاندنی دەمانی دا بەدی دەکرێ وخۆی لە وێنە نزیک دەکاتەوە وبە تاسەوە، خەمی دووری وبێ تۆیی دەزەینی خوێنەر داوێ و فرەتر لە زەمەن دەفرێ و بە کولّانی سەرلێشێواوی وتەنیایی دا وێلّ دەبێ ودەکوژێتەوە.

**سەرچاوەکان:**

| |
|---|
| کوردی: |
| ئیقبالّی، ئەرشەد (١٣٩٧) کولّانی خەیالّی (شێعر) شنۆ: ئینتشاراتی شاری شنۆ |
| فارسی: |
| شفیعی کدکنی، محمدرضا ( ١٣٨٧) ادوار شعر فارسی از مشروطیت تا سقوط سلطنت چ ۵ ، تهران: سخن<br>فتوحی رودمعجنی، محمود (١٣٨۶ ) بلاغت تصوی ، ر چ ١، تهران: سخن.<br>فتوحی، محمود (١٣٨۴) فصلنامه پژوهش های ادبی شماره ،» تصویر رمانتیک شماره ٩ و ١٠، ١٨٠ - ١۵١<br>فرشیدورد (١٣٧٣)خسرو، درباره ادبیّات و نقد ادبی چ١ ، تهران :امیرکبیر<br>میرصادقی، میمنت (١٣٧٣) واژه نامه هنر شاعر ، ی تهران: کتاب مهناز.<br>یوسفی، غلامحسین (١٣۶١)کاغذ ز ، ر چ ١، تهران: علمی. |



بۆکان. ئەمین گەردیگلانی

## سنوور

که هەژدیهای ڕەشی سنوور خۆی ڕاکێشا و
دڵی گەرمی زەویی ئاشقی کوتکوت کرد
چەم و زەریا
پەنجەی نەرم و پەمەییان لێک هەڵپێکا
شایی پێوەندییان گرت و
دڵی سەوزی خاکیان پێکەوە گرێدا.

❋❋

که بەرد و سمیت و ئاسن
قورگی زوڵاڵی ڕووباریان توندتوند گوشی و
بوونە بەستێن،
ئاوی ئاشق
لە سەر دڵی
بە تیشکی زێڕینی هەتاو
نامەیەکی چاو پڕ لە فرمێسکی نووسی و
بە پۆلێ کۆتری سپیی هەڵمدا ناردی بۆ هەور
هەوریش دەستێکی بە چاوی تەڕی نامەکەدا هێنا و
لەگەڵ با دا
ڕەوە ئەسپێکی دڵپڕی
بە شمشێری برووسکەوە
نارد بۆ ڕووبار

❋❋

کاتێ گرمەی ڕەوە ئەسپی
تووڕەی هەور
دڵی تەنگی زەویی لەراند
بەستێن ڕووخا
چۆم و کانی و تاڤگە هەستان
پەنجەکانیان،
لە یەکتر هەڵپێکایەوە و
دڵی زەوی
پڕ بوو لە گەرمایی ڕۆحی
سەوزی بەهار.

❋❋

دا پێم بڵێن!
دەتوانن سنوور
بۆ خۆر و
هەور و با و بەهاریش دانێن؟!



وەرگێڕانی: سەعید سەلیمی بابامیری. بۆکان

## Border

When the black dragon borderline was laid
and it tore the heart of land,
Rivers and seas put hand in hand,
They celebrated unity and tied up the green
heart of land.

❋❋

When concrete with iron and some stone
became a dam to sqeeze the clear throat of
river,
Water which in love it wears,
With the golden rays of the sun wrote a letter
full of tears.
Then by a flock of white peigons the letter was
sent to the clouds.
The clouds wiped off letter tears,
And a bolting horse with a lightning sword
and a lump in his throat they sent to the river
on wind.

❋❋

When thunder of the angry horse shook heart
in land, the dam damaged!
Waterfalls, rivers and springs rose hand in
hand,
Then by the green soul of spring was filled
there heart of the land.

❋❋

Now do tell me!
Can they put borders on clouds and winds, on
the sun and lovely springs?

# سووکئاوڕێک لە «کۆچ»ی ڕامان غەفووری



بۆکان. ئەمین گەردیگلانی

شێعری هونەری و پڕ وردەکاری لە نێو بەرهەمی هێندێ لە شاعیرەکاندا بەرچاو دەکەوێ و بۆ ئەوە دەبێ خوێنەر هەڵوەستەیەکی لە سەر بکات و بە سەرنجێکی وردترەوە بیخوێنێتەوە.

ناسینی کێش و سەروا (وزن و قافیە) و نووسینی هۆنراوە ڕەنگە لە توانایی زۆر کەسدا هەبێ، بەڵام نووسینی شێعر و داهێنان کاری هەموو کەس نییە و هەر ئەوەشە شاعیر و هۆنراوەنووس لێکجیادەکاتەوە.

شێعری «کۆچ» کە بە «ئاگر لە ئاگر بەرمەدە» لەناو خەڵکدا ناسراوە، یەکێک لە غەزەلەکانی ڕامان غەفوورییە کە پووشپەڕی ساڵی ٧٤ دەستی کردووە بە نووسینی، بەڵام چون کەمێک هەستیار بووە لەسەری پەلەی لێ نەکردووە و چەند مانگ جارێک ناوبەناو پێیدا چۆتەوە، بەڵام ساڵی ٧٦ دڵی ئاوی خواردۆتەوە لێی و بڵاوی کردۆتەوە.

ئەم شێعرە جگە لە ناسکی و ناوەڕۆکی جوان لە باری فۆرمیشەوە جێی سەرنجە و دەتوانین وەک شێعرێکی هونەری چاوی لێبکەین. لە سەریەک دەکرێ بڵێن ئەم غەزەلە هەم قوڵپەدەرانەیە و هەم هەوڵدەرانەیە(جوششی و کوششی).

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێعرە کە دیارە تا ئێستاش کەس پێی نەزانیوە ئەوەیە کە بە پێچەوانەش دەخوێندرێتەوە، واتە بە پاشوپێشکردنی نیوخشتەکانیش تێک ناچێ و ڕێک هەمان واتای هەیە و هەمان غەزەلە بەڵام بە سەروایەکی ترەوە. دەکرێ بڵێن تا ئێستا لە ئەدەبیاتی کوردیدا غەزەلی لەو شێوە و فۆرمە نەنووسراوە.

بۆ ئەوەی زیاتر چێژ لەو غەزەلە جوان و پاراوەی ڕامان غەفووری وەرگرین، بە هەردوو شێوەکەی پێشکەشی سەرنجی هەسیاران و خوێنەرانی گۆڤاری لە داوێنی ئاربەبا دەکەین.

## « کۆچ »

ڕامان غەفووری

بەرگەی جودایی ناگرم، ناڵەی جودایی سەرمەدە
من خۆم سەراپێ ئاگرم، ئاگر لە ئاگر بەرمەدە

لەملاوە نێڵەی ئاورم، لەولاوە بێڵەی زاورم
گشت وا دەزانن گاورم، نەشتەر لەسەر نەشتەر مەدە

ڕێگەم نییە تا ڕێ گرم، جێگەم نییە تا جێ گرم
بێڵە لەگەڵتا پێ گرم، دەستت لە دەستم بەرمەدە

هەروا کە بووم هەرواترم، هێشتاکە هەر لەدواترم
ئاوا نەبێ ئاواترم، خوێناوی جەرگم دەرمەدە

سەد هێڵی سووریش ڕاگرم، دەستم بگا خۆر داگرم
دەستت لەسەر هەڵناگرم، دەستت لە بیرم وەرمەدە

تا کەی دەبێ دەس ڕاگرم، تا کەی بڵێم بۆت نامرم
با بێم بە دڵتا ڕابرم دەس لەو دڵەی من هەر مەدە

خۆڕاگری خۆڕاگرم، پێداگری پێداگرم
بەو کۆچە من خۆم ئاگرم، ئاگر لە ئاگر بەرمەدە

## « کۆچ »

ناڵەی جودایی سەرمەدە بەرگەی جودایی ناگرم
ئاگر لە ئاگر بەرمەدە من خۆم سەراپێ ئاگرم

لەو لاوە بێڵەی زاورم، لەملاوە نێڵەی ئاورم
نشتەر لەسەر نەشتەر مەدە گشت وا دەزانن گاورم

جێگەم نییە تا جێ گرم، ڕێگەم نییە تا ڕێ گرم
دەستت لە دەستم بەرمەدە، بێڵە لەگەڵتا پێ گرم

هێشتاکە هەر لەدواترم، هەروا کە بووم هەرواترم
خوێناوی جەرگم دەرمەدە، ئاوا نەبێ ئاواترم

دەستم بگا خۆر داگرم، سەد هێڵی سووریش ڕاگرم
دەستت لە بیرم وەرمەدە، دەستت لەسەر هەڵناگرم

تاکەی بڵێم بۆت نامرم، تا کەی دەبێ دەس ڕاگرم
دەس لەو دڵەی من هەرمەدە، با بێم بە دڵتا ڕابرم

پێداگری پێداگرم، خۆڕاگری خۆڕاگرم
ئاگر لە ئاگر بەرمەدە، بەو کۆچە من خۆم ئاگرم

# زانستی زمانناسی   و کاری زمانەوانی



مەهاباد: عەبدوڵڵا عەبدوڵڵازادە(ماستەرزمانناسی  و فەرهەنگ نووس)

زمان تەنیا بریتی نییە لە دەربڕینی وشە بە پێی قالبی ڕێزمان،  بەڵکوو بەستێنی زمان زۆر بەربڵاو  و فراوانتر لەو باس و خواسانەیە. زۆر جاران ئێمە بە بێ کەلک وەرگرتن لە وشە، ڕستە، ڕێزمان و ئاوا، هەر بە زمانی جەستە و بە شێوەی غەیری کەلامی(nonverbal) پێکەوە دەدوێین. زمان سیستمێکی سە ربە خۆ  نییە،  بە ڵکوو زانستێکی نێوان ڕشتەیی(interdisciplinary  study)یە؛واتا تێکەڵاوێک لە زانیاری دوو یا چەند زانستیتر  و لە ژێرکاریگەری زانستەکانی دیکەی وەک دەروونناسی و کۆمەڵناسی و کۆنینەناسی و مێژوییە  و بە هۆی  ئە رک و کارایی  لە  پێکهێنانی فەرهەنگ و کەلەپوور و گەشەی مێژوویی لە نێو دڵی کۆمەڵگا، مۆرکی کۆمەڵایەتی بەخۆوە دەگرێ کە هەر چە شنە ڕەفتاری زمانی، دەرهاویشتەی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانە.زمانناسیی  دەروونی،  لە پەیوەندی و کاریگەری نێوان زمان و دەوورنیتاکی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و زمانناسیی  کۆمەڵایەتی لە بابەت پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵگا،  توێکاری و توێژینەوە دەکا. زمان و مێژوو وئایین و کۆمەڵگا، باندۆڕ و کاریگەریان لەسەر یەکترهە یە. بەپێچە وانە ی زانستە  بیرکارییە کان  کە دەتوان داهاتووی ڕووداوە کەشناسییەکان پێشبینی  بکەن یا پێشهات و تەنانەت تەمەنی گۆی زەوی مەزندە بکە ن، زانستی زمانناسی، ڕابردووی ژیانی مرۆڤایەتی ڕوومال دەکا و بۆ توێژینەوە لە مە ڕ زانستی  زمانە وانی،  توێژە ر دەبێ  بڕوانێتە ڕابردووی مێژوویی ژیانی مرۆڤ تا بتوانێ ڕەوتی گۆڕانکاری زمان و یاسای زمانیی دابڕێژێ. زمانناسانی  (نۆ –دەستووری ) دەبێژن کە گۆڕانکاری ئاوایی هەر زمانێک تەواو یاسامەندە. بۆ نموونە زمانناس،   دوای لێوردبوونە  وە و بە راوەرد کردنی چەندین دەق و زاراوەی ڕابردووی زاری سۆرانی و کرمانجی بەو ئاکامە دەگا کە لە  زاری سۆرانیدا،   پیتی  بێدە نگی  (و) لە پێش پیتی دەنگداری (ا) و (ێ) وەک: ناو– سێو ، دەبێتە پیتی بێدە نگی (ڤ) لە کرمانجی ژووروودا: ناڤ–سێڤ.

کۆمەڵناسانی زمان تەنیا وەک کەرەستەی پێوەندی  دەڕواننە  زمان . شاعیران  و سیاسە توانانیش  وەک هە ستونیستی نەتەوە، ناموسو  شەرەف و کەرامەت پێناسەی دەکەن، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئەوەیە کە دە هەر دوو بۆچووندا  یا کەمبینی و یا زیادەڕەوی تێدایە، چونکە زمان بێجگە لەوەیکە ئامێری پێوەندییە، هەر وەها فکروبیر و ئەندێشە و ڕوانگە و ئەدەبیات و مێژوو و فۆلکلۆریشە. زمان، میرات و سەرمایەی مرۆڤایەتی و نەتەوەییە و بایخی مەعنەوی هەیە و هەر وا هەرەمەکی  بە یەکشە و  و ڕۆژ ساز نەبووە، بەڵکوو وشە بە وشەی زمان لە درێژایی زەمان و لە  دۆخی  تایبە ت بە  خۆیدا  خوڵقاوە  کە تەنانەت هەر واژەیەک مێژوو و بەسەرهاتی خۆی هەیە و هەڵگری جیهانبینی   سە ردەمی  تایبە ت بە  خۆیە تی . لە  بابە ت گرینگی زمان،  ساپیر و وۆرف دەڵێن : "هە ر کە س بە  پێی  زمانی  خۆی  دەڕوانێتە  جیهان ". ویتگنشتاین  هە ر زمانێک  وەک جیهانێک دەخەملێنێ. هەر وەک ئاماژەم پێکرد زمان، زانستێکی ئامێتە لە چە ندین بواری  زانستی  دیکە  دایە ، لە م ڕووەوە ئەگەر هەر بە چاوێک لە زمان بڕوانین واتا تەنیا لە کەرەستەی پەیوەندیدا  کورتی کەینەوە،  بە  دروستی  هە موو  سنوور  و سووچ و گۆشە و ڕەهەندەکانیتری  نابینین.ئەوە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە لە دنیای ئاڵۆز و پڕ لە چوڵە پێچ  و  زانستی ئێستا،  ژیان بە بێ زمانی ئاخاوتن محاڵە. بەڵام ئایا زمان،  هەستونیست  و  ناموسە؟. شوناس و نەتەوە بە تەنیا بە زمان نەبەستراوەتەوە، بەڵکوو زمان تەنیا یەکێ لە کۆڵەکەکانی ڕاگری نەتەوەیە. زیاتر  لە  نیو  سە دە زمانی  کوردی  لە  وڵاتی تورکیای نوێ قەدەخە کرا، بەڵام ئایا وجوود و شوناسی کورد لەو وڵاتە بنبڕ بوو؟ ئایا توانیان نامووس و شەرافەتی  کورد داڕووشێنن یا عەیبداری بکەن؟ قەدەخە کردنی زمانی نەتەوەیەک بە مانای مەزلومی و بێدە سەڵاتی ئەو گەلەیە. هەر ئێستا بە سە دان چالاکوان و سیاسە توان  لە  زیندانە  ڕەشچاڵە  کان  بە  زمانی  تورکی  خە بات  بۆ  مافی  زمانی  و پێناسە  و  مافە کۆمەڵایەتییەکانیان دەکەن.

ئەوەی ڕاستی بێ زمانناسان  لە  سەر زۆر  تەوەری  تیئۆری  و ڕوانگە ی  زمانی  لە  هە مبە ر یە کتر   جیاوازی  بۆچوون  و دەمەقاڵە و تەنانەت جاریواشە ڕای دژ بەیکیان هەیە و لە ڕاستیدا  ئەوە لە تایبەتمەندی و سروشتی زانستە  مرۆییە  کانە . خۆ هەر زمانناسەکان، زمانەکانی دەستکردە ی وەک ئیسپە رانتۆ  و ئیدۆ  و ڤۆلاپوک  و  ... یان  داتاشیوە ! ئە دی بۆچی  لە پلانەکانیان سەرکەوتوو نەبوون و نابن؟!. لە ئاکادیمیە زمانییەکانیش هەر زمانناسان  و زمانەوانان کاری وشەداڕێژ و وشە ڕۆنان دەکەن، بەڵام جاری وایە خۆشیانحەز ناکەن دەرهاویشتەی بەرهەمی کاری خۆیان بخەنە بەردەم ئاخێوەرانی کۆمەڵگا!.

دەکرێ زمانناسان و زمانەوانان وەک قالب و چوارچێوەی ئوتومبیل وێنا  بکە ین،   بە لام  لە  گۆڕە پانی  یاریدا،   ئە وە ڕۆژنامەوان و ڕاگەیەنە گشتییەکان و سیاسەتوانان و دەسەڵاتدارانن کە وەک چەرخ و مۆتۆڕی ئە و پە یکە رە چە قیوە،  دەور دەگێڕن و ئەوانن کە دەتوانن پلان و بەرنامەی زمانەوانان لە کۆمەڵگادا هەڵسوڕێنن و بەکردەوە جێبەجێ بکەن. بێتوو  ئە وان نەبن بەرنامە و داڕشتەی زمانەوان، لە سەر لاپەڕەی کتێبەکان بە بێکاربە ر و بێکە لک دەمێنێتەوە.ئەوانە هەموو بەڵگە ن بۆ سەربەخۆیی نەبوونی زانستی زمانناسی. لە کۆتاییدا  ئاماژە بە وتەیەکی مامۆستا هەژاری نەمر دەکەم کە دەفە رمووێ :" لە زەمانی حکومەتی پەهلەویدا  ئێمە وەک زمانناس  و زمانەوان لە فەرهەنگستانی زمانی فارسی کاری سەرەکیمان بژار  کردن  و

دەرهاویشتنی وشەی عەرەبی لە زمانی فارسی بوو، پاشان کە حکومەتی ئیسلامی هاتە سەرکار، کاری ئێمەش پێچەوانە بۆوە یانی گێڕانەوەی وشەی عەرەبی بو نێو زمانی فارسی!". ئەوە نموونەیەکی خۆیایە لە سەربەخۆیی نە بوونی زانستی زمان - ناسی.

قسەی دوایی ئەوەیە کە زماننناسی زانستێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکوو گرێدراوی هێندێک بابەتی دیکەیە و بەبێ یارمە تی هێزی دەسەڵات و ڕۆژنامەوانان، کاری زمانەوانان عەمەلی، جێگر و سەرکەوتوو نابێ.

ژێدەر:
1. **Wardhaugh, Ronald and M. Fuller, Janet** (2015)**, "An Introduction to Sociolinguistics"** 7**th edition, Blackwell Publishing Ltd.**
2. سرکاراتی، بهمن (1377) مقاله "فرهنگ ریشه‌شناختی زبان فارسی و ضرورت تدوین آن". فرهنگستان زبان و ادب فارسی.

## دوڕدی مەی



مەهاباد. شاهۆ موکریانی

وەرە ساقی مەبێژە مەی تەواوە
لەدەفری مەی مەڵێ چۆڕێ نەماوە

بەدووڕدی مەی کەڕازی بێ دڵی من
شریتی ژینی پڕ ژانم پساوە

وەرە ئەی نووری دیدە وشەوقی چاوم
وەرە بێ مەی دڵم کاری کراوە

وەها کەوتووم بەخەمباری کڕ ومات
وەکوو تەیرێ کە هێلانەی گراوە

گراوی من وەکوو گۆشتی نێچیرێ
لە نێو چوار گورگی گەڕ بەش بەش کراوە

لە هەرلاوە دەڕوانم ئەی ڕەفیقان
تەناف و پەتک و دارم هەڵخراوە

وەرە ساقی دڵی شەیدا وخومارم
لەبێدەنگی بە بێدەنگی چزاوە

## ساقی



مەهاباد.محەمەدسەلیم عەبباسی

دەخیلت بم بوەستە تاوێ ساقی
پڕی کاسەی سەرم کە ئاوی باقی
لە تاڵی چەرخی گەردوون هەڵوەدا بوم
هەسارەم هەڵپرووساوە بە تاقی !
بە خوێنی ئاشقان تینوو بو دولبەر
بڵێی ئیستاش هەمان مابێ مەراقی؟
ئەوێ جێژنان لە قوربانی حەزی بوو
بە خوێن جێژنانەیە هەر ئیشتیاقی ؟
مەخابن تۆ هەتاو و من شەوە زەنگ
مەگەر ڕۆژێ حەشرمان بێ تەلاقی!
بە ڕواڵەت جوانە ڕەش کەزیە لە باڵای
گەلێک لاوانی خنکاند ئیختیناقی !
بە دەگمەن ڕۆژی من هەڵدێ لە ئاسۆ
چ قەوما دێ سەدای بەرمووری لاقی!
بە دائیم خەم لە لام میوانی کۆنە
مەگەر خۆشیش ببینم ئیتتیفاقی !
ئەوین ئاڵای وڵاتی دڵ بوو گەرچی
ڕەقیب پڕژاندی لێی تۆوی نیفاقی
بە ئازادی دەچڕ و دێ ڕێوی خوێری
پلینگی ڕژد ئەرێ کوێرە وەجاقی؟
دڵی چوار پارچە کردم ژانی دوری
تە بێژی ڕۆژێ دوایی بێ فیراقی؟
هەناووم وا دەسوتێنێ گڕی کۆن
دەخیلت بم بوەستە تاوێ ساقی!



شێعر: دکتر احمد زینی وند ایلامی(تکا)
وەرگێڕانی: نادر مستەفازادە ـ ڕەحیم خان

هەر بڵێی کورد
خەم لە هەر کوێیەک بێ
وەک یاری وەفادار
دەگاتە لات
دەست لەدەستت دەنێ
بە شایی و چۆپی مردن
لە گەڵت
دەکەوێتە سەما
دوا هەناسەی
خۆشیت
لێ دەگرێ

هەر بڵێی کورد
داخ و دەرد،
لەهەر کوێ بن
دێتە سڵاوت
دەبنە خوشک و برا
پەیمانی یەکیەتیت
لە گەڵ
واژۆ دەکا

تۆ بڵێ کورد
نەوتکێش، نەوتکێش،
ئاور دەبارێ
ئوتوبووس، ئوتوبووس
لەش لە ناو دووکەڵ و گڕدا
بێ گیان دەبێ
بەئاسن دا دێتە خوارێ

هەرناوی کورد بێنی
جەحەندەم باوەش دەکاتەوە
توند، توند دەتگرێتەباوەش
تا ئەو جێگایەی دەیهەوێ
لە عەرزت دەداتەوە
حەوت کێو
حەوت ئاسمان
حەوت دەشت وبیابان
لە بەهەشتت
دوور دەکاتەوە

تۆ بڵێ کورد
پان و بەرینی دنیات
لێ دەکاتە
کونی دەرزی
هێندت لێ تەنگ دەکاتەوە

تۆ بڵێ کورد
دنیا دەبێ
بەگۆڕەپانی مینی
چێندراو
باوەشت بۆ دەکاتەوە

تۆ بڵێ کورد
بکوژت پاکە و بێ تاوان
تۆش تاوان باری
لە دوو جیهان
حەڵبجە، حەڵەبجە
بە کیمیایی
دەتکەن، بێ گیان
ئەنفال،ئەنفاڵ
بە حەدیس و قورئان
زیندە بەگۆڕ دەکرێی
مانەوەت
تاوانە،تاوان
کەرکووک، کەرکووک
خەنجەری خەیانەتت
دەدری لەشان
عەفرین، عەفرین
ڕژانی خوێنت حەڵاڵە
بۆ مەزەی بادە
دەمی مەستان

تۆ بڵێ کورد

ئاخ کورد

داد و هاوار
کورد

## کابەی ڕووی



تایربوغە. ژاکاو کەسنەزانی

بڵێی ڕۆژێ دڵی یار چڵ نەهاوێ ؟
سەری خۆزیەم لە کابەی ڕووی بساوێ ؟

خەمی دووری و هەموو ئاواتی دێرین
بە تیشکی خۆشەویسی ئەو نە تاوێ ؟

هەتا کەی ئەو ڕق و کینە و قسەی تاڵ ؟
دەبێ تاوانی دڵ چی بێ و کراوێ ؟

لە ڕێی ئەودا سەرم چوو، ئابڕووم چوو
وەسەر لاشەی بە بێ گیان نایێ تاوێ

هەوڵ ئەو بوو کە تۆی ئەشقی پژاندن
چڵۆسکی ئاگری گرتنە هەناوێ

کەچی ئێستە نەبای دیوە نە بۆران
نە چێژی ژوان لە بەر مانگ و شەتاوێ

من و خەم ، دەفتەرو نووکی قەڵەم هەر
لە خەڵوەیدا نزارەی دارو جاوێ

لە شێخ و مورشید و پیران دەپرسم
دۆعایێ، نووشتەیێ، بێتو نکاوێ

دڵم تفلێکی شیرخۆرەو گڕوو گیر
بە بێ مێژی هەناسەی گڕ دەهاوێ

گوڵاڵەی بەختی دڵ (ژاکاو) ە لای ئەو
نەچیرە بۆ سەیادێ دی لە ڕاوێ

گۆڤاری ئێلیکترۆنی لە داوێنی ئاربەبا

# ئاخۆ بنەبڕبوونی دیاردەی توندوتیژی و پەتای کرۆنا لەیەک دەچن؟!



مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان، زمانناس و لێکۆڵەر

بۆ بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی پێش هەموو شتێک پێویستە هۆکارە سەرەکی و جەوهەرییەکانی بدۆزینەوە و پێناسەیان بکەین و ئینجا کەرەسە و ئامرازی پێویستی بۆ دابین بکەین.

هۆکارەکانی توند و تیژی، ڕەچەڵەکێکی کەلتوورییان هەیە، کەوابوو بۆ بەرەنگاریی توند وتیژی ـیش پێویستە لە ڕێچارەی کەلتووری بگەرێین؛ واتە بە ئامێر و کەرەسەی کەلتووری بەرەنگاری ببینەوە، بە واتایەکی تر پێویستە ڕوانگەکان لەباری کەلتوورییەوە بگۆڕدرێن. ڕوانگەکان چلۆن ئاڵوگۆڕیان بەسەردادێ؟ بۆ گۆڕینی ڕوانگەکان لەباری کەلتوورییەوە هاوکات ئیشی ڕۆشنبیری و ڕووناکبیریی کورتخایەن و درێژخایەن و شوێندانەر پێویستە؛ بەڵام ڕوونە ئەوەی پتر و قووڵتر و، بە چەشنێکی شیاوتر و کاراتر شوێندانەرە، ئیشی ڕۆشنبیری و ڕووناکبیریی درێژخایەنە کە پێویستی بە کات و مەودای شیاو و بەرنامە و پلان و تێچووی پێوەندیدار هەیە و لە ماوەیەکی زەمەنیی درێژخایەن دا جێگر و وڵامدەر دەبێ. هەر وەکوو دیاردەی توند و تیژی خۆی، بەستێن و مەودا و کات و تێچوو و بەرنامە و پلانی پێویست بووە تا جێگیر و سەقامگیر بێت، هەر وەها بۆ بنەبڕبوون و لەناوبردن و بۆ تەس‌دانەوەشی تێکرای ئەم کەرەسە و ئامراز و ئامێر و مەودا و زەمەن و دیاردانەی پێویستن . ئاڵوگۆڕیی کەلتووریی بنەڕەتی و هەروەها چاکسازی و سەرلەنوێ گەڕانەوەی کۆمەڵگا بۆ دۆخی پێشووی خۆی، کات و مەودا و زەمەن و تێچووی ماددی و واتایی و هزری پێویستە. دیارە ئەو کارە و ئەم ئیشە تاقەت‌پڕووکێن و درێژخایەنە هەرەوەزێکی هەمووانی گەرەکە و تێکرای تاق و تاقمی کۆمەڵگا، هەرکام دەبێ دەست بدەنە لایەنێک لەم ئیش و کارە و هەموو لایەک دەبێ هەستێکی قووڵی بەرپرسیارەتییان هەبێ و دەرووست و مولتەزیم بن بە ڕاپەراندنی ئەو ملۆزمە زل و فیتەرە و ئەم ئاستەنگە زەبەلاحە و ئەم قەیرانە ماڵ‌کاول‌کەرە و ئەم پەتا و فەتا ڕووخێنەر و دپلۆخێنەرە؛ هەر وەک چۆن بۆ لەناوچوونی و بنەبڕبوونی پەتای کرۆنا و بەرگری لە شوێنەوارە چەتوون و مەرگ‌هێنەرەکانی ئەم هەمووە دام ودەزگا حکوومی و ناحکوومی و گشت ناوەندە جۆراوجۆرەکان، لە سەرجەم جومگەکانی کۆمەڵگادا، دەستیان دا یەک و بە پلان و بەرنامە و هەرەوەز و هەستی بەرپرسیارەتی و هەروەها دەرووست بوون بەم بەرپرسیارەتییەوە، ئیشەکەیان ڕاپەڕاند و هەنووکەش هەر سەرقاڵن و لە داهاتووشدا هەر دەبێ هەستیار و مشوورخۆر و پەیجۆر و خەمخۆری ڕاپەڕاندنی هۆکارەکان و شوێنەوارەکانی ئەم پەتایە بن؛ هەروەها دیاردەی توند و تیژی ـیش لە نێو تێکرای کۆمەڵگاکاندا و لەوانیش کۆمەڵگای ئێمە ، ڕێک ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە و دەبێ هەر ئاوا لەگەڵی بجووڵێینەوە و بەرەوڕووببینەوە؛ بەڵام کەرەسەکان و ئامرازەکان و ئامێرەکان کە لە بابەت پەتای کرۆنادا پتر و پتر کەرەسە و ئامێر و ئامراز و پێداوێستیی تەندروستین، لەبابەت دیاردەی توند و تیژی‌دا ئەم کەرەسە و ئامێر و پێداویستی و ئامرازانە پتر و پتر لە ڕەگەز و ماکەی کەلتووری و ڕۆشنبیری و ڕووناکبیرین و لە مەودایەکی درێژخایەن‌دا وڵامدەر دەبن. هەر چەند وەک پێشەکی و سەرەتاتکێ، ئامادەکاری و بەرەوڕووبوونەوەی کاتی و کورتخایەن پێویستە، بەڵام پتر کارکەردی بەرگریکەرانەی ئەهوەن کەرەوە و ئیمێرێجێنسی و کاتییان هەیە ئەم بەرەوڕووبەنەوە کورتخایەنانە و ڕەگ و ڕەچەڵەکییان فراژۆ نابێ و پەل ناهاوێن و شوێندانانی کاتی و کەم‌مەودایان هەیە و پتر وەک چالاکی و هەڵمەتی ئاگر کووژاندنەوەی ئاگرکووژێنەرانیان دەچن، کە دەبێ دوابەدوای ئاگرکووژاندنەوەکە هەر بەپەلە و بەلەز، بەرنامە و پلانێک دارێژدرێت بۆ قەرەبووکردنەوە و نۆژەن‌کردنەوەی سەرلەنوێی بینا ڕووخاو و کاول‌بووەکە؛ یان وەک ئیشی ئەندازیارانی بیناسازی وایە کە دوابەدوای بوومەلەرزەیەک و ڕێک لەدوای ئیشی بەپەلە و ئیمێرێجێنسیی یارمەتیدەرانی فریاکەوتن، بۆ سەرلەنوێ بنیات‌نانی بنەما و بناخەیەکی قایم و پتوون و خۆڕاگر و نەچەمیو و نەبەزیو لە ئاست بوومەلەرزەدا پلان و بەرنامەی شیاوی تێچووهەڵگری درێژخایەن بۆ سەرجەم ناوچەکە و سەرجەم دانیشتوانی باژێرەکە دادەڕێژن.

بۆ پشت‌ڕاست‌کردنەوەی ئەم ڕاوبۆچوونە هەر ئەوەندە بەسە کە سیلەچاوێک و سووکەئاورێکی تێپەڕ بەسەر ڕەوت و ئەزموونی پراکتیکی دیاردەی توند و تیژی لە نێو مێژووی سەردەمی ئایدیۆلۆژیی ڕادیکاڵ و پاوانخوازانەی چەپ و کۆمۆنیزم دابخشێنن، چ لە دونیادا و چ ناوچەی خۆماندا، کە ئێستاش کە ئێستایە دوای تێپەڕ بوونی پتر لە سی‌ساڵ لە فەشەل‌بوون و کاول و کەلێس بوونی کۆشکی حوکماتی ڕامیاریی ئەم بیرۆکەیە و دوای دارمان و تێک ڕووخان و هەرەس‌هێنانی ئەم ئایدۆلۆژییە و دوای تێکرمان و تێکقرمانی ئەم بیرە خەیاڵخواز و خەیاڵپەردازە، ئاکام و دەرکەوتە و دەرەنجامی پاوانخوازانە و دەمارگرژانەی توند و تیژی و توندئاژۆیی ڕادیکاڵ و داپلۆخێنەری ئەم ڕەوتە، بەتەواوی کۆتایی پێنەهاتووە!

## تەرجەمەی شێعری(فەریاد)ی مامۆستا:سووتاو لە لایەن:"ک.د.ئازاد"

### فریاد



مەهاباد. سووتاو

دلم خون شد زدست بی وفایان
شدم غرقه به دست ناخدایان
حذر کن دل مَده بَر غیر دلبـر
کەمی سوزم به دستآشنایان
دگر از دَور گیتـی رفته پاکـی
مگو مشکل تو بر مشکل گشایان
خدایا؟کی‌بمیرد جور وبیـداد؟
خدایا؟کی ستم آید به پایان؟
خدایا کی دراین دنیای پرغم؟
شَوَد عشق وشَودپاکی‌نمایان
شدەزهری کنـون‌عشق‌ومحبت
شده دنیا به کام بوالهوایان
غزلاز مُلک هستی رخت‌بربست
شده هنگامـەی نوحەسرایان
زمان یورش فـوجَ کلاغان
نشانی هم نمانده از همایان
شده رایج کنون نامردمی ها
حقیقت مرده پیش ناروایان
به پیش‌چشم ناکسهاست‌انسان
بگشته همردیف چـارپایان
نشسته بی حیادر صدرمجلس
شده هنگام مرگ پارسایان
بمردەآدمیـتایـن زمـانه
شدەگیتـی پُر از آدم ربایان
چەویران استشهرپاک وخوبم
چەآباد است شهر ناکجـایان
زمهر واز وفا دیگر نشانی
نمانده‌درجهانِ پر جفـایان
خدایا نازنینان را نگـه کن
کەساکن گشتەدرمحنت‌سرایان
شده در بند نامردی کنون بند
یلان پُـرزشور وجـانفدایان
درون بَستَر عـدل وشرافت
نموده لانه فـوج بندپایـان
بەجـایسُجده بر درگاهِ یـزدان
شده کرنش رَوا بهرگدایـان
تنفر دردرونم همچو دریاست
زکید و مکـر روحانی نمایان
"کریمی"بر خـدایش‌سجده آرد
نه بر بُت‌ها نه براین بی‌خدایان

### هاوار



بانە. ک.د.ئازاد

دڵم خوێنە لـە دەستی بێ وەفایان
گەلۆ خنکام بە دەستی ناخودایان
بە غەیری دڵبەرت، دڵ قەت مەبەخشە
کە من سووتام بە دەستـی ئاشنایان
لە دونیا دا خەش و ناپاکی زۆرە
کە ڕازت دەرمەخە بۆ بێ حەیایان
خودایە، ڕیشەیی بێداد، وشک کەی
ستەم تاکەی دەگاتە دۆخی پایان؟
لە دونیای پڕ خەم و دەرد و پەژارە
ئەوین کەی دێتە ڕوو، پاک ونومایان؟
وەکوو ژارە،ئەوێستا خۆشەویستی
هەوەسباز، بوونە سەر قافڵەی وەفایان
نەماوە بایەخـی شێعر و ئەدیبان
غەزەل، بێ ڕێزە لای نەوحە سەرایان
قەلی ڕووڕەش، بە سەرمانا دەدەن سووڕ
هەڵـۆ تاراون و ڕۆین هومایان
پەرەی ئەستاندووە نامـەردی، بۆیە
حەقیقـەت مردووە لای نارەوایان
لە بەر چاوی دەبەنگ و ناکەسانیش
مرۆڤ، بێ ڕێزە هەر پاتاڵە، تایان
لە ژووڕووی مەجلیسان جێی بێ حەیایە
چلۆن نەمرن لە داخـان پارسایان
زەمانەی مەرگی بنیادەم نیزیکە
لە جێی ئادەم، بەرازن کەدخودایان
چ وێرانە، مەکۆی زانا و ئەدیبان
چ بێ ڕێزە، قەڵا و کۆڕ و سەرایان
لە سۆز و مێهرەبانی چۆڵ و هۆڵە
جیهان خـۆشە بە کامی پڕ جەفایان
چ بـێ نازن، جوان و نازەنینان
لە شاری ناحـەز ومێحنەت سەرایان
لە داوی ناکەسان، دیل و زەلیلن
کوڕئازای مەرد و ڕەند و گیان فیدایان
لە ناو نوێنی شەرافەت، بێ وەفایی
وەها لێی نوستووە، وەک بێ بەڵایان
لە جێی سوژدە، بەرەو ڕووی زاتی باری
سەری کڕنۆش دەکەن شۆڕ بۆ گەدایان
وەها کینە لە ناخم دا دەجۆشێ
لە داخی گـەندەڵ و کۆلکە مەلایان
مەگـەر (سووتاو) بزانێ دەردی (ئازاد)
کە سوژدەی قەت نەبرد، بۆ بێ خودایان!

## کورتیلە چیرۆک ـ سوێند



بانە. غەفوور ساڵحی

نەسرین دەیگوت:"وەک شتێک ئەو ڕۆژە هەر نەهاتم بوو . بەسرپێرار بوو . تۆرابووم بەدوو منداڵەوە . هەر نیو سەعات لەوەپێش سوێندم خواردبوو:
سوێند بێ بەو خوا گەورە، بەقەراری قەتحی من بێت و ئیتر سەر بەم ماڵەدا ناکەمەوە."

❋❋

لە تەکسی دابەزی. دەرکەی ماڵەبابی کردەوە. ژاوەژاو و دەنگی گرین و هاواری دایک و خوشکەکانی ڕایچڵەکاند.
ـ دایە توخوا چی بووە؟
ـ ئەوە ڕۆڵە بۆ سەردارت لەگەڵ نییە؟ ئەشا ئەو شانسەی ئێمە . براکانیشت هیچیان دیار نین . زوو زەنگ بە بۆسەردار، بڵێ فریامان کەوە، ئاها باوکت هەناسەی نایات.
نەسرین دوو دڵ بوو. بیری کردەوە:
ئەی هاوار، ئێستا من چی بکەم؟ زەنگ بەم یان نا؟ جا ئێستا وەختی ئەوەیە؟ شەیتان بەنەحلەت:
ـ ئەلۆ ، سەردار توخوا فریامان کەوە!
ـ چی بووە نەسرین؟!
ـ نازانم ، باوکم هەناسەی نایات
ـ تۆ بڵێی کرۆنا نەبێت؟ من نەمگوت منداڵەکان مەبە؟
ـ نازانم بڵێم چی. بەڵام ئێستا وەختی ئەوە نییە! توخوا زووکە!
ـ جا دوێکە نەبوو دایکت دەری کردم؟ ئەی ئەمرۆ چۆن بێم؟
دایکی نەسرین گوێی لێ بوو. گوشییەکەی لە نەسرین ستاند:
ـ ئەلۆ سەردار، بۆ قەت دایکت نەدیوە کورەکەی دەرکا. دوێنێ فرێ دە و ئەڕۆ فریامان کەوە ڕۆڵەم

---



هەولێر. موحیب مەهابادی

کوا گوڵێکی جوان و بۆن خۆش لەم بیابانی عەشق؟
کوا بە ساغی کەشتییەک دەرچێ لە تۆفانی عەشق؟
بـۆ نـەمـا ڕاز و نـیـازی عـاشـقـان دوای نـیـوەشـەو؟
بۆ بە جـارێک هـاتـووە کۆتـایی دەورانی عەشق؟
کـوانێ ڕوانـگـەی پـاکی یـاران بـۆ ژوانـی دڵـبـەران؟
کوانێ ڕووحـێکی کە تـێرە وا لـەسەر خوانی عەشق؟
چـیـلـێهات خـێـڵـی ئـەویـنـداران لـەنـاو کـۆڵـانـەکان؟
چیلێهات شێعر و مەقام و سۆزی مەستانی عەشق؟
ئـاخـرین عـاشق لە شـاری بـێـوەفایان بـوو موحیب!
دڵـشکاو ڕۆیـی ئـەویش ڕووی کردە کاروانی عەشق!



## وێنەیەکی دەگمەن و مێژوویی لە شاری سەربەرزی مەهاباد

دوایین ساڵەکانی سییەکانی زایینی، لە چەپەوە: مەلا محەممەد سەدیق سیدقی، پێشەوای نەمر قازی محەممەد و تاقەکورەکەی کاک عەلی قازی "کوڕی ڕەش"، مەلا محەممەد لاهیجانی و میرزا قاسم مەجیدی بادام،
ڕووحیان شاد و یادیان هەرمان بێت، پێشکەشتان بێ هاوڕێیان نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی کورد و وڵاتی کوردستان



هەولێر. سەعدوڵڵا نووری

## قەرەجستان !

لەتێک شکان
لەپێک خۆشاردنەوە
نیوەشەوێکی گەمارۆدراو لەترس
ئۆقرەیی لەبەر دادڕییوو
لەناچارییم
تامەزرۆییانە
بەدوای فرینی چۆلەکەیەکی تەڕبوودا
وەڵامی
پرسیارە بێ لەزەتەکانی غاردان
دەدەمەوە
ئیمشەو
حەزم چۆتە
وەرینی
پەنجەی دەستە لەگۆچووەکان و
وەرینی ئەو سەگانەی

وەفابوونیان لێ سەندراوە !
بەڵێنێکە ...ئیدی
بەهەنگاوی نەناسانە
ڕێدەکەم و
ڕوو لەدەواری قەرەجستان دەنێم
دوو ڕکاعەتی نوێژی بەیانی
ئازادیش
لەسەر دەستی ئەو کیژە قەرەجییە
دەکەم
مزگێنی نەمریی پێداوم !

## مورید !

لەنێو پەرداخە نیوەکەی دەستم
دابوویت
لەپڕ ڕژایتە کۆڵانی بێهۆشی گەڕەک
و
ماچ بەدیواری ماڵاندا
شەرمنانە دەهاتە خوار
خۆی لەلێوی حەزم دەسوو
من سەر مەستانە سەری ماندووم
لەسەر سینەی نەرمت دانا
لەخەڵوەتی عیشقی تۆدام
بانگم مەکە !
من زوو وتم :
کەسێک دێت و
لەبەر پەنجەرەی ژنبووونتدا
چەپکێ ماچی وەفاداریت بۆ دادەنێ
خورجینەیەک برین
هەڵدەواسێ
بەدەسکی دەرگای زویربوونت
تا لەهەڕاسانبوونی
چکە چکی دڵۆپەی خەم دوورکەویەوە
دێ سەربانی بیرەوەریت بۆ سواخ
دەدا
دڵی پڕە لەو پەیڤانەی
لەسەفەری تەنیاییتدا دەبنە هاودەم
دەستی هاوڕێیەتیت دەگرێ
لەهەورازە ڕێی شەوانی کرێوەدا
کەسێکە هەر
لەمورید و دەرویش دەچێ
دێ ... بەزیکرەوە ڕادەژەنێ
دەرگەی تەکییەی عیشقەکەی خۆی !!

## تەقڵ!

ئێوارە خەمێک دەرگای فەرامۆشیم
دەکوتێ و
من لەسەمای بێتامی
لقەچنارەکانی سەرجادە بێزارو
لەئامێزی سۆزانییەکانی شار
دردۆنگ
تۆ بەدەستی کێم دەسپێری ؟
وڵات کاولگەیەکی ڕووخاوە
تێیدا ژیان هێندە تاڵە
لەچاویدا
ژەهر شیلاوەی هەنگوینە
دووربینەوەی ئەو هەنگاوە
پەلەپروزێیانەی
بۆلای تۆم دێنن
تەقەڵەکانی زۆرن زۆر
سارێژ نابێ
برینی ئەو بزربوونە
لەدواپێکی تەنیاییمدا
مەست مەست بەلادادێم و
ئائاگا
ڕۆحی سیرهەنجنم
لەباوەشێکی بەلاشدا
یادە خەوێکی تۆ دەیباتەوە !!

# بابەت: پێناسەیگ وەشێعر و دابەشکردنی

زاراوە:کەلهوڕی



نۆسەر:تاهیروەیسی ـ کۆچەر .بانە

**شێعرچەس؟**

شێعرکەلامێگەمەوزون ئەڕا نۆسین ئەندیشەوهەست وخولقاندن نەخشێگ هونەرمەندانە شێعریانی وە دەرۆن پڕلەقسیەوهاوار بایدنە دەیشت وهاواربکەی ودواره بچیدەوە ناخ پڕ هاوارد یانی زانست وفام وئدراک سرودوچامەوهەڵبەست وقسیەی دڵ وەڕووژێکە ئنسان شێعرناسیە ئاموختەوئەسیری بیە بەلام نیەو بۆشیم ئی واتا ئەڕا شێعرتەواوە و مانایگە پڕپێس خوەی چونکە ئەدیب وهونەرمەندەیل فرەیگ شێعرشیەوکردنەو واتاییگ ئەڕای نۆسانە.

وەناو ئی گشتە تاریف و واتا هێمرای شێعرمانا نەکریاسوودەریاییگە بێ بن پڕلە مانا ونەخش وتاریف.

**چواربەش گرنگ شێعر:**

1ـ ماڵک یابەیت
2ـ دێڕیامسراع
3ـ سەروایا قافیە
4ـ پاشسەروایا ڕەدیف

وەدریژەی ئی باسە شێعریگ تیەرم وە شاعرنەمر ماموسا ئاوات کە ئەو چواربەشە چۆ نمونە پێناسەبکەیم

ڕووڕەشی دەرگای خوداوئەحمەدی موختارخۆم
هەر بەتەنیا موونسی ناڵەی دڵی پڕ زار خۆم
پیاوی چاک دڵیان لەشوێنەومن بەدووی دڵدادەچم
شێت وماخولیاوسەرگەردان و بەدکردار خۆم
دڵ لەسەدجێگە منی بەرداوە ڕەبی بەرووبێ
پێچ وجینگڵمە کوژراوی زەخم وژەهری مارخۆم
هەرتەریقێکی تەریقەت نایەوێ دەمباتە وێ
ئەو وەبەرخەنجەرکەوێ یارەب منیش بیمارخۆم
. ئاوات .

1ـ ماڵک یابەیت
بۆچگترین بەش یەی شێعریاهەڵبەست بودنەبەیت
چۆنمونە ئی شێعرماموسا ئاواتە چواربەیتە
2ـ دێڕیامسراع
هەربەیت بریتی وە دو دێڕیا مسراعە
یانی ئی شێعرماموسائاواتە هەشت دێڕیامسراعە
3ـ سەروایاقافیە
وە وشەیل ئاخرهەربەیت ک لانی کەم س پیتیان جوی یەک بوو یۆشن قافیە
وشەی قافیە بایەدیەی مووسیقا وەناو شێعرداشتون
وە شێعر ماموسائاوات وشەی :موختار ـ پڕزار ـ کردار ـ مار ـ بیمار بودنە قافیە
4ـ پاشسەروایاڕەدیف
وشەی ئاخر هەر بەیت ک دۆای قافیە تیەیدن و یەی جورویەی شکڵ ویەی واتا دیریدوو دووپات بوودەوە ڕەدیفە
وە شێعرماموسائاوات وشەی ـ خۆم ـ ک وەئاخر هەردێڕیامسراع دووپاتەوبیە ڕەدیف ئی شێعرەسە

یەیش بۆشم ک هاوردن قافیە وە ناوشێعر ئجباریە بەلام ڕەدیف ئیجوو
نیە شاعرتۆەنێ وەمەیل وهەست خوەی ڕەدیف بارێ یا نارێد

**شیکاری شێعر:**



گۆڤاری ئێلیکترۆنی له داوێنی ئاربەبا

شێعر یا هەڵبەست دووبەشە:
1ـ کلاسیک یاکۆن
2 ـ نویٚ یا تازە
ک هەرکام وەیانەیش بوونە چەن بەش جیاواز

### 1. کلاسیک یاکۆن

شێعرکلاسیک مێژوویی وەدرێژەی هەزارساڵ زیاتردیرید
ئی شێواز شێعرمەوزونەتابع یاسای عوروزە
کێش یا وەزن عروزیش وە درێژی یاکورتی بڕگەگان ڕەبت درێدن
ک هەرکام وە قاڵب شێعری جیاواز
جێگربوون
شێعرکلاسیک وە یانزە بەش یا قاڵب
نۆسریایە ک وە درێژەی ئی باسەجۆ
نمونە وە هەرکامیان چەن بەیت تیەریمن

#### ۱. دوخشتەکی یا مەسنەوی

دوخشتەکی وەمانا بودە دودانەیی یانی وە هەربەیت دوسەروایادوقافیە وەکاربریاس ک وەگەرد سەروای باقی بەیتەگان جیاوازە چۆنمونە چەن بەیت ودوخشتەکی ڕەمەزان نامەی

ماموساهەژارتیەریمن:

شابان بۆسەفەرگرتی تەدارەک
لێم وەژووڕکەوت مانگی موبارەک
هەستام لەبەری گەلێ بەقەدر
بەخێرم هێناوبردمەلای سەدر
بەرتیلی دەردوبێگاری دوایی
کەبابم بۆکردبۆم لێناچایی
وێستام ڕووبەڕووتاڕۆژی دەس نەزەر
شەوگارکەڕابردنزیک بووسەحەر
عەرزم کردچۆنە لێرەت دەبینم
خۆنەتهێناوە مایەی لەرزینم
فەرمووی نایەویٚ ببی بیٚ سەحەت
زۆرلەمێژە هەی ئاسودەوڕەحەت
من یازدەمانگە نامبینی لەماڵ
چوومەدروێنەی پەلەگەنمی ساڵ
ـ هەژار ـ

#### ۲. چوارخشتەکی یا روباعی

ئی قاڵب شێعریە بریتی وە چواردێڕیامسراعە ک دێڕ ئەوەڵ ودۆم وچوارم هاوقافیەن

نمونە:

کە تۆم ڕۆیی بەئاسانی چ حاسڵ جەرگی بریانم
ئەتۆ بەم دەردەخەندانی چ حاسڵ سەیلی گریانم
مەحاڵەتۆبزانی من لەکوورەی کام خەمی سوورم
بەڵا من چاک ئەزانم تۆ چ سەرخۆشی بەسووتانم

. کۆچەر .

**٣. غەزەڵ**

وە ئی شێواز نۆسینە دێرئەوەڵ ودێرەجفتەگان هاوقافیەن
ژمارەی بەیتەگانیش وە پەنج تا دوازدە بەیتە ـ نمونە:

سەرم گێژی خەیاڵاتەوخەیاڵی تۆم بەبای خەم دێ
خەمە پێخۆری ژینی من گەهێ زیادووگەهێ کەم دێ
گەهێ تۆفان وبۆرانەدیاری تۆم لەهیجرانە
گەهێ شەستەوشورەی باران گەهێ هەڵمەووەکوونەم دێ
چ دەمدەم بێ چ وەک نەم بێ بۆسووتانم دەبێ هەربێ
لەشەوگاری گڕوئاگردڵم پەروانە ئەوشەم بێ
دڵم پێگەی خەمی تۆیەسەرم شاخەوتەمی تۆیە
لەکوێستانی لەشی ماندووم لەشیوودۆڵوو ڕێی چەم بێ
چ نەورۆزوچ هاوینێ چ پاییزوچ زستانێ
بەشی من هەرخەمەئازیزخەمت باهەردەمادەم بێ
لەبەردەسرێژووگوللەم دە مەهیلە یەک نەفەس عاقڵ
کەمن لێوەی خەم وژانم نەکەی ژانت کزوکەم بێ
دەباهەربێ بەرامەت یار بهاوێژە بە بێ ئەژمار
نەکەی ڕەحمێ بەبیمارت بەتیرت با نەجاتم بێ
نەقەت نابێ نەجاتی من لەقەبرانیش حەیاتی من
ئەگەرشەکرە ئەگەرزەهرە بەشی من بالەوێش خەم بێ
. کۆچەر.

**٤. قەسیدە**

ئی قاڵبیشە هەچۆغەزەڵە
تەنیا جیاوازی ک دیرن وەژمارەی بەیتەگانە
ژمارەی بەیت وەقەسیدە لانی کەم شانزە بەیتە
ئاخریشی وە مەیل شاعرە برەسێدە هەرچەن بەیت
چۆنمونە چەن بەیت وقەسیدەی درێژ ماموسامەحوی تیەرمن:

مەسئوولمەئیعانەلەوەهھابی موستەعان
هەرلەودەکەم سوئال ودەکەم حەمدی ئەوبەجان
تەوفیقی لێ تەڵەبمەبکەم خدمەتێ بەدین
مەئمولمە خولاسەی(أمالیٔ)بکەم بەیان
چەندگەوهەرێ لە(جوهرە)زەم بەولەئالییە
ئەزمی بکەم بەکوردییەکی سرفی جوملەزان
هەم یادگاری ئەهلی کەماڵ وئەحیببەبێ
هەم ڕەهنومابەوانەکەبێ عیلمن ونەزان
یارەب قەبووڵی کەی لەکەم ئەم خدمەتەکەمە
لەم زەرڕەمووروەلاقەکولێ زۆرەئەرمەغان
. مەحوی .

**٥. موسەمەت**

ئی قاڵب شێعرە



گۆڤاری ئێلێکترۆنی لە داوێنی ئاربەبا

وە چەن دێڕ هاوقافیە دروس بوو ک دێڕ ئاخرقافیەی فەرق دێری هەرکام وەدێڕەگان یەی ڕشتەس
وەئەو دێڕ ئاخریشە ئویشن بەند. بەندەگان ئاخر گشتیان هاوقافیەن.
ئی قاڵب شێعریە وە پەنج جورنۆسن
یەی جور دوڕشتەویەی بەندە ک وەپێ ئویشن سەدانەیی یاموسەلەس
یەی جور س ڕشتەوبەندێگە ک وەپێ ئۆشن چواردانەیی مورەبەع
یەی جورچوارڕشتەوبەندێگە ک وەپێ ئۆشن پەنج دانەیی یا موخەمەس ک وەکوردی پەنج خشتەکیش وەپێ ئۆشن
یەی جورپەنج ڕشتەوبەندێگ بودە شەش دانەیی یا موسەدەس
یەی جورهەفت ڕشتە وبەندێگە وەپێ ئۆشن هەشت دانەیی یاموسەمەن
ئی قاڵب شێعرە وەناوشاعرەیل کورد جیا وە پەنج خشتەکی دڵخوازێگ نەیاشتیە
هە وەی بونەشەو پەنج خشتەکی وەدیوان
ماموساوەفایی چۆنمونە تیەریمن:

ئەی غارەتی هۆش وخیرەدەم نەرگسی کاڵت
ڕۆشنگەری ئاوێنەی دڵ عەکسی جەماڵت
حاشامەکەقوربان لەکوژاوی خەت وخاڵت
ئیسباتی شەهیدیم ئەوەتا پەنجەیی ئاڵت
(دەستم کەنەگەیێ بەسەبەوگەردنەخێنم)

وەک زوڵفی ڕەش ونەرگسەکەی فیتنەگەری تۆ
سەرمەستم وسەوداسەرم وەدەربەدەری تۆ
گەردین بووە گەردڵ بووەقوربان بەسەری تۆ
ئیستاکەلەسایەی سەری زوڵف ونەزەری تۆ
(گەردەن کەچی زوننارم ومەیخانەنشینم)
ـ وەفایی ـ

**٦. موستەزاد**

ئی قاڵب شێعرە وەشێوازێگە ک وەئاخر هەردێڕ وشەیگ یاچەن وشە ئزاف بوو ک ماناوواتای دێڕدوایینی تەواو کەی ئی شێواز نۆسین شێعرە وەناو شاعرەیل کوردفرە دڵخواز نەیاشتیە
هە وەی بوونەوە شێعریگ فارسی وە مەولانای ڕووم ئەڕا نمونە تیەریمن:

هرلحظه به شکلی بت غیاربرآمد
دل بردو نهان شد
هردم به لباس دگر آن یار برآمد
که پیروجوان شد
گە نوح شدوکردجهانی بەدعاغرق
خودرفت بەکشتی
گە گشت خلیل و بەدل ناربرآمد
آتش گل ازآن شد

**٧- تەرجیع بەند**

لەی قاڵب شێعریە چەن بەیت شێعرهاوقافیە وەشێواز غەزەڵ نۆسریەدو یەی
بەیت ک قافیەی جیاوازە وە ئاخریەو تیەرن. ئی یەی بەیتە وە دۆای هەر چەن بەیت هاوقافیە دوپاتەو بود
وشەی تەرجیع یانی دوپات کردنەوە. تەرجیع بەن واتا دوپات کردنەوەی بەندێگ

چۆنمونە تەرجیع بەندێگ وە ماموسائاوات تیەریمن:

دلبەری من کە ئینقلابی کرد

كواخەتای كردووە سەوابی كرد
كەنیقابی لەسەرجەبین لابرد
لەدڵی عاشقان كەبابی كرد
كەبەعیشوە هەڵیبڕی چاوی
گۆشماڵێكی ئافتابی كرد
بۆیەقەت نەسرەوت بەڕۆژوشەو
لەهەمووكاروخوردوخوابی كرد
(هەردڵی من موبتەلاوومەفتوونە
بەسەعادەت هەمیشەمەقروونە)
ئەی جەماڵت كەماڵی كیشوەری عیشق
قەدوباڵات بەڕاستی مەسدەری عیشق
خەت وخاڵی جوان وبێ عەیبت
لەسەرو ڕووتە بۆتە زیوەری عیشق
ئەی لەبەحری سرشكی دیدەیی من
یادی ڕووی جوانی تۆیە گەوهەری عیشق
بەحسی حوسن وجەماڵی تۆ چاوم
نوسراوەبەخوێن لەدەفتەری عیشق
(هەردڵی موبتەلاو ومەفتوونە
بەسەعادەت هەمیشە مەقروونە)
. ئاوات .

**٨. تەركیب بەند**

ئی قاڵب شێعریە شێواز تەرجیع بەندە وەی جیاوازیە ك بەندەگان دووپاتەونیەود دۆای هەرچەن دێڕ یەی بەیت جیاواز وهاوقافیە تیەیدن

چۆ نمونە:

دەمێك بەباسی كوردنەكرێتەوە
وتەی خۆشی ئەو نەگێڕێتەوە
سپاسی لاوان بەو نەبڕێتەوە
وەڵامی كوردی پێ نەدرێتەوە
(ئەودەم ولێوە یارەبی ڕەق بێ
پووكی داڕزێ ددانی لەق بێ)
چاوێ نەڕێژێ كلی خەمباری
نەژیێنێتەوە كانی بەهاری
فرمێسكی سووری لێ نەبێ جاڕی
هەڵنەقوڵێ خوێنی دڵی هەژاری
(ئەوچاوە یاخواپڕی كەن لەخوێ
وەنەوزنەدا ساتێ نەسرەوێ)
. ئاوات .

**٩. قتعە**

وەئی قاڵب شێعرە دێڕە جفتانەگان هاوقافیەن یانی دێڕ  دوو چوار وشەش و........ تا ئاخردێڕ

نمونە:

هەڵمسێنەلە خەودا "بڵێ خەو بوو مەترسە
ئەمن لێرم عـەزیزم "دەگەڵتا هـەر دەمێنم
بڵێ شەوبوولەخەوبووی"لەخەونێ پڕمەترسی
بەڵا قـەت تۆ مەترسە"هـەتاوت بـۆ ئـەهێنم
هەتا خوێنم لەڕەگ بێ"گەریش ڕێ پڕخەتەربێ
لـەگەڵتا هـەر دەمێنم "لە سەر دڵ ڕاتەژێنم
گزنگی بەربەیانان "شکۆی عەشقێکی هەرمان
ئەگەرپێت خۆش بێ عازیز"بەماچان هەڵتەسێنم
بەیانیان خۆشە جەرگم" لەگەڵ تۆوشەوقی کانی
بەمۆسیقای خوڕەی چەم" گۆرانیت بۆ وەخوێنم
خـەوی ناخـۆش نەبینی "لـەمیلکـانـی دڵمدا
لەبەرپێگەی ئەوینت "گوڵاڵەی حەز ئەچێنم
لە گەڵ کـازیوە دیـموو"لە دڵ شـەودا چـراتـم
لـە ئامێـــــــزی ئەویـنـم" بـەگەرمی ئـەتخەوێنم
. کۆچەر.

**١٠. دوبەیتی**

وە ئی قاڵب شێعریە ک وە دوبەیت یاچواردێڕ دروس بیە دێڕ ئەوەڵ ودۆم و چوارم هاوقافیەن
نمونە:

هەرتۆلەنەبوون ئەمەت دروست کردخوایە
هەرکەس کەشکێ بکا لەتۆ گومڕایە
هەرتۆشی لەبوونەوەدەمانخەیتە نەبوون
ئەم بوون ونەبوونە گشت لەدەس تۆدایە
. ئاوات .

**١١. تاکە یا موفرەد**

ئی قاڵب شێعریە وەناوی پەیداس ک وە یەی تاکە بەیت دروس بوو ک شاعر مەنزورو مەبەست خوەی وە ناوی ئی دو دێڕە هاوردیە وە شێعر تاکە دو دێڕ هام وەزن وەلی تویەنن هام قافیە نەون شاعروە خواست خوەی تۆەنێ وە هەردو شێوازەگەی بنۆسێ

نمونە:
وێستابەتەرزی سەرویێ لەرزی بەبای هەناسە
دەڕژا لەبەژنی بەرزی عیشوەبەجام وکاسە
. ئاوات .

**شێعرنەو یا تازە**

وە ئەدەبیات فارسی ئی شێعرە وە ناو نیما یوشیج تاپوو کردنە وێژشن یەکم کەسێگ بیە ک شێعرێگ نۆساس ک خارج وەیاسای عوروزبیە وشێوازێگ وە شێعرتازەس. هەڵبەت ئیمە زانیم وەرجە نیما ماموسا گوران ئی شێواز شێعرە نۆساسو وەرجە ماموسایش مێژووی چەن هەزارساڵەی حەیران وهورە ئیە سەلمنێدن ک کوردەیل یەکم کەس بینە ئی شێواز شێعرە نۆسانە وەشێوەی گورانی چڕینەسەی هەڵبەت ئی شێواز شێعریشە خوەی وە س قاڵب دابەش بوو:

١ـ قاڵب نیمایی
٢ـ ئازاد یا سپی
٣ـ مەوج نەو یا بەرەی چوار



گۆڤاری ئێلێکترۆنی لە داوێنی ئاربەبا

**١. نیمایی**

ئی شێواز شێعره وەزن عوروزی درێید وە ئی جیاوازیە ک قافیە وە جای دیارییێگ نیەنۆسرێد یانی دێرەگان وەزن دێرن وەلی چۆ شێعرکلاسیک نیە ک ئاخر دێڕ حەتمەن قافیە داشتوو شاعروەهەرکورە ک سەڵا بزانێ وە قافیە کەڵک وەرگرێ

نمونه:

هەموورێگاکانی سەختی
بەرەوئازادیم بڕیوە
تەنیاشاڕێی مەرگ ماوە
ئەویش دەچم هەرچەندئیتر
گەڕانەوەم لێ نەدیوە
. ک.د.ئازاد .

**٢. ئازاد یاسپی**

ئی شێواز شێعره وەزن وئاهەنگ درێدن وەلی عوروزی نیە و قافیەیش وە جای دیارییێگ نیە شاعر تۆەنی وە سەرمەیل وهەست وتکنیک هە کورە سەڵا زانست قافیە بارێ

نمونه:

سەرینی مانگ گەواڵەهەورە
سەرینی هەوردوندی چیایە
سەرینی چیا تریفەیە
بالێفی تریفە هەوایە
بالێفی هەوایش شینایی ئاسمانە
بالێفی ئاسمانیش ڕانی خودایە
بالێفی خودایش هەموو گەردوونە
. شێرکۆبێکەس .

**٣. مەوج نەو یا بەرەی چوار**

وە ئی شێواز نۆسین شێعره وەزن عوروزی وجودنەیرێ موسیقا وقافیەیش دیاری وروشنی نیە ناوی ئی شێواز شێعره هە چۆ پەخشانە و تەنیا جیاوازی وەگەرد پەخشان واتاوئستعارەس یانی قودرەت مانایی و کەڵک وەرگرتن وە ئستعارە شێواز شێعر دەیدە پێ
نمونه:
دوای سێ مانگ
دوای وەرزێ لەحەزوسەرنج وهەناسەولەقسەولەچرپەو
بەڵێنی بێ قاچ وبەخشینی بێ دەست و
دوای وەرزێ لەخەوی هەڵوەریو
ئارامی سەرئاگر
خەیاڵی بریندار
چاوەڕوانی هەڵفریو
. شێرکۆبێکەس .

## سەییدی بەرزەنجە



بانە. ئامینە عەزیزی "سروور"

لە زەمانی هاڕوونەڕەشیددا پیرێژنێک لە بازاڕی بەغدا سواڵی ئەکرد. هاڕوونەڕەشید کە چاوی بە پیرێژنە کە کەوت، بانگی کرد و گوتی: بۆچی سواڵ دەکەیت؟ پیرێژن گوتی: فەقیرم، خاوەن سەغیرم. هاڕوونە ڕەشید تە سبێحێکی دایە پیرێژن و گوتی: ها برۆ بۆ خۆت بیفرۆشە.
پیرێژن بردی بۆ لای جوولەکەیەک کە توججار بوو. گوتی: ئەم تەسبێحەم لێ بکڕە! جوولە کە کە تە ماحی لێکرد و گوتی: پیرێژن ئەم تەسبێحەت لە کوێ بووە؟! پیرێژن گوتی: وەڵڵا پیاوێک داویە بە من.

جوولەکەکە گوتی: ئەم تەسبێحە هی منە، لێم دزراوە.
جوولەکەکە چوو بۆشکایەت لای هاڕوونەڕەشید. هاڕوونەڕەشید بۆۆ سەفەر ڕۆیشتبوو. وەزیرەکە ی جێگری بوو . گوتی : ها جوولەکە بۆچی هاتووی؟ گوتی: قوربان ئەم پیرێژنە دزی لێم کردووە. گوتی: چی لێت دزیوە، گوتی : ئە م تە سبێحە ماڵی منە، لێمی دزیوە. وەزیر گوتی: شاهێدت هەیە؟ جوولەکە گوتی: بەڵێ. گوتی: بڵێ دوو شاهیدم بۆ بێنە بەڵام ئیسلام بن.
جوولەکە چوو دوو جوولەکەی هێنا، شاڵی سەوزی بەست بەسەریانەوە و بردنی بۆ شاهێدی لای وەزیر و گوتی : ئە مانە سەیدن. وەزیر گوتی: ئێوە سەیدن و شاهێدن ئەم تەسبێحە ماڵی ئەم جوولەکەیە؟ گوتیان : بە ڵێ، ئێمە شاهیدی ئە دەین . وەزیر تەسبێحەکەی دا بە جوولەکەکە و دەستی ڕاستی پیرێژنیان بڕی . پیرێژن هە مدیسان چوو دەستی کرد بە سواڵ . هاڕوونەڕەشید هاتەوە لە سەفەر. چوو بۆ بازار. چاوی کەوت بە پیرێژن گوتی: وەرە بزانم، من تە سبێحێکم دا بە تۆ ئیتر سواڵ نەکەیت. مەگەر نەمگوت سواڵ نەکەی؟!!
پیرێژن لە هاڕوونەڕەشیدی ڕوانی و گوتی: ئەوە تۆ بووی تەسبێحەکەت دا بە من؟ گوتی: بەڵێ . پیرێژن دەستی هێنا پێش چاوی هاڕوونەڕەشید و گوتی: ئەها دەستمیان بڕی.
- کێ وای بەسەر هێناوی.
- وەزیر.
- وەرە ...
بەمجۆرە هاڕوونەڕەشید پیرێژنی برد بۆلای وەزیر و گوتی: وەزیر دەستی ئەم پیرێژنەت بۆچی بڕی؟ وەزیر گوتی : قوربان دزی کردووە. گوتی: وەزیر چی دزیوە. وەزیر گوتی: تەسبێحێکی دزیوە. گوتی : لە کێی دزیوە؟ گوتی : لە جوولە کە یە ک. هاڕوونەڕەشید دەستووری دا بڕێن ئەو جوولەکەیەم بۆ بانگ کەن. جوولەکە هات. هاڕوونەڕەشید فە رمووی ئە و تە سبێحە ماڵی تۆ بوو؟
- بەڵێ.
- شاهێدت هەیە؟
- بەڵێ.
- برۆشاهێدەکانت بێنە.
جوولەکە هەمدیسان دوو جوولەکە شاهێدەکەی هێنا. خۆیان کردبوو بە سەید.
والی فەرمووی: ئێوە شاهێدن؟ گوتیان: بەڵێ. فەرمووی تەسبێحەکەم بدەرێ. هاڕوونەڕەشید لێی وەرگرت و بە جوولەکەکانی گوت: ڕوو بکەنە ئەو لاوە. کە ڕوویان کرد بەولاوە والی تەسبێحەکەی خستە ژێر فە رشە کە ی خۆیە وە. سندووقێکی هێنا و سەری لابرد و دەستی برد دە دانە تەسبێحی لە پێش خۆی دانا. بانگی لێکردن و گوتی: ڕوو بکەنە لای من . ڕوویان کردە لای والی. والی فەرمووی بە جوولەکەکان، کام تەسبێح هی ئێوەیە؟ توجارەکە دەستی هێنایە پێشەوە و یەک تەسبێحی هە ڵگرت و گوتی: ئەوە ماڵی منە. والی ڕووی کردە شاهێدەکان و گوتی: ڕاستە ئەوە هی توجارە. گوتیان: بەڵێ ئەشهەدوبیللا هی ئە م توجارەیە. والی فەرمووی بە وەزیرەکان ئەمانە ڕاست ئەکەن؟! ئەهلی مەجلیس گوتیان: ناوەڵڵا درۆ ئەکەن. والی ئەمری کرد هەر سێکیان بکوژن. دوو تەسبێحی دا بە دەست پیرێژنەکە و گوتی: یەکیان هی خۆتە و ئەو دانەی کە، حەقی دەستە. هەروەها ئەمری کرد هەرچەندە سەید لە شار هەیە بیگرن و بیهێنن تا بیانکوژن .
شێخ عیسا و شێخ مووسا ڕایانکرد گەیشتنە باڵۆڵ و گوتیان : والی ئە مانکوژێ . چمان لێدە کە ی؟ گوتی : وەرنە ناو ئە م تەلیسەوە. باڵۆڵ تەلیسی دا بە کۆڵیدا و بردی. خەڵک لێیان دەپرسی: باڵۆڵ ئەوە چییە بە کۆڵتە وە؟ ئە یگوت : ئە وە شێخ عیسا و شێخ مووسایە، دەیانبەم فڕیان ئەدەم. ئەوانیش لەناو تەلیسەکەوە هاواریان دەکرد، وا مە ڵێ با خە ڵک نە زانن . ئەیگووت: من ناتوانم درۆ بکەم. خەڵکی باوەڕم پێ ناکەن. ڕۆیشت، ڕۆیشت تا گەیشتە سەربانی مزگەوت. باڵۆڵ لە سەربانی

مزگەوتەوە بە تەلیسەکەوە فڕێیانی دا و گوتی: ئەگەر سەیدی ساخن خۆتان قوتار کەن، ئەگەر سە یدی ساخ نین و بە درو دەڵێن سەیدین با بتانکوژن.
بە بەرەکەتی خودا باڵیان لێ پەیدا بوو. فڕین چوونە پشتی شاری سلێمانی. لە لای کانی و ئاوێک نیشتنەوە. بڕێک قامیش و پووشیان هێنا زنجێکیان درووست کرد و ناوی ئەو شوێنەی‌ان ناو نا بەرزنجە. زستانێک لەوێ مانەوە هەتا بە هار . بە هار فیکرێکیان کردەوە و گوتیان با مزگەوتێ ساز بکەین. شێخ عیسا وەستا بوو و شێخ مووسا شاگرد . کاتێ شێخ عیسا برا گەورە لەسەر دیوار وەستایی دەکرد، شێخ مووسایش قوڕو بەردی دەدایە دەستی ...،

❋❋

خەڵکی خەبەریان دا بە حاجی خاڵ کاژاو، گوتیان کە دوو کوڕە سەید هاتوون لە زەمین و مڵکی تۆدا خانوو ساز دەکە ن. حاجی خاڵ، خەڵیفەی حەزرەتی غەوس بوو، گوتی: شێرەکەم بۆ بێنن با سواری بم و بچم تا شێرەکەم بیانخوات. وەختێ ڕۆیشت گەیشتە نزیکی بەرزنجە، شێخ مووسا گوتی: کاکە ئەوە خاوەنی ئەم مڵکەیە وا سواری شێر بووە، هاتووە ئەزیەتمان بکات. شێخ عیسا گوتی: هیچ مەترسە، ئەو سواری شێر بووە، تۆش سواری دیوار بە و بذۆ بە رەو پیری . شێخ مووسا کە سواری دیوار بوو، بە ئەمری خودای حەق تەعالا دیوار چوو بەرەو پیری حاجی خاڵ.

حاجی خاڵ کە ئەوەی دی گوتی: ئەوانە لە من گەورەترن، وا باشە لە سواری شێرەکە دابەزم و بۆخۆم بچم بە رەو پیریان و ئەملا و ئەولای یەکتریان ماچ کرد و بە شێخ مووسا و شێخ عیسای گوت: جا من بۆ خۆم دارتان بۆ دەبڕمەوە بۆۆ سە ربانی مزگەوتەکە. کە داریان بڕی بۆیان هێنا و خستیانە سەربانی مزگەوتەکە، دارەکە کورت بوو، شێخ مووسا گوتی: کاکە دارەکە کورتە چ بکەین؟ شێخ عیسا گوتی: براگیان تۆ ئەو سە ر و من ئە م سە ری رادەکێشین و بیسمیللا دەڵێین . هە ر دوو سە ری دارەکەیان گرت و رایانکێشا تا بەقەد سەربانی مزگەوتەکەی لێهات و مزگەوت بەمجۆرە ساز کرا و حاجی خاڵ کچی خۆی پشکەشی برا گەورەکە کرد و بە زەماوەندی ئەوان چەند ماڵێک لەوێ خانوویان درووست کرد و ئێستاش گوندی بە رزنجە ئاوەدانە و ئاواتەخوازم بە دڵخۆشی بژین. چاک وایە ئەمەش بێژم شێخ عیسا و شێخ مووسا عەولادی بابە عەلی کوڕی بابە تاهیری هەمەدان، کوڕی سەید یووسف، کوڕی سەید مەنسوور، کوڕی سەید عەبدوڵلا، کوڕی سەید ئیسماعیل مە حە دیس، کوڕی ئیمام مووسای کازم، کوڕی ئیمام جەعفەری سادق، کوڕی ئیمام محەممەد باقر، کوڕی ئیمام زەینە لعابدین، کوڕی ئیمام حوسەینی شەهید، کوڕی ئیمام عەلی و حەزرەتی فاتمە کچی پێغەمبەری نازدارە.

●ئامینە عەزیزی نوسەر
لە دەم کتێبی : هەگبەی مامۆستایێکی لادێ

# لە گوێچکەما دەنگ بایەقوش تێت



دێولان. واحد کەریمی لەیلاخ



ـ بوو کوشتن هەر کامیان بیس تومەن ئەدەم؛ شەوانە ناتلن چاو بنمە یەکا ؛ هەر دەنگیان ئەژنەفم خەوەکەم ئەزرێت

ـ چەن دانەن مەگەر خاڵۆ شەریف !؟

ـ نازانم ؛ وەلێکان دانەیکیان هەچی شەوە تێتە بان ئەم دارتەل(تیر برق ) بەر ماڵ ئێمە ؛ چما وەک سعات کۆکیان کردوە ! هەر من چاوم گەرم ئەوێت ئەو ئەکاتە قۆقە قۆق !

ـ گوناحیان نەوێت خاڵۆ شەریف ؛ دایکم ئەیژی :«خوا نەکا دوعای شەڕ داوێن کەسێک بگرێت؛ هەر عاقیبەت خەیر ناوێت»

ـ گوناح و نزایان بۆ من ؛فەقەت خوەت و خەبات وە جوورێک شەڕیان بورنەو

ـ بێ ئەدەبی نەوێت ؛ خوەتان بۆچە نایانکوژن ؟

ـ ڕۆڵە ئامە چەس ئەیژی !؟ من کەی تازە چڕ چاو پێکانن ئەوانەمە هەس ؛ چاوم حوکمی نەماوە

ـ باشە خاڵۆ شەریف ؛من و خەبات ئێوارە کاریان یەکلا ئەکەینەو ؛جا نازانم ئەگەر جۆچکیان بوێت چە ؟هێلانەکەیان ها لە کوێنا ؟

ـ ڕۆڵە کەم پرسە ؟ من چە ئەزانم هێلانەیان ها لە کوێنا ؟ جۆچکیان هەس یانە ؟ پێخوریان باشە یا نە !!من فەقەت گەرەکمە لە دەسیانەو ڕزگار بوم و شەوێک چاو ڕاحەت بنمە یەکا و دەنگ نەحسیان نەیتە گوێچکەما ،پۆڵ خوەت سەنە و کەم وەک مەڵای مزگەوت مەوعزە کە !! ئێوارە وە دوو چاکڵ(تیر کمان) تەراز و میزانەو لە دەرحەوش ماڵ خاڵۆ شەریفا حازر بۆن . خەبات وتی : داخۆ کەی بێن؟ وتم :خاڵۆ شەریف وتویە دوای شێوکەران و فرەی وەخت ئان خەفتن تێن ؛ منیش تۆم فرەیکم هاوردوە ئەیت ۆکنین تا تێنە بان ئەم دارتەلە هەر وا خەریک قسە و باسۆن کە ئەوەڵ دانەکەیان هات و ڕاس بەرانبەر دیوەخانەکەی ماڵ خاڵۆ شەریف لە بان تیر بەرقەکەو نیشتەو خاڵۆ شەریف ڕاسی ئەوت یەکجار بەد ڕوعبەت و نازەریفۆ !! هیچێکی لە مەلات(باڵندە) ناچۆا !

خەبات کەمێ خوەی خونجان و کوچکێک ساف و خرتی نیا ناو هەوانەی چاکڵەکەی و تا ئاخر کێشەکەی کێشا ؛ لە شۆنیا ئەوەڵین بایەقوش وە سەرەو هاتە خوارەو ! ئانێ گەینە بان سەری وەو چاوە ڕەنگیگەلیەو هەر خەریکۆ ئەیروانی بوومان !! هیچ نیشانەیک لە ئێش و ئازار لە جەستەیا دیار نەۆ ؛

خەبات وتی :« سەری بورە» با بیس تومەن ئەوەڵ بنینە گیرفانمان

وتم : وەڵا هەزار تومەنیش بات من زاور ناکەم سەر ئەم بایەقوشە بورم ! . خەبات ناحەلانج وە چەقوە کولەکەی سەر بایقوشەکەی وە مکافات بڕی ؛ من لەو وەختا بەرم کردە دوواوە . لە شۆنیا وتی : سیروان سەر ئەم بایەقوشە بخە ناو ئەو دەڵقە وا هاوردومانە ؛ با لە ئاخرەو بیەینە خاڵۆ شەریف و پۆڵەکەی لێ بسەنین . وتم وەەەڵڵا من زات ناکەم ! سیروان خوەی خستیە ناو دەڵقەکەو لە بەر خوەیەو وتی : ئەی لەحنەت لە من بۆ ڕەفێقم ؛ هەتیم وەم دڵەو چۆن ناو خوەت ئەنیت کوڕ !!؟

چاو بایەقوشەکە لە تاو دەڵقەکەیشا هەر نەوسریاۆ و چما هەر خەریکە ئەڕوانێ پێمانا .ئێتر نەمانەتوانی تۆم بۆکنین و ڕاو بەین چما خاک مردگیان پشانوێتە سەرمانا ؛ دەس خەبات وەک قەساوەکان لە خوێنا قرمز ۆ و حاڵ منی ئەدا یەکا ! وتم :« خەبات با سەر ئەم بایەقوشە بەینە خاڵۆ شەریف و بچینەو ؛ هەواکە تاریکی کردوە و منیش لەرز و مۆچرک چیوە دڵم »

خەبات وە بێتاقەتیکەو وتی : هەتیم شەوەکەمانت خراو کرد بوو بیس تومەن ! تۆ بتلا با چوا پەنج دانەی تریان خەینە خوارەو با چتێک دەسمان بگرێ ؛ واتە ئەزانی بۆچە وتتە من هەر خوەت تەنیا بهاتای .

لە بەین قسەکانیا دانەیکتر هات و لە بان تیربەرقەکەو نیشتەو . خەبات وتی نووەی تۆە بزانم چەی پێ ئەکەی . وتم بەخوا تەنانەت تیر بەرقەکەیش ناوێنم هەر دەس دڵم یەک ناگرێ ؛ چاکڵەکەی لێم سەن و تا ئاخر کێشای؛ دووم دانەکەیانیش تەمەڵۆل خوار بۆ و ڕاس ڕا کەفتە بەر پامان . چما دنیا لە بەر چاو من خول ئەخوات ! چما کوچکەکە ڕاس داییە توک دڵ خوەما نەمەتوانی بچمە بەرەو . خەبات ئەو بایەقوشەکەیشی سەر بڕی و لاشەی ئەو هەژاریشبە پەرت کردە پای دیوارەکە . ئێتر خەبات و خاڵۆ شەریف و تەنانەت تیربەرقەکەیش لێم بۆنە زینهار و وەک مێردزمە ڕۆحمیان ئەخوارد ؛ لەحنەت لە من وا بۆ پۆڵ ئەم خوێنمە نیاوە لەحنەت لە خەوەکەی خاڵۆ شەریف ! لە خوامە تا ئاخر عومر چاو ڕاحەت نەنێتە یەکا !

ـ بێرەو بچین سیروان ؛ وەک چتی هەر ئەم دووانەۆنە

ـ بۆ کوێ بچین !؟ لە دەور سەرما هەزاران بایەقوش بێ سەر هەڵەفرن ! بایەقوشەکان خەریکن سەرمەورن ! جۆچکەکانیان برسیانە ؛ من شێت بیوم و لە گوێچکەما هەر دەنگ بایەقوش تێت . . .

# بنەچەی کورد کێیەو گوودێکان کێ بوون ؟



دەرهێنان و نووسین : هیدایەت ئازەری. بۆکان




کورد نەوەی گوتیەکانە و نەوەی یەکێ لەکوڕەکانی حەزرەتی نووحە .
نەتەوەی کوردی نەوەی گووتێکانە
گووتێکان کێن ؟ نەوەی سێهەمی نووحن , نووح چوار کوڕی هەبووە ( سام , حام , یافس , کەنعان )
سامێکان کێن؟
یەهوودی , عاشووری , عەرەب , سابێئە
حامێکان کێن ؟
حەبەشێکان و چینێکانە
یافسێکان کێن ؟
باوکی کورد و ئۆرپییێکان و ئارێکانە
ئێمە لە دەروووبەری کێوی گودێکان لەناوچەی بۆتان , سەرچاوەی یونانێکان دەڵێن : ئەو شوێنەی نووحی لێی دابەزی نێوی( باشانە )چۆن حەزرەتی نووح داوای لە خودای گەورە کرد لە خاوێنترین و باشترین شوێن دابەزێ کە نەوەیەکی باشی لێ بکەوێتەوە, خوای گەورە دوعاکەی لێ قەبووڵ دەکات ئایەتی لەسەرە
سەرچاوەیەک دەڵێ : وشەی کوردمانج خۆی کوردمانجییە ( کورد مانەوە لەسەر جێی خۆیان )
وشەی کورد لە گوودەوە هاتووە ( گوود یانی باش دواتر وشەی گوود دەبێ بە گوورد یانی قارەمان و جەنگاوەرو ئازا ) گوود وشەیەکی ئینگلیسی نییە چۆن لە ئەلواحی نووحدا هاتووە دەتوانین بەڵێن وشەیەکی ئاسمانییە ولە چەند شوێنی دونیاشدا بەکاری دێنن لە( ئینگلیس و ئاڵمان و فەرانسەش بەکاری دێنن ) دەتوانین بەڵێن کوردستان لانکەی ئادەمی زادە مەهدی بەشەرییەتە دوای توفان نووح دنیا لەکوردستانەوە گەشە دەکاتەوە بلاودەبێتەوە.
گوودێکانی ئەساس و بنەڕەتی نەتەوەی کوردن
ئەوانەش چەند دەستەیەکیان لێ جیادەبێتەوە
کاردۆخێکان , سومێرەکان ...هەوارگەی سومێرەکان درووست کرد لەناوچەی خوارووی ( میزوپووتامی )
سەلاحەدینی ئەیووبی شەرێکی کرد کە بەداخەوە بەرهەمەکەی بۆ عەرەب و بۆ ئیسلام بوو ئیمپراتۆرێکی گەورەی درووست کرد بەڵام کوردستانەکەی خۆی لەبیرکرد , چۆن ئەوکاتە هەستەی نەتەوەیاتی نەبوو تەنها هەستی ئیسلام گەرایی بوو
یەکەمین دەوڵەتی کوردی گوودێکانن کە لەسەر قەڵای کەرکووک دامزراوە , قەڵای کەرکووک پایەتەختی ئەجەلی کوردوستانە لە هەزارەی پێنجەمی پێش زاینی گوودێکان دێنەوە خوارەوە قەڵای کەرکووک درووست دەکەن ناوی دەنێن ( کارگوود ) یانی کاری گوودێکان دوایی لەسەر قەڵا کەرکووک دەوڵەتی گوودێکان دادەمەزرێنن و لەسەردەمی هەشدەهەمین پادشای گوودی دەڵێن ئێستاکە قەڵامان نووقسانی زۆرە چوار پلە و تووێنلێ بۆ دەکەن جا دەڵێن ئێستا کاری تەواوە کاری گوودێکان ئێستا ( کارکۆک واتا کار تەواو و کۆکە ) کەرکووک پایەتەختی ئازادی کوردستانە یەکەمین دەوڵەتی سەر ڕووی زمین لە کەرکووک دامزراوە ئێمە دەبێ مێژووی خۆمان زیندووکەینەوە.

❖ سەرچاوە : دوکتۆر عەبدوڵلا دارتاش , پسپۆڕی کوردۆ لۆجی ( کورد نامە )

## مەلاییکە



بۆکان. یوسف ئیسماعیلی

چی دەنووسی لەسەرم من کە فرێ دراوی خەمم
کوێرە ڕێبواری ڕێگەی قاقڕ و دژواری تەمم

وەکوو بابردەڵە سووکم بە دەسی جەوری زەمان
ویستی زۆرم لەسەرە و بێدەسەڵاتێکی کەمم

کوانێ ڕۆشن دەبێ ئەم ژینە بە دەست ئەمنی کوڵۆڵ
کە لەبەر بایە دەسووتێم و دەڵێی نیوە شەمم

چاوەڕێن هەر وەکوو رووبار بم و ئاودێری دڵان
چی بدێرم کە وەکوو قەترەیی جێماوی چەمم

خۆشەویستی کە دەبوو نەخشی لە سەر ژینم دا
هات ونەخشاندی ژیان بەوپەڕی ئازار و خەمم

دەنگ و هاوارم ئەگەر مەرجە کە نەیبیسێ کەسێ
چییە جیاوازی لە نێوان کەڕی ئەو قوفڵە دەمم

لێرە خەمبارو کڵۆڵ دەرچم و بێ بەش لە ژیان
دۆزەخ و جەننەتی چی؟ هۆزی ئەوم یا کە لەمم

## خەیاڵ



ڕەبەت. غەفوور قادری(بڕوا)

خەیاڵت ئەم ئێوارەیەش
ماڵی دڵی تێک تەنیوم
وەکوو زولفی سیاپۆشت
ڕووناکایی لێ دزیوم
هەتاکوو کەی چاوەڕوان بێت
ئەو دڵەی خۆشی نەدیوم
دەوەرەو وەکوو ڕۆژی ڕوون
بەیانیەک بۆمن هەڵێ
با ئێواران لەجیات خەیاڵ
ماچە کا لێوی تەزیوم

❋❋

ئەی یار
شنەی هەستت ، لە دوورەوە
لە نێوچاوانی ڕۆح ئەدا
بە ون بوویی وا بەسامی!
گەر بتبینم
بێ شک گەردەلوولی چاوت
ئاور لە جەرگم بەردەدا!

## لێرە نان لە گرەوی ژیانە!!



نادر مستەفازادە ـ ڕەحیمخان

بابە دۆینێشەو بوو ، گەرلە باوەشت گرتم و کووتت: بەیانی کاتێ هاتمەوە جل و بەرگ و پێڵاوت بۆ دەکرم، زۆر بە شادی خەوتم، و بەیانی کە هەستام و ڕۆیشتمە قوتابخانە لەوێ بۆ هاواڵەکانم باس کرد.
بەڵام کە هاتمەوە لە وەختی گەڕانەوەت لای دابوو، لە ناو حەوشە دەهاتم و دەچووم، هەر نەهاتیەوە، زەنگم بۆ لێدای هیچ هەواڵێ نەبوو، هیوا براو چاوم بڕێ کۆڵانەکەی وا جاران ، پێیدا دەهاتیەوە و گەر ئاگام لێ با بە هەڵاتن دەهاتم خۆم لە باوەشت داویشت،هێشتا هەستم بە گەرمی ئەو کاتانە، لە سەر لەشم دەکرد ، دەنگت لە بن گوێم دەزرینگاوە ، لە دڵ خۆم دا دەمکوت:ڕەنگە چووبێ بۆ نێو شار و جل و بەرگم بۆ بێنێ جاری واش بوو دەمکوت : بریا داوای جل و بەرگم لێ نەکردبایە،هەزاران بیر بەمێشکم دا دەهات تا لە ناکاو تەلەیفوونی ماڵێ زەنگی خوارد و هەواڵی بریندار بوونی تۆیان پێدابن، ئیتر گشت لزگەی خەیاڵەکانم لە بەر یەک هەڵوەشا و پچران و وەکوو شێتان دەهاتم و دەچووم، دەگریام و فرمێسکم دەڕشت، تا دەنگی ئامبووڵانسێ هات،هەر لەو کۆڵانە دابوو کە بەرەوپیرت دەهاتم، بەڵام ئاخ هاتنەوەی ئەو جارەت چەند دڵتەزێن و جیاواز بوو، لە جێی باوەشی گەرم، دیتم چەند نەفەر لە دراوسێ و خزم و کەس جەنازەی سارد و بێ گیانتیان، هێنا حەوشە ، ئاخ بابە گەر زانیبام کڕینی جل و بەرگ ئەوەندە گرانە و لە پێناوی دەبێ گیان بدەی، هیچکات نەمدەویست و بە ڕووتی دەگەڕام، ئاخر نازانم چۆن دڵیان هات گوللە بدەن لە جەستەی تۆ، ئەدی گوللە چۆنی دڵ هات دڵی پڕ هیوای تۆ ببڕێ، و باڵت بشکێنێ کە وەک کۆترێ باڵت بە سەر بنە ماڵەکەت دا لێ دەدا ، تەنیا مەبەستت پەیدا کردنی پارووێ نان و بەس،چۆن نەیانزانی لە ماڵەوە، چەند کەسی، برسی و ڕەش و ڕووت چاوەڕوانی گەڕانەوەتن کە بە بوونت دەژین و بە نەبوونت نامێنن، ئاخر سنووری کام وڵات داگیر کردبوو، بۆکام ئامانج وا جەستەی پیرۆزت دابێژ ، دابێژ کرا؟ ئامانجت چ بوو جگە لە پەیدا کردنی نان؟ ئایا لێرە نان پەیدا کردن تاوانە؟ بابە گەر وابوو ، نانمان نەدەخوارد، تا لە ماڵێ هەموومان بە یەکەوە مردبایەن، لانی کەم لە باوەشی گەرمت دا بەیەکەوە دەمردین، ئاخر بۆچی، و تاکەی لە وڵاتی خۆمان دەبێ ژیان دانێین لەگرەوی پارووێ نان،ئاخ بابەگیان لە وڵاتی ئێمە نرخی نان چەنە گرانە، چەندگران، لەتێکی لە پێناو ژیانە، ژیان.

هەر ئەمری تۆ مەدارە بۆ کار و باری عالەم

## بژی ئاشتی، بمرێ جەنگ



ساحێب. دەریا ئازەرپوور

زامی دڵ
تیشکی خۆر ....
جریوەی باڵندەکان ....
قاسپەقاسپی کەوەکان ....
خورەی ئاو ....
و...
هەموویان مۆسیقاییکیان لە دارستانە جوانەکانی کوردستاندا
دروست کردبوو، کە هیوای دوارۆژێکی گەشاوە بوون .
دەنگی دایە و ژوانیش لەگەڵ هەموو ئەو دەنگە خۆشانە تێکەڵ ببوون
بۆ منێک کە چەندەها مانگ بوو لە گوند دوور بووم، وەک کوردی دۆ نەدیو بووم، هێندە بە تاسە گوێبیستی دەنگەکان و سەیری دیمەنەکانم دەکرد، دەتگووت یەکەم جارە دەیان بینم
هەر کات لەو شتانەم دەڕوانی دەستم بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە دەمگووت: بێئەنداز خۆشمەوێی خوای گیان، سپاس بۆ هە موو ئەو شتانەی پێت داویین
ڕۆشتمە لای دایە و ژوان
ژوان کچە مامم بوو
لە مێژ بوو یەکترینمان خۆشدەوست بە تەما بووم، ببێ بە بووکی ماڵم، کچێکی ناسک و جوان و لەبەردڵان، زۆر دەترسام کە من لە ئاوایی نیم ماڵە مامم بیدەن بە شوو
بەڵام پێموابێت ئەوانیش زانیبوویان
من و ژوان یەکترینمان خۆشدەویست، چاوەڕوانی ئەوە بوون من زانکۆم تەواو بێت و بچمە خوازبێنی ژوان
ژیانێکی بچووک و پڕ لە خۆشیمان هەبوو، دایە هێندەی منی خۆشدەویست کە هەمووکات دەنگی بۆڵە بۆڵی کاکم و خوشکە کانم بەرز دەبوویەوە، بەڵام دایک بوو و گوێی بەو شتانە نەدەدا و حاشای لێدەکرد، بە جۆرێک وای لێهاتبوو کە ئەوانیش پێی ڕاهاتبوون کە هەر چێک بڵێن و هەر چێک بکەن دایە
هیچ گۆڕانکارییک لە خۆیدا دروست ناکات .
دوو حەوتە کاتم بوو، لەگەڵ بنەماڵەدا بم و دەبوو بچوومایەوە زانکۆی سلێمانی لە وێ ئە ندازیاریم دەخوێند و دەمویست بە هەموو ئاوات و ئامانجەکانی ژیانم بگەم
ئاخ کە خەیاڵ زۆر دوور لە ڕاستیە!
شتێک مێشکی ئالۆزاند بووم، لە وەتەی ژوانم لە سەر کانی لەگەڵ ئەو کوڕەی ماڵ کاک ساڵە بینیبوو
شڵەژا بووم، دەمزانی ژوان منی خۆشمەوێ بەڵام نەدەبوو ئیتر سەبر بکەم لە ئەمڕۆ و شەوەکیا بوو
کە مامم ژوان بداتە شوو بۆیە گەر دەمویست دەبوو لەم دوو حەوتایا چبوومایێتە خوازبینی.
بڕیاری خۆمم دابوو، شەو لەگەڵ بنەماڵە قسەم کرد و هەموو پێشوازیان لێ کرد
باوکم وتی سبەی شەو دەچینە خوازبێنی ژوان.
سبەی شەو هات بەڵام چ هاتنێک....
تا هات خۆ قیر سپی بوو
ئاخ دەردی چاوەڕوانی چەن ناخۆشە
ئەو هەموو ماوە چاوەڕوان بووم
بەڵام چاوەڕوانی ئەو شەوە هەتا بەیانیم لەگەڵ هەموو چاوەڕوانیەکان جیاواز بوو....
ئایئای هەرچی لە هەستی ئەو شەوە بڵێم کەمم وتوە، ژوان بە جلێکی سووری کوردی شازی خۆی ڕازاندبوویە وە، باشە یانی نەیدەزانی نەدەبوو وابکات لەو دڵە بێچارەی من
هیچم بیر نیە لە هەست و سۆزی ئەو ڕۆژانە بەس تا چاوم کردەوە ژوان بوو بە دەزگیرانم
وام هەست دەکرد من بەختەوەرترین کەسی ئەم جیهانەم
بڕیار وابوو تا پاییز نەیگوێزمەوە
هەم تا ئەو کات زانکۆی من تەواو دەبوو هەم خەڵە و خەرمانیش تەواو دەبوو و پووڵێک دەسی دەگردین
دوو حەوتە تێپەڕ بوو من چوومەوە بۆ زانکۆ، بەڵام ئەڵێی شتێکم لە گوند جێهێشت بێت مەنگ بووم.

کاتەکان تێئەپەڕین،  بەڵام شەڕ و ئاڵۆزی کەوتبوویە وڵات هەر ڕۆژێکەو شوێنێکیان خاپوور دەکردن
زانکۆکان داخران، بەڵام نەماندەتوانی وەگەڕێینەوە لای بنەماڵەکانمان.
چەکمان دایە دەست و ئێمەش تێکەڵی شەڕ و ئاڵۆزی بووین
کات تێدەپەڕی و ئالووگۆڕێک بوونی نەبوو، ئاژاوە هەموو شوێنەکانی تەنی بوو، تا هەواڵ گە شت کە هێندێک لە شوێنە کانی کوردستان کیمیاباران کراوە، گوندی مەشی تیابوو، چی بڵێم لە هەستی بیستنی ئەو هەواڵە چی بڵێم لە بیرکردنەوەی ماڵ وێرانی ئەو کاتەم
بەڵام دەبوو ڕاوەستێم و بەچاوی خۆم ببینم تا بڕوام کردبا
بە شەوەزەنگێکی بێکەسی لەگەڵ ئادار برادەرێکی زانکۆییم کە چەن جاریش ماڵی ئێمە هاتبوو بەرەو گوند بەڕێ کەوتین
هەر لە سەرەتاوە خاپووری و لەناوچوون هاواری دەکرد
هێدیهێدی هەنگاوم دەنا
ئەمویست یەکێک بمگرێت و نەهێڵە زۆرتر بڕۆم و بینەری ڕووخانی گوند و لەناوچوونی بنەماڵەکان بم
تاک بە تاک بینەری تەرمی خۆشەویستانم بووم، هەموویان
بێئەوەی یەکیان دەرچێت
بەڵام نا ، ئەڵێی تەرمی ژوان لێرەدا نەبوو، ئومێد دڵی گرتم گەڕام لە دووی و لە کۆتاییدا لە جێژوانی یەکەمان بینیومەوە
ژوان هەرچیم بانگ کرد جوابی نەدامەوە هەرچی بە سەریدا قیراندم، هیچ جوابێک نەبوو

هیچ....
لە دەسیدا نامەیێک  بوو و ئەو سێوە مێخەک ڕێژەی کە لە یەکەمین ڕۆژی بوون بە دەزگیرانم پێمدابوو
دەقی نامەکەش ئەمە بوو:
دیاکۆ،  کوڕە مامی خۆشەویستم
زۆر چاوەڕوانی بینینتم کرد بەڵام پێموانە بێت تە مە ن مە ودای ئە وە بدات ژیانی  خۆشە ویستیمان  بونیاد  بنێین،  لێم  ببوورە ئازیزەکەم
"خۆشمئەوێی،  ژوان"
........
"هەی داد لە دەردی دابڕان
هەی ڕۆ لە ڕۆ ڕۆی بێکەسی"
شەڕ تەواو بوو،  هێمنی کەوتە وڵات
بەڵام هیچکات هیچ شتێک نەگەڕایەوە جێگەی خۆی
"ئاوی ڕژاوە قەت کۆ نابێتەوە"
بەڵام ژیان بەردەوامە ...



بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی








## گەرمەشین

(بۆ هەشتەمین ساڵیادی
کۆچی دوایی باوکم)

بۆکان. ناتق مەجیدی (سۆران)

پۆلی یەکی سەرەتایی
لە دڵما دەگەڕا شایی
فەرموت شوکری خودای باری
ڕۆڵەم بەربوتە خوێندکاری
وردە وردە زانیم تۆ کێی
کوردستانم خۆشی دەوێی
زانیم یادگاری کۆماری
تیکانی چاوی زۆرداری
چقڵی چاوی مۆتەی شەوی
داڵدەی خێڵی خاسەکەوی
باوکی فەقیر و هەژاری
ئەلحەق یاوەری سەرداری
دین و کوردایەتیت لا بوو
ماڵی دنیات لە لا با بوو
تۆ خوا لێم گەڕێ خوێن بگریم
بۆ ژان و ئازاری کە دیم
چۆنت دڵ هات ماڵ و خێزان
یا ئەمنی "سۆران"ی بێلان
بە جێ بێڵی و لێرە بڕۆی
دەس لە گشت دنیایە بشۆی
لە بیرم دێ کاتی لاو بووم
کاتی تازە خاوەن ناو بووم
دەتفەرموو ناتیق یا سۆران
یان پێت دەکوتم ڕۆڵەی دەوران
کوردی خوێندن، کوردی نووسین
لام گەورە بوون وێنەی ئایین
کوردیپۆشیش دوایی فێر بووم
لە جلکی بێگانەی تێر بووم
وردە وردە گەورە دەبووم
هەرچی بۆ لای سەرتر دەچووم
دەمزانی تۆ ڕۆڵەی گەلی
خۆری دەرکەوتوو لە کەلی
دوای ناوەندی تا کۆتاییم
تا زانکۆ تا کاتی شاییم
نەمدی جارێک بمگرێنی
بە هیچ چەشنێ بمڕەنجێنی
من و تۆیی نەبوو لە ماڵ
قەت نەبوو گیرفانمان بەتاڵ
ماڵت کردە وێنەی پەردیس
نەیار لە حاندت هەر دەم سیس
کێ دەیتوانی (تۆ)م پێ بڵێ
لە خزم و ئاواڵ و هاوسێ
هەزار وتەی نەوتراوم
لایە ئەمما ئەشکی چاوم
کە دەینووسم دەچێتە سەری
دەیبا بەرەو دەربەدەری
ژیان تا ئەو کاتە خۆش بوو
کە بێتۆیی لە تۆ بۆش بوو
داخم پەڕیی خێر و خۆشی
تاڵاو و ژەهراوی نۆشی
گەلاوێژ و ئەجەل ئەو جار
مێژووی گەلیان کردە خەمبار
تۆ ڕۆیشتی چاوی چاوم
پێناسەکەی خۆم و ناوم
پشتم شکا، ئەژنۆم چەما
داڵدە و پشتیوانم نەما
لافاوی ڕۆندکی گریان
لە گەڵ گڕ و بڵێسەی ژان
منی کردە نێچیری ڕاو
شین داینا بۆ من دانە و داو
بابە ئەی تاقانە هاودەم
لە تاریکی شەوا وەک شەم
نازانم بێ تۆ چۆن بژیم
دوای تۆ وەڵڵا بیللا هیچ نیم
ئارامی لای گڵکۆی تۆیە
هاونشینم هەر ڕۆڕۆیە
دوای تۆ کێ دێ دەمڵاوێنێ
دوای نوێژ دەس بە سەرما دێنێ
کێ پێم دەڵێ وێنەی "تایی"ی
نووری دیدەی تا هەتایی
منداڵم بێ نازن بابە
هەستە تۆ خوا لە خەو ڕابە
"کاویان" دەڵێ یادی بە خێر
بابەمەلای پڕ خێر و بێر
"نیان" دەیکا سەیری وێنەت
وێنەی پڕ سامی بێوێنەت
هەر کات دەزانی من دەگریم
یان لە یادی تۆدا دەژیم
دەڵێ مەگری تۆ خوا چیدی
بابە ماوە نەگری ئیدی
بە خۆم و منداڵ و دایە
لە گەڵ ناسۆر دەکەین کایە
خۆزگە بە جێی تۆ من بایەم
بتفەرمووبا ئەمن نایەم
بە جێی ئەمن "سۆران" بەرە
ئەجەل زوو کە ڕا کە وەرە



## کوێرە ڕێ

سەقز. کامیل موحەممەد جانی

ڕێ کە بوو بە کوێرە ڕێ،ڕێی ڕابەریش هەر ڕا نیە
گشت جیهان بێتە قەفەس ، زۆری پەڕیش هەر چا نیە

باری قورس دیارە بە شانی، لاری ئەم شێتانەوە
سەر کە عەقڵی تیا نەبی،ئیدی سەریش پاشا نیە

ماڵ و سەروەت هەر هەموو، دەسکەوتی دەس ماچ کردنە
زانیار گەوج و نەزانە و خوێنەریش زانا نیە

خانەخوێ و دز گەر لەوەڕیان، ئاخوڕێ بێ پێکەوە
کۆت و پاوەن ئاوەڵایە و هیچ کەریش ڕیسوا نیە

حەق ئەگەر پێشێل کرا لەم عەسرەدا، ڕۆژی حەشر
تۆڵە و حەق ساندنی خواوەندی عەدڵیش، نا، نیە

هەرچی پێی خۆشە دڵی تەنگت بڵێ ،شاعیر بەڵام
خوێندی یاسین بە گوێی ،کوێر و کەریش ئەوسا نیە

دیار نیە دوڵبەر بە جارێ، جێ هەوار و هۆبەکەی
سەد هەزار بەیت و شوعاریش، شیعری کامیل[1]شا نیە

[1] ـ سەی کامیل ئیمامی زەنبیل ناسراو بە ئاوات١٣٦٨ـ ١٢٨٢



سەقز. کارۆمرووەتی



ناچمە سێبەری
هیچ پێکەنینێکت
ڕەنگی قوربانیێک و
ژاکاوی جەمسەرێکم
کاتژمێرەکان ئاڵۆز دەکا

# (گۆران) ئاوانگاردی شێعری کوردی





نووسینی: هادی حەبیبی. بۆکان

کورتەی وتار: هەر شێوازێک لە سەرهەڵدان و رچەشکاندنی هونەری، کە لە خۆیدا بە هونەری ئاوانگارد پێناسە دەکرێ، لە راستیدا جەسارەتێکی هزری و بوێرانەیە، کە هەڵوێست و ئەرکی هونەر لەگەڵ بایەخگەلی سەردەمی خۆیدا ئاشکرا دەکا. (گۆران) بە نوێخوازی و یاخی بوون لە شێعری نەریتی کوردی و هەروەها بە ئیلهام و روانگە و هەوڵی تازەترەوە، دێتە مەیدانی خۆتاقیکردنەوە و وەکوو شاعیرێکی ئەزموونگەرا و ئاوانگارد، دانوستان لەگەڵ شێعری نوێی کوردیدا دەکا. (عاتیفە) و (مۆسیقا) دوو رەگەزی سەرەکی شێعری گۆرانن، کە لەم وتارەدا تیشکیان خراوەتە سەر و روونکردنەوەی ئەم دوو روکنە، لە خۆیدا گەلێک لایەنی شاراوەی هونەری و فەلسەفی شێعری گۆران بۆ بەردەنگ دەخاتە روو.

چەمکە کلیدییەکان: ئاوانگارد، رۆمانتی سیسم، بۆدلێر، نیما، ئەدەبیاتی رۆژاوا، مۆسیقای شێعر، ناتۆرالیسم

سەرەتا: رەوتی نوێخوازی و سەرهەڵدانی هزریی لە رەهەندی زانستە ئینسانییەکانەوە، زەرووڕەتێکی کاتییە کە دواجار دەبێتە بنەمایەک بۆ درێژەدان و هاتنە ئارای قوتابخانەی فکریی دیکە. گووڕانی هزر لە هەر حاڵ و دۆخێکدا، دەسکەوتی دژوازیی نێوان هزرگەلی جۆراوجۆرە و سروشتییە کۆمەڵگەیەک هەتا جم و جۆڵی فکری پتر تێدا روو بدا، لە رەوتی نوێخوازی و هەڵکشان بەرەو ئەزموونگەلی نوێتردا، زۆرترین بەهرە بۆ خۆی وەردەگرێ. ئاوانگارد (avant_garde) کە زاراوە یان دەستەواژەیەکی فەرەنسییە، لە قۆناغی هەوەڵدا دەسکەوتی ئاشکرای دژوازیی نێوان هزرگەلی بەر لە خۆیەتی و بە کردەیەکی رچەشکێنانە دەکوترێ، کە وەک دەسپێکێک لە شێوازی مۆدێرنی جیهانی ئەزموون نەکراوی شێعر و نووسین، حیسابی بۆ دەکرێ. ئەو شێوازە مۆدێرنە گەلێک لایەنی بیچم و سەنعەتگەلی وێژەیی لە خۆ دەگرێ، کە پێشتر ئەزموون نەکراوە و شاعیری ئاوانگارد بۆ هەوەڵ جار، بە هزرێکی کارامە و بە داهێنانێکی نوێوە خەریکی تاقیکردنەوە بووە و ئەزموونی کردوون. (داد، ١٣٨٢: ٣٣٩).
شێعری شێوە پەخشان کە نموونەیەکی بەرچاو و ئاشکرا لە بەرهەمی تاقمێک لە گەورە شاعیرانی سەدەی بیستەمی ئەورووپایە، لە سەرەتادا بەرپەرچدانەوەیەک بوو بۆ دەرباز کردنی بیرۆکە و هەستی شاعیر، لە سیستەمی دووپاتە کراو و دەکرێ بڵێم چەشنێک نەریتی ئەدەبیاتی رۆژاوا، کە ئەم بزاڤە بە تایبەت لە فەرانسە و لە نێوان ئەزموونگەلی شێعریی شاعیرانی ئەو ولاتەوە پەرەی ساند و بە دوای ئەویشدا کاریگەری زۆر بەرچاوی لە سەر رەوتی گشتیی ئەدەبیاتی رۆژاوا دانا. (شفیعی کدکنی، ١٣٨: ٢٤٣). ئەوەی کە بە تایبەت لێرەدا گرنگە و جەختی لە سەر دەکرێ، ئەوەیە کە سەرچاوەی سروشتیی ئەم شێوە شێعرە، رەنگدانەوەی هەمان هەڵسوکەوتی بەرەی نوێی شاعیران لەگەڵ نموونەگەلی سەرکەوتووی وەرگێرانی ئەو شێوازە شێعرەیە کە پارادایمی هەرە بەرچاوی، بۆ بەرهەمە شێعرییەکانی بۆدلێر دەگەرێتەوە. کەوابوو هەر چەشنە یاخی بوونێک سەبارەت بە خۆ دەرباز کردن لە نەریت و بایەخگەلی ئەدەبی رابردوو، دەتوانێ پێناسەیەک بێ بۆ ئاوانگارد و لە هەقیقەتدا ئەزموونی شاعیرانەی نیزیک بە سی ساڵی ئەحمەدی شاملوو، کە لە ١٣٤٠ بەولاوە بە چەشنێکی بەرچاو خۆی پێشان دەدا و بەردەوام هەڵدەکشێ، دەکرێ نموونەی بە هێز و ئاشکرای هەمان شێعری شێوە پەخشان لە ئەدەبی هاوچەرخی فارسی بێ. هەرچەند دیارە ئەم شێوازە شێعرییە، لە قۆناغی (نیمایی) بەر لە خۆی ترازاوە و پێگەی نیما وەکوو ئاوانگاردی شێعری نیمایی راستییەکی حاشاهەڵنەگرە. نیما یووشیج لە ساڵی ١٣١٨دا بە بلاوکردنەوەی شێعری (غراب) لە گۆڤاری مۆسیقادا، هەوەڵ ئەزموونی شێعری نوێی فارسی بە دەستەوە دەدا و رێچکەی ئەم بزاڤە پێشکەوتووە، بۆ بەرەی شاعیرانی دوای خۆی دەشکێنێ. (شفیعی کدکنی، ١٣٨٠: ١٠٨). شێعری هاوچەرخی کوردی لە مەودای گەرمەی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیدا، بە کەسایەتی وەکوو گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢) و نووری شێخ ساڵح (١٨٩٨-١٩٥٨)-ەوە سەر هەڵدەدا و بە تایبەت گۆران ئاوانگاردی حاشاهەڵنەگری شێعر و هۆنراوەی کوردی، بە هەڵسوکەوت لەگەڵ نموونەگەلی سەرکەوتووی وەرگێرانی شێعری عەرەبی و تورکی و فارسی و هەروەها زانیاری لەگەڵ رۆمانتی سیسمی ئەدەبیاتی تورکی و ئینگلیزیدا، رچەی ئاڵ و گۆڕ و نوێکردنەوەی شێعری کوردی لە باشووری کوردستاندا دەشکێنێ.

١ـ عاتیفە لە شێعری گۆراندا:

یەکێک لەو رەگەزە بەرچاوانەی کە بە گشتی دەکرێ چوارچێوەی شێعری (گۆران)ی لە سەر ساغ بێتەوە، بوونی عاتیفە و بە واتایەکی دیکە سۆز و سکالای دەروونییە، کە بە سەرجەمی بابەتە شێعرییەکانی ئەو شاعیرە نوێخوازەدا خۆیایە. شێعرێکی سەرکەتوو هەموو کات خاوەنی سێ رەگەزی (عاتیفە) و (خەیاڵ) و (زمان)ـ ە کە خودی کەرەسەی زمان، رادەی بەرفراوانیی واژە و هەروەها شێوازی رێزمان و مۆسیقای شێعرەکە بە دەستەوە دەدا. لە نێوان ئەم سێ رەگەزەدا بابەتی (عاتیفە) گرنگترین ئاقاری هونەریی شێعرە، کە بابەتەکانی دیکە دەخاتە پەراوێزەوە. (شفیعی کدکنی ١٣٨٠: ١٠٣). مامۆستا گۆران لە رەهەندی شێعر و ئەدەبی خۆیدا و بە گشتی لە روانگەی دیالەکتیکی خۆی بەرانبەر بە ژیانی مرۆڤی کورددا، رەگەزی عاتیفە بە جەخت کردنێکی هونەریانەوە بەرجەستە دەکاتەوە. هۆی ئەو بەرجەستە کردنەوە و بەردەوام بوونەش ئەوەیە کە گۆران نەک هەر لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی کورد دانەبڕاوە، بەڵکوو زۆریشی لێ نزیک بۆتەوە. تەنانەت لە هەڵبژاردنی شێوازی زمانی شێعریشدا، شاعیر گەلێک جار روو دێنێتە راوێژی ئاسایی و رەسەنی خەڵکی کورد و بەرەو کێشی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و شێعری برگەیی، هەنگاوی زۆر جیددی و مەبەستدار هەڵدێنێتەوە. جۆری روانگە لە گۆراندا، روانگەیەکی جیاواز و مۆدێرنە بەرانبەر بە بابەتی ژیان و هەستی و هەر ئەو جۆرە روانینەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بەردەنگ، مۆسیقایەکی فرەلایەن و جۆراوجۆر لە کەلامی شاعیری وەبەر گوێ بکەوێ. گۆران سەرەتا زمانی شێعریی قوتابخانەی بابان ئەزموون دەکات و ئەو ئەزموونەش بە دامرکان لە سەر بەرهەمی شاعیرانی وەکوو بێسارانی و مەولەوی کورد کۆتایی پێدێ. (مرادی، ١٣٨٠: ٣٢). تەنانەت روانگەی سروشتیی شاعیریش، هەر لە روانگەی عاتیفییەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێشتر ئاماژەی پێکرا و جەخت لە سەر ئەو راستییە کرا، کە ئائەم رەگەزە کە ناوی عاتیفەیە، هەموو بابەتە شێعرییەکانی شاعیر بە راشکاوی دەگرێتەوە. گۆران بە بێ ئەوەی بوونی خۆی بە سەر ناتۆرالیسمدا بسەپێنێ، شاعیرێکی سروشتخوازە کە بە شێوازی فەیلەسووفێکی ئەزموونگەرا، لەگەڵ رەگەزە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی لە داوێنی ئاربەبا

سروشتییەکانی کوردستاندا تێکەڵ دەبێتەوە. سروشت خوازیی گۆران بێجگە لەوەی لە سەر بنەمایەکی عاتیفی ساغ بۆتەوە، لە درێژەی خۆیدا دەسکەوتی ڕوانینێکی ڕاستەوخۆ و تەجرەبەیەکی ئەکتیڤ و تاقیکارانەیە. سروشت بە لای شاعیرەوە، گەڕانەوە بەرەو ئێگزستانسیالیزمە. لە شێعری گۆراندا هونەریترین وەسفەکان، وەسفی سروشتین. سروشت لە ڕوانگەی شاعیردا ڕاستییەکی هەرمانە، کە تەنانەت زۆرجار بایەخگەلی مرۆڤانە لە خۆ دەگرێت و لە لایەن شاعیرەوە و بە بانگەوازێکی هونەری و ئینسانییەوە، بابەتی (یەکگرتنەوەی مرۆڤی کورد لەگەڵ سروشت) تێیدا ڕەنگ دەداتەوە. گۆران بەو ئیماژ و وێنە و شوبهاندن و بایەخگەلە سروشتییانەی کە دووپاتیان دەکاتەوە، مرۆڤی کۆمەڵگەی خۆی بەرەو جوانناسی و یەکگرتوویی و وشیاریی بە کۆمەڵ هان دەدا. کۆمەڵە شێعری (بەهەشتی دڵ)، کوردستان، ئاخ هەزار ئاخ، لە بەندیخانە، زەنگی پەستی، لە بنی بیرا و ... لەو نموونانەن کە وێڕای ئەوەی خاوەنی ئەو تایبەتمەندییەن، لەگەڵ ئەوەشدا بە گێڕانەوەیەکی نوێوە، سەلمێنەری پێوەندیی ڕاستەوخۆی شاعیر لەگەڵ سروشتی کوردستانن. گۆران بێجگە لە بابەتی سروشت، لەگەڵ دیاردەی ژن، ئازادی، نیشتمان و بابەتگەلی نەتەوەیی و مرۆڤانەشدا هەر بە تەواوی، بە شێوازێکی عاتیفی هەڵوێست دەگرێ و لەگەڵیاندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ئەگەر شێعری گۆران هەم بە فۆرم و هەم بە نیوەڕۆک، لەگەڵ ڕاوێژی بەر لە خۆیدا جیاوازی هەیە، هۆی ئەوەیە کە شاعیر لە بنەڕەتدا خاوەنی هزرێکی نوێیە و ڕەگەزی عاتیفە، بە سەر گشتییەتی کەلامەکەشیدا زاڵە. شاعیر لە شێعری بەستەی نەبەز (گۆران، ١٣٩٠: ٢٢٧)دا بە سۆزێکی تەواو ئاشکراوە، بەرپەرچی زۆرداری دەداتەوە و بە دەسپێک و پێناسەی (من ئەو دیلەم لە زیندانی تاریکا) لە کەسایەتی خۆی - وەک نوێنەرێک لە کەسایەتی نەتەوەکەی- بیری خۆی بە هەتاو دەشوبهێنێ کە ڕێگای ڕزگاری بۆ ڕووناک دەکاتەوە. هەمدیسان هەمان ئەزموون، ئەوجار لەمەڕ دیاردەی (ژن)دا و بە تاریف کردن لە کچی کورد لە شێعری بەستەی دڵدار (گۆران، ١٣٩٠: ٣٧)دا دووپات دەبێتەوە. شاعیر لە ئاکامی ئەو شێعرەدا بە چەشنێکی هونەری، پێوەندییەکی بە سۆز لە نێوان (کچی کورد) و (ئاوەدانیی کوردستان)دا ساز دەکا:

وەک سەرەڕۆی شوێن ئامانج
نە زازا ما نە کرمانج
گەڕام کوردستان
گەرمیان و کوێستان
نە لە شار و نە لە دێ
نەمدی کەس وەک تۆ جوان بێ
تۆیت و بەس
کچە کوردێک وەک گوڵ وابێ
کوردستانی پێ ئاوا بێ

ئەم پێداهەڵکوتنە لە ڕاستیدا چەند خاڵی گرنگ لە خۆ دەگرێ. هەوەڵ ئەوەی کە لایەنی (مشبەبە) لەم کۆپلە شێعرەدا، ڕەگەزێکی ڕازاوەی سروشت واتا گوڵە، کە لای شاعیر لایەنی (مشبە) واتا (کچی کورد)ی پێ شوبهێندراوە. خاڵی لەوەش گرنگتر هەمان فەلسەفەی ئەو شوبهاندنەیە، کە ئاوەدان کردنەوەی کوردستانە. گوڵ هۆی ڕازاندنەوەی سروشتە و شاعیر کچی کورد بە گوڵێک دەبینێ، کە ولاتەکەی ئاوەدان دەکاتەوە. (ئاوەدان کردنەوە) وەجهی شەبەهی کەلامی شاعیر نییە، بەڵکوو فەلسەفەیەکی قووڵ و فرەڕەهەندە، کە دوو لایەنی کچی کورد (وەک نوێنەری نیشتمان) و گوڵ (وەک نوێنەری سروشت) بە یەکەوە گرێ دەداتەوە. لەمەڕ دیاردەی (ئازادی) و سکالا لە دەست دیلیشدا، شێعری بۆ بولبول (گۆران، ١٣٩٠: ٩٠) هەڵسەنگاندنێکی سەمبولیکە، کە ئەقلانییەتێکی بە سۆزی پێوە دیارە. ئەم شێعرە هاوکات بە شێوازێکی هونەری لە سەر سێ بابەتی (ئازادی) و (فەلسەفەی چییەتی مرۆڤ) و (ڕوانگەیەکی پێشکەوتوو) دەسووڕێتەوە، کە هەمدیسان بە تێگرایی لە لایەن ڕەگەزی عاتیفەوە پشتگیری لێ دەکرێ. گۆران لە شێعری (بۆ بولبول) و هەروەها لە شێعری وەکوو (بت، بتەوان)، (شۆڕشگێڕ)، (ساوای ئاشتیخواز) و ...دا خاوەنی چاوێکی ڕووناک و ڕوانگەیەکی ئازاد و پێشکەوتووە، کە ئەنجامی خەباتەکەی (کۆنەڕووخێنی بنیاتی تازە دانەر)-ە. لە یەک ڕستەدا دەتوانم بڵێم شێعری گۆران، شێعری عاتیفەیە. خۆی دادانی پێدا دێنێ کە (شێعری من کامیان چا بێ/ ئەمجا بێ فرمێسک نابێ). ئەوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە شاعیر هەڵوێستێکی بە سۆزانەی بەرانبەر بە بایەخگەل و دیاردەکانی کۆمەڵگەی کوردی هەیە. بە واتایەکی دیکە ڕەگەزی عاتیفە لە هۆنراوەی گۆراندا، ڕەگەزێکی سەرەکییە. ڕاستە کە باقی زەرووڕەتە شێعرییەکانی دیکەی وەکوو سەنعەتگەلی ئەدەبی، مۆسیقا، خەیاڵ و بە تایبەت هونەری زمان بە هەموو هێزی خۆیانەوە بوونیان هەیە، بەلام ئەوەی کە ڕۆڵێکی تەوەرەیی دەگێڕێ، هەمان ڕەگەزی عاتیفەیە کە زەرووڕەتەکانی دیکەی لە دەوری خۆی کۆ کردۆتەوە.

٢ـ هونەری مۆسیقا:

ڕەگەزی مۆسیقا یان کێشی شێعر، هەموو کات پێوەندییەکی نەبڕاوە و نزیکی لەگەڵ خودی شێعردا هەبووە. بە تایبەت ئەوەی کە لایەنی هاوئاهەنگی لە پەیڤدا، بۆتە هۆی ئەوەی کە خودی کەلام لە قوناغی هەوەڵدا، بە شێوازێکی ساکار لە لایەن کۆمەڵی بەردەنگەوە وەربگیرێ. زۆربەی کتێبی دینی و هەروەها گاتەکان وەک بەشێک لە ئاوێستا و دەقی وەک پەڕتووکە کۆن و ئایینی هیندووەکان، لە ڕاستیدا خاوەنی هاوئاهەنگی نێوان مۆسیقا و کەلامن. (فلکی، ١٣٨٠: ١٥). ئەوە لە حاڵێکدایە کە بێ گومان هونەری مۆسیقا لە هەر زمانێکدا و هەرکامەی بە پێی چییەتی ئەو زمانە کە هەیەتی، خاوەنی پێناسە و جۆری تایبەت بە خۆیەتی. بۆ نموونە کێش و مۆسیقا لە شێعری ئینگلیزی، ئاڵمانی، سوئێدی و ... دا بە پێی برگە (accent)ی واژەکانە و بە پێچەوانە لە شێعری فەرەنسی، ئیتالی، ئیسپانی و ...دا بە پێی برگەی میسرەعەکانە. (فلکی، ١٣٨٠: ١٧). لە شێعری فارسیدا تا بەر لە ئایینی ئیسلام کێشی شێعر، برگەیی بووە و دوای مسۆگەر بوونی فەرهەنگ و ئایینی عەرەبی و ئیسلامی بە سەر ئێراندا، سیستەمی شێعری عەرووزی جێی شێعری برگەیی گرتۆتەوە. ئەدەبیات و شێعری کوردیش بە پێی جوگرافی ناوچەیی و ڕامیاری خۆیەوە، بەدەر لەم ڕێسایە نییە و لایەنی مۆسیقا لە شێعر و هۆنراوەی گۆراندا، بە تایبەت لەو بوارەوە کە کەسایەتییەکی ئاوانگاردە، خاوەنی گرنگایەتییەکی زۆرترە. لە خۆرا نییە گۆران لە ماوەی تەمەنی ئەدەبی خۆیدا و لە هەوڵی تازە کردنەوەی شێعری کوردیدا، بە کردەوە لە سیستەمی عەرووزی شێعری بابان دادەبڕێت و لە زۆر شوێندا بەرەو کێشی ڕەسەن و خۆماڵی برگەیی هەنگاوی جیددیتر هەڵدێنێتەوە.

٣-گۆران و مۆسیقای واژە:

شێعر وێڕای ئەوەی دەکرێ بە هونەرێکی ئازاد لە هەر جۆرە بەربەستێکی کێش و سەروایی پێناسە بکرێ، لە هەمان حاڵیشدا نکوولی لەوە ناکرێ کە شێعر لە سرشتی خۆیدا، چەشنێک ڕووبەڕوو بوونەوەی داهێنەرانەی عاتیفە لەگەڵ جیهانی هەستی دایە. مەبەست لە مۆسیقای واژە، هەمان (ڕیتم) یان بە وتەی خودی مامۆستا گۆران (ترپە)یە، کە وەکوو مۆسیقایەکی حاشا هەڵنەگر لەگەڵ خودی شێعردا دروست دەبێ. بە واتایەکی دیکە ڕیتم لە ناخی شێعرەکەوە لە دایک دەبێ و لە دایک بوونەکەشی، بە گوێرەی باری دەروونیی شاعیرەکە و شێوەی هەڵچنینی پیت و واژە و ڕستەوە لە دایک دەبێ. (حەبیبی، ١٣٩٥: ٢٧٦). مامۆستا گۆران بە بێ فەلسەفە، واژە هەڵنابژێرێ و هەمووکات تێدەکۆشێ وشە یان دەستەواژەیەک لە شێعرەکەیدا بێنێ، کە هونەریتر بێ و بواری مۆسیقایی زیاتری تێدا بەرچاو بێ. گرنگتر لەوەش ئەوەیە کە گۆران لەگەڵ واژەدا ژیان دەباتە سەر و شێوازی تەرکیب و چنینی واژە لە لایەن ئەو شاعیرەوە، وەهایە کە نیزامێکی مۆسیقایی تۆکمە لە ناو دەقی شێعردا بە دەستەوە دەدا. بوونی ئەو نیزامە مۆسیقاییە بەرچاوە لە شێعری شاعیردا، دەسکەوت و لە ڕاستیدا سەلمێنەری ئەم هەوڵەیە کە ڕیزکردنی واژە، بە فەلسەفە و بە وشیارییەکی وێژەییەوە پێک هاتووە. سەرجەمی واژە شێعرییەکانی شاعیر وەکوو ڕووبارێک وان، کە لە ئاکامدا بەرەو دەریایەک لە مۆسیقا دەچن و کەلامێکی کێشدار بە هارموونییەکی تایبەتەوە دەخولقێنن. ئەم ئەزموونە ڕێک لە شێعری شاعیرانی ئاوانگاردی وەکوو (بەدر شاکر سەییاب) و (نیما)دا بەر چاو دەکەوێ. بەدر شاکر سەییاب لەگەڵ نازک مەلایکە (ژنە شاعیری نوێخوازی عێراق)یدا، دوو ئاوانگاردی شێعری نوێی عەرەبین، کە لە بەرهەمە شێعرییەکانی خۆیاندا و تایبەت ئەو کاتەی کە لە شێعری نەریتی یاغی دەبن و (شعر الحر) یان شێعری ئازاد ئەزموون دەکەن، بە یەکجاری لە تایبەتمەندییەکانی شێعری ڕابردوو دانابڕێن و لە دوو چەمکی کێش و مۆسیقای شێعردا، بە شێوازێکی بەرچاو جۆرە هارمونییەکی ئەدەبی و مۆسیقایی لە کەلامدا دەخولقێنن. لە شێعری نوێی عەرەبیدا بەحرە عەرووزییەکان هەر هەمانن، کە بەردەنگ لە شێعرێکی تەواو عەرووزیدا تووشیان دێ. بەو جیاوازییە کە شاعیری ئاوانگارد لە دەقی شێعری خۆیدا، هیچ زەروورەتێک نابینێ کە نیزامێکی مۆسیقایی-عەرووزی دیاریکراو پەیرەو بکا. بەڵکوو کەم و زۆریی کەرتە عەروزییەکان، بە پێی کورت و درێژ بوونی کەلامی شاعیر دەگۆڕدرێن. شاعیری ئاوانگاردی عەرەب لە ئەفراندنی شێعری ئازادی جیاوازدا، نەک هەر لە ڕەگەزی وەکوو عاتیفە، خەیاڵ، تەکنیکی هونەریی زمان و سەنعەتگەلی ئەدەبی دانەبڕاوە، بەڵکوو نیزامی مۆسیقایی شێعریشی بە یەکجاری نەخستۆتە پەراوێزەوە و بگرە بە پێی گونجان و ڕادەی توانایی شێعرەکە، هاوسەنگییەکی لەگەڵ مۆسیقاکەشیدا ساز کردووە. ئەم هەوڵە ئاشکرایە وەک ئاماژەم پێکرد، ڕێک لە شێعری نوێی فارسیدا و بە کەسایەتی وەکوو (نیما)ـ وە سەر هەڵدەدا و مسۆگەر دەبێ. نیما لە قۆناغێکی هەستیاردا جەخت لە سەر ئەو ڕاستییە دەکا، کە شاعیری نوێخواز لە هەنگاوی هەوەڵدا پێویستە شێوازی کاری خۆی بگۆڕێ. (طاهباز، ١٣٧٦: ١٣٩) واتا پێویستە ئەدەبیات لە هەموو بوارێکەوە ئاڵ و گۆڕی بە سەردا بێ. ئەم شاعیرە نوێخوازە کە نیمایە، بە هۆی زانیاریی لەگەڵ زمانی فەڕەنسی و ڕووسی و عەرەبیدا، لەگەڵ ئەدەبی جیهانی و ئاڵ و گۆڕەکانیدا پێوەندی ساز دەکات و بە وتەی (جەلالی ئالی ئەحمەد) و (مێهدی ئەخەوان سالس) بە گشتی کاریگەریی ئەدەبی فەڕەنسی و بە تایبەت مالارمە شاعیری سەمبولیستی فەڕەنسی، بە سەر گشتییەتی شێعرەکانییەوە دیارە. (طاهباز، ١٣٧٦: ١٤٤). هەوڵی نیما بە ڕاشکاوی لە سەر بە کار هێنانی جۆرە کێشێکی مۆسیقایی و تایبەتەوە ساغ دەبێتەوە، کە ئەویش لە چنینی واژە و بە دوادا هاتنی جارجارەی سەرواوە پێک هاتووە. ئائەم کێشە مۆسیقاییە لەگەڵ بارودۆخی سروشتی شێعرەکەدا بە تەواوی سازگارە. نیما لە ئەدەبیاتی خۆیدا کە شێعری بڵیند و کورت و بە گشتی شێعری نوێ لە خۆ دەگرێ، بە چەشنێکی بەرچاو کێشی مۆسیقایی و عەرووزی بە کار دەهێنێ و گرنگایەتییەکی بەرچاو بە ڕیز کردن و چنینی واژە دەدا. (لنگرودی، ١٣٩٢: ٥٤٠). مامۆستا گۆران شاعیرێکی نوێخوازە کە هاوکات لەگەڵ نوێخوازیدا، ئەم ئەزموونە ئاماژەپێکراوە بۆ هەوەڵ جار دێنێتە ناو شێعری کوردییەوە. بە واتایەکی دیکە شاعیر بە تەرکیب و جۆری چنینی واژە، کەسایەتییەکی هونەری ـ کە لە مۆسیقایەکی داهێنەرانەوە سەرچاوەی گرتووە ـ بە شێعرەکەی دەبەخشێ. ئەویش بە چەشنێک کە سەرجەمی واژەی بەکارهێنراو لە شێعرێکدا لە لایەن شاعیرەوە، بە شێوازێکە کە بێجگە لە مۆسیقا، بەردەنگ هەست بەوە دەکا کە وشەی هەڵبژێردراو، زۆرترین بەهرەی مانایی و بواری هونەری لەگەڵ خۆیدا بە دیاری دێنێ. بۆ نموونە لە دەسپێکی شێعری (گۆران)دا شاعیر دەڵێ:

گۆڕاوم؟ بەڵێ! ئەبێ پێی لێ نێم

کە من گۆڕاوم!

عەشقت وەک جاران تەئسیر ناکا تێم

ئەی نووری چاوم! ... (گۆران، ١٣٩٠: ٣٧٨)

لەم شێعرەدا کە وەرگێرانی شێعرێکی ئینگلیزییە، بەر لە هەموو شتێک مۆسیقایە کە لە بەحری موتەقاربی ئەسلەمدا و بە شێوازی (فع لن فعولن، فع لن فعولن) یان (مستفعلن فع مستفعلن فع)، بە پێی کەلامی شاعیر خۆیا دەبێ و خۆی پیشان دەدا. لەم کۆپلە سەرەتاییەدا ڕاستە کە شاعیر کێشێکی عەرووزی بە کار هێناوە، بەلام لێرەدا ئەوە شێعر نییە کە لە خزمەت ڕێسای عەرووزی دایە، بەڵکوو ئەوە مۆسیقایەکی ئازاد و داهێنەرانەیە، کە تانوپۆی ئیلهامی شاعیری گرتۆتەوە و هەستی شاعیری لە پەیڕەو کردنی یاسایەکی عەرووزی ترازاندووە. هەروەها وشەی (تەئسیر) یان کردەی (تەئسیر کردن) ڕێک لەو وشانەیە، کە وێڕای مۆسیقایی کردنی پەیڤ و کەلامی شاعیر، لایەنی (مانا)ی بە تەواوی پاراستووە و بەردەنگ بە گیان و ڕۆح، هەست بەو تەئسیر نەکردنە دەکا. یان بڕواننە بەشێک لە شێعری (چیرۆکێکی برایەتی):

... لە ژێر درەختی ئازاردا

ئەوەندەی تر بووین بە برا

بۆیە لە ناو هەردووکمانا

بە چپەی ورد

ئەم داری دڕکەمان ناونا:

برایەتیی عەرەب و کورد! ... (گۆران، ١٣٩٠: ٢٧٥)

لەم شێعرەدا (درەختی ئازار)، (چپەی ورد) (داری دڕکی برایەتیی) لەو تەرکیبانەن کە بێجگە لە سەنعەتی ئەدەبی و داهێنانی هونەری، زۆرترین بەهرەی مانایی بە دەستەوە دەدەن و لەگەڵ مۆسیقای گشتیی شێعرەکەشدا بە تەواوی سازگارن. (درەختی ئازار) ئیزافەی تەشبیهییە و

شوبهاندنی (ئازار) به (درەخت) وشیاریەکی ئەدەبییە و شاعیر دەیهەوێ بڵێ کە ئازاری ئێمە، درەختە و هەموو کات بەهرەی هەیە. ئەگەر تەنانەت بۆ وەرزێک ویشک بێ، لە وەرزێکی دیکەدا شین دەبێتەوە و هیچ کات نابڕێتەوە. یان هەر لە درێژەی ئەو شێعرەدا دەستەواژەی (چەخماخەی شمشێر)، (لمی مێژوو)، (تک تک خەممان تکا لە چاو)، (قەمچی هەرەشە)، (شیلەی ڕەنجی شیرین مژ) و ... لەو پارادایمە مۆسیقاییی و داهێنانە ئەدەبییانەن، کە بە ڕاشکاوی خاوەنی ئەو تایبەتمەندییەن. لە شێعری (بێدارییەک)، (دوا سرنج)، (گیان)، (تیر و کەوان)، (ئەی لاوی کورد)، (مارشی ئاشتیخواز)، (گۆرانی دەنکە گەنم) و ...دا و بە گشتی لە زۆربەی بەرهەمی عەرووزی و ئازادی گۆراندا، واژە لە ئاستێکی بەرچاو و هەڵکشاودا مۆسیقاییە و سیستەمێکی نیزام مەند لە مۆسیقا، لە سرشتی کەلامدا خۆی دەنوێنێ. گۆران لە ڕێگەی چنینی واژەوە، دەگاتە مۆسیقای گشتیی شێعرەکەی و وێڕای کەڵک وەرگرتن لە کەرەسەی هونەریی دیکەی وەکوو (عاتیفە) و (زمان) و (خەیاڵ)، بەڵگەیەکی لێبڕاوانە و تایبەت بۆ ناسینەوەی ئیلهام و جیهانی شێعری خۆی دەستەبەر دەکا.

ئەنجامی توێژینەوە: شێعری کوردی بە بۆنەی هزرێکی وشیار و ـ لە بنەڕەتدا ـ مۆسیقاییەوە، کە زەرووڕەتەکانی دیکەی وەکوو (خەیاڵ) و (زمان) و بە تایبەت بابەتی (عاتیفە)ی هاوکات لەگەڵ خۆیدا کۆ کردۆتەوە، ئاڵ و گۆڕێکی ڕیشەیی و فرە لایەنەی بە سەردا دێ. (گۆران) شاعیری نوێخوازی کورد، گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە ئەدەبییەی کە شێعری کوردی پێویستی بنەمایی بە گۆڕان هەیە. بۆیە لە زۆر لایەنەوە قوڵی لێ هەڵماڵیوە و بە خەیاڵێکی ڕەنگین و هەستێکی تیف تیفە دراو و زمانێکی ڕەسەنەوە، لەگەڵ ژیان و کۆمەڵگە و سروشتی کوردستاندا تێکەڵ بۆتەوە. بەڵام ئەو چەمکە هونەرییەی کە لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ باقی چەمکەکانی دیکەدا، بایەخێکی زیاتر و پێگەیەکی بەرچاوتری هەیە، دوو لایەنی (عاتیفە) و (مۆسیقا)یە، کە بەردەنگی کارامە و شێعرناس، ڕوخساری ڕازاوەی شێعری (گۆران)ی زۆر زوو پێ دەناسێتەوە.

سەرچاوە:
ـ داد، سیما (١٣٨٢)، فرهنگ اصلاحات ادبی، تهران، انتشارات مروارید
ـ شفیعی کدکنی، محمدرضا (١٣٨١)، موسیقی شعر، تهران، مؤسسەی انتشارات نگا، چاپ هفتم
ـ فلکی، محمود (١٣٨٠)، موسیقی در شعر سپید فارسی، تهران، نشر دیگر
ـ بی کس، شیرکو (١٣٨٠)، درەی پروانه، ترجمەی محمد رئوف مرادی (با مقدمەی تقی پورنامداریان و سیدعلی صالحی)، تهران، نشر آنا
ـ گۆران، عەبدوڵا، (١٣٩٠)، سەرجەمی شێعرەکانی عەبدوڵا گۆران، (ئامادە کردنی محەممەدی مەلا کەریم)، تاران، ئانا
ـ شفیعی کدکنی، محمدرضا (١٣٨٠)، ادوار شعر فارسی (از مشروطیت تا سقوط سلطنت)، تهران، نشر سخن
ـ حەبیبی، هادی (١٣٩٥)، ڕازی مانەوەی خاک (شێعر و ژیانی مارف ئاغایی)، سنە، پەخشانگای ئامیار
ـ طاهباز، سیروس (١٣٧٦)، پر درد کوهستان (زندگی و هنر نیما یوشیج)، تهران، انتشارات زریاب
ـ لنگرودی، شمس (١٣٩٢)، تاریخ تحلیلی شعر نو، (جلد دوم، ١٣٣٢ـ ١٣٤١ه)، تهران، نشر مرکز، چاپ هفتم

## یەڵماز گۆنای بانەوەکانی داهاتوومان بیناسن کەئێمەگەلێکی زۆر بێخاوەنین و واخەریکن بەهاکانیشمان لێدەسەندنەوە



لە ١ی نیسانی ١٩٣٧لە گوندی ئینگێنی سەربە ئەدەنە لە دایک و باوکی کورد لەدایک بووە ساڵی ١٩٥٧وەک یاریدەدەری دەرهێنەری فیلمی کوڕەکانی ئەم وڵاتە چووە جیهانی سینەماوە ١٧خەڵاتی فیلمی بردووە کە گرنگترینیان پالمی دی ئۆر بوو لەفیستیڤاڵی فیلمی کان بۆ بەناوبانگترین فیلمی خۆی بە ناوی ڕێگای ساڵی ١٩٨٢کە باس لەژیانی سەختی باکوری کوردستان دەکات و یەڵماز نیوەی ئەم فیلمەی لەزیندان دەرهێناوە، چەند جارێک بەهۆی پۆستە سیاسییەکانیەوە زیندانی کراوە و ژمارەیەک لەفیلمەکانی لەزینداندا نووسیوە و دەرهێنانی بۆ کردووە و لەو شوێنەی لەکاتی سەردانی زینداندا هاوکارەکانی ئاراستەکردووە لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کامێراو دیمەنە وێنەییەکان لە زیندان هەڵات و چوو بۆ فەرەنسا و لە ساڵی ١٩٨٤کۆچی دوایی کرد و لە پرسەکەی کەسایەتییە سیاسییە دیارەکانی فەرەنسا ئامادە بوون هەروەها فیلمەکانیشی بەتورکی نووسیوە کەزۆربەیان بەتورکی بوون بەهۆی ڕێگریکردن لەدروستکردنی سیستمی سیاسی تورکیا لەبەرهەمهێنانی فیلمی کوردی وەک و دەرهێنان زیاتر لە ١١٠فیلم

چەند نموونەیەک لە فیلمەکانی:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێگا | هێرد | دیوار | هیوا | ڕاکردنەکان | کابوس | باوک |
| هەژار | کاتی توتن | گورگە برسیەکان | سەیدخان | سبەی ڕۆژی کۆتاییە | دوژمن | ئەلقام |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کوڕەکانی ئەم وڵاتە | پیاوێکی ناشیرین | پاشای پاشاکان | هەڵۆی بریندار | پاشای ناشیرین | من کارتێکەری گولە ناکەم. |

سەرچاوە: کاناڵی تێلگرامی" خانەخوێ" . لە ناردنی : برایم کاک ڕەش. پیرانشار

# چرۆی خەیاڵ



مەهاباد. تاهیر عەزیزی

لە تاسەی دەستەمۆ کردنی دانە دانە لاپەڕەکانی چیرۆکێکی یاخی .داوەڵی ئەم هێزە بە چۆک داهات،دارە تەرمی جاو لەسەری ئەم ئەشقە بێ غەشە لە سەر سەکۆی باوەڕ ڕوومەتی شۆڕەکاتی ئەم دەڤەرە قاقرە رادەمووسێت، لە داوێن گەوە و هەڵدێری غەریبیدا گڕی ئاخەکانی پێدەشتی شلێرە بە بای تەوژمی ڕەوەزەکان هەر دێت و گەشاوەتر دەبێت،پاشەڕۆکی ساباتی ڕێگای ئەوینیش وەک هەناسەی ئەوان دەگنخێت،حەزەکان دبووژێنەوە،هێماکان تان و پۆی گەڕانەوەیان لە هەڵکشاندایە،زێدی دڵداری و ئەشقێکی پاوان بژوێن بژوێن ڕوو هەڵدەماڵێ و چرۆ دەکا و سروە دەترووکێنێت، خێڵی باڵ زێڕەکانی گەرمێن کاروان کاروان یاڵە و یاڵ بەرەو زێدی گوڵاڵە ڕێگا دەبڕن،تاسەی فڕین دەکەنە چێژی هەڵمژینی بەرامەی چەپکێک زەردە هەڵاڵەی لە مل هاڵاوی نواڵ و نساران بەرۆکی شۆرشی ڕەهێڵەی پێ زێڕەوشان دەکەن، بە قاسپە قاسپەی کەوی دەم سووری سەرشاخان بە سێحراویترین ستران و سروودی سەرهەڵدان گوێی مێژووی تەژی لە ژانی پێ دەلەرێننەوە، پەلکە زێڕینەی ڕێچکەی خزانە ناو گوندیان لە وەرزی ڕۆژپەڕی ئێوارانی لێرەواری چڕ تامەزرۆیانە وزەی سرنجی مەڵەغان کێشانی لادێ لە لادێ لە ئامێز دەگرێت...

دەڵێن تەڕەساڵە ئەمساڵ و بەهاری بە پیت پاییزەکەی بڕیار دەر و حوکمی دەردەکات،

کە بینیان شەستە ڕەهێڵەی گێرە و سایەقەی شەوانی وەرزی تووش، ڕێژنەی گەڵاکانی گەڵاڕێزان بوون بە بالیف بۆ ڕوحی پشووسوار و کرۆماتی گوڵزاری چەموش

لەو کاتەدا ڕەوتی ئۆخژنی وریشە چەشنی قورینگە ئەویندارەکان لە کەنار شەتاوێکی بێگەرد و بەفراوی دڵۆپ دڵۆپ ڕۆندکیان باراند بە سەر تەرمی سرووشتی پاییزی نەهامەتی و خوانی شەوو شەرو شەرم و شەکەتی،

خێڵی گەزیزە روو گەشەکان لە بەربەرۆچکەی ڕەشەمەی کۆتا وەرزی پیرە زستانێکی زویر و پەنجە تەزیو و ماندوو لە شەقەی باڵی قاقا دەدەن و گاڵتە بە هەراو هەرەشەری زریانی کاتی باهۆزی شێت و تۆفانی کرێوە دەکەن

زوخمی سەرمای وەرزی شوومیش بە نەرمە خێسەیەکی دڵ لە قینانە سەرقاڵی پێچانەوەی بارگەی سەفەریەتی...

مەشخەڵی نەورۆز بە دەستی پیرۆزی لاوەکان لە دوند و بەرزایی سەرجەم چیا سەرکەشەکانی کوردستان پیرۆزبایی دەڵێت بە ژیانەوەی سرووشت و پشکوتنی گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی دەر و دەشتی ئەم زێدەی بەهەشت ئاسام،چ بەهارێکی جوان ودڵڕفێنە بەهاری ئاوات ئەمساڵ

ئەوە گوڵانە و هەموو بەیانیەک بە شانەی شنەی یادەوەریە تاڵ و سوێرەکانی دێر زەمان و تا هەنووکەش قژە ئاڵ و واڵەکەی ڕۆژمێری پڕ لە کوڵنەدان و شانازی شرۆڤە دەکات،کانیاوەکان حەیرانی جوامێری بە باڵای کەوانەی بن هەڵۆڵی سێبەرو بەرپەساران هەڵدەڵێن،

قەتارەی بولبولی سەر لێوەکانی گوڵی ناو زەمەند ومەلە دەنگ خۆشەکانی سەر شانی شەنگە بیزا وهەڵز و مەندێ ئاوازی؛

"خوایە وەتەن ئاواکەی چەن دڵگر و شیرینە؛

ئاوی کەوسەرە،خاکی گەوهەرە،پڕ لە گوڵو نەسرینە"

بۆ بەژنی سرووشتی خەیاڵی خەملیو دەچرێت

لاوکی ئاگقەکان دەست لە ناو دەستی پەلکە زێڕینەی هەتاوی سەربەستی تنۆک تنۆک ڕۆندکی شادی دەرێژنە ناو چاوگەی ڕوونی ئەوین،

مەشخەڵی هزری هاڵۆز و ژانگرتوو بۆنی کەزی شێداری زەمەند هەڵدەمیسێ بە دەم ڕازی بوژانەوەی دوبارەوە و بە خەونی سپی و سەوز و سوورەوە،کۆرپەی هیوایەکی لە پەلەپاتەی خوێنی ئازار گەوزیو لە باوەشی بێشکەی چەمەراییدا بە ڕێژنەی پڕژاندنی چەپکێک ڕەشە ڕیحانەی تەڕ خووساوە و چۆراوکەی لەبەر دەتکێ،هاواری شەونم هەموو کازیوەیەک دەیان سکاڵ لەسەر شکۆ و هێماکانی سروە دەنووسێت...

لێرەیە حوکمی حەزە پیرۆزەکان واژۆ دەکرێت...

لێرەیە شتڵی لە خەو ڕابوون دەگوورێت،

لێرەیە بێستانی بناری برواکان بەر دەگرێت،

چ ساڵێکی پڕ پیت و پڕ لە سەروەریە ئەمساڵ

چ وەرزێکی ڕازێنەوەی ئامانجی هیوایە ئەم بەهارە

چ مانگێکی تەژی لە ئەشقە ئەم گوڵانی وەک گوڵانی ئەمساڵ....



سەردەشت. هێمن تەنیا

چۆن دەتوانێ ژ بە تۆ بێت
ئەو کەسەی جارێک بدبینێ
چۆن دەتوانێ چاوت لێکا و
دڵی لە لای خۆی وەمێنێ

چۆن دەتوانێ پڕ بە دڵی
خۆشی نەوێنێ ، هەستت نەکا
چۆن دەتوانێ دوای ناسینت
هەموو دەم یادی تۆ نەکا

چۆن دەتوانێ ئاوری هەستی
دوا ناس کرن ژیلەمۆ بێ
کوانێ ترپەی دڵی دەتوانێ
بە هێواشی و لەسەر خۆ بێ

ئەو جار تەواو شەقامی شار
گۆشە گۆشەی تۆی لێ دیارە
خۆشیەکان دەبنە ئاپۆرە
کاتێک لە تۆی نیە نیارە

تۆ بڵێی چەندە بەختەوەر بێت
ئەوەی دائم تۆی لەلایە
ئەمن دەڵێم ژیان بێ تۆ
کوێرە ڕێیە و لابەلایە

خەونێک تۆ تێدا ئەکتەر بێ
تێیدا دەمێننەوە داوێژ
مەسڵەت ناکرێ بە هیچ کەسێک
بێ مەعنایە بەحس و ڕاوێژ

بێ تۆ کوا خەو ، کوا ئارامی
کوانێ بۆنی قژی خاوت
کوانێ دەستی گەرم و نەرمت
کوانێ تیشکی گەشی چاوت

هەر چۆنێک بێ ، بێ بەهانە
ئەو دڵەی من تۆی ویستووە
کاتی ناوێ خۆشەویستیت
وەسفی جوانیتی بیستووە

شەو کاتی ئارامی دڵە
بێ تۆ خشتوور و وێرانە
ئەوە هەستەی تۆم پێ ناسیوە
لەگەڵ خۆم بۆتە بێگانە

هەر چۆنێک بێ ، بێ بەهانە
بە بڕانن تۆم ویستوە
نێوبانگی جوانی و زێوەرتم
لە نێو چیرۆک دا بیستووە

ئەوجارەیان زۆر بە چڕی
دڵم ئەویندارت بووە
بێجگە لە تۆ دەروازەکەی
لە گشت مرۆڤان بەستووە

شەو کاتی ئارامی دڵە
کە تۆ نەبی وێرانەیە
هەست و دەروونم دوور لە تۆ
لەگەڵ خۆشم بێگانەیە

ئەدی کوانێ ڕاوچی باوەش
کە وا تێ بکەوم لە داوی
نێچیرێکی بێ پەناە و
من بۆخۆم دێم بەرەو ڕاوت

هەستم دەمێکە خامۆشە
بریا تۆ گڕی تێبەردەی
بریا جارێک ئەویندار بی
دەستت لە دڵ ڕەقی بەردەی

بریا ڕۆژێک بێت و بڵێی
ئازیزەکەم خۆشم دەوێی
بڵێی کەسم نەکا بڕۆی
من لێرەم و تۆ بۆ لەوێی؟



"نێڵەی شەو" (چوارپارە)

مەریوان. مادێح کۆنەپۆشی (زایەڵە)

گەلێ شەو هات و ڕابورد و ئەمن هەر؛
بە گریان خۆزگەکانی خۆم بەڕێ کرد
برا سۆما لە چاوی پەنجەرەی دڵ
ئەوەندەی ئینتیزاری تاوتوێ کرد

قەڵەم بێزار لە دەست، دەفتەر لە ئەسرین
هەموو شەو هەر وشەی شەو هەر وشەی شەو
شەویش بێزار لە هەر چوار ، چاوەکانی
دەیانپێوا بە لێڵی کوێرەڕێی خەو

پرووزا باڵی ڕەنگینی پەپوولە
بە بێڕەحمی گڕی شەمعی ئەدیبان
چ شەرمە شێعر ئەگەر بێتوو نەنووسێ
لە ناڵەی بێوچانی بێنەسیبان

دەسا ،شەو ؛ هەڵگری ڕازی هەزاران
وەرە و بگرە دەسی پێنووسی پەستم
لە پاش ئاوچۆڕی چاوم بێ و بنووسە
لە ناڵەی نێڵەلێکەوتووی بەهەستم

بنووسە : شاعیرێ هاودەردی من بوو
کە دەینووسی لە دەردی بێقەراری
بەدەم نووسینەوە تا دەمبەیانی
لە هەوری چاویەوە خوێناو ئەباری

بنووسە :  نیشتبوو ڕەنگم لە دێری
ترووسکەی تیا نەبوو تەسکین ببێ بۆی
نمی حەسرەت لە دیوانی ئەچۆڕا
دڵی تاریکی ئەمنیش گرتبووی بۆی

بنووسە سا بەقوربانت بم ئەی شەو:
چەنێ گریاوی بۆ من تا بەیانی
بڵێ: نامەحرەمانیش با بزانن
نییە هیچ ئاشقێ شان با لە شانی

بنووسە هەمنەوای هۆدەی بەتاڵم
بەتاڵان چوو ژیانی گشت بە تاڵی !
کە  شێخ بوو و شاعیریش ئەمما سەرەنجام
لە تاڵی و دەستبەتاڵی چۆن دەناڵی

بنووسە: "زایەڵە"ی هێزی نەما بوو
ئەوەندەی چێشتبوو ئازاری دووری
تەنانەت هاودەمیم هێزی نەمابوو
کە بێ و بێخاتە سەر ڕێگەی سەبووری

گۆڤاری ئێلیکترۆنی لە داوێنی ئاربەبا

## مەنسووری یاقووتی





مەهاباد. عەبدوڵلا مۆئەییەدزادە

لە دایک بووی ٥ ی ڕەشەمەی ١٣٢٧ی هەتاوی لە گوندی کێوەنان سەر بە شاری سەنقور لە پارێزگای کرمانشا، چیرۆک نووس و شاعیر و ڕەخنەگر. مەنسوور یاقووتی یەکێک لە چیرۆک نووسانی بەرچاوی دەهەی ٤٠ و ٥٠ ی هەتاوی لە ئێرانە، باشترین پەرتووکی ساڵی بە خەلات پی دراوە لە لایەن کتێبی منال بۆ کۆمەڵە چیرۆکی "پیاوانی سبەی"(مردان فردا)

مامۆستا مەنسوور یاقووتی لە ساڵی ١٣٥٨ ی هەتاوی بێ هیچ بەڵگەیەک و تاوانێک لە سەر کاریان کە مامۆستای قوتابخانە بووە دەرکردووە و لە پەنا کاری نووسەری کارگەری و خزمەت کاری و پاسەوانی ساختومان دەکات.

**٭بەرهەمەکانی٭**

١ـ برین(زخم)/ کۆمەڵە چیرۆک/ ١٣٥٠/چاپی سێهەم
٢ـ گوڵی تایبەت(گل خاص)/ کۆمەڵە چیرۆک/ ١٣٥٠/ چاپی حەوتەم
٣ـ منالی من(کودکی من)/ کۆمەڵە چیرۆک/١٣٥١/چاپی یازدەهەم
٤ـ هاورێی منالەکانی گوندی خۆمان(با بچەهای ده خودمان)/کۆمەڵە چیرۆک/ چاپی دەهەم
٥ـ لە ژێر هەتاو(زیر آفتاب)/چیرۆکی درێژ/چاپی یەکەم
٦ـ جوتیران(دهقانان)/ چیرۆک/ چاپی سێهەم
٧ـ هەنگاوێک بەرەو پێش(گامی به پیش)/ ڕەخنەی ئەدەبی/چاپی یەکەم

لە بەشی کوردی

١ـ چاڵ(چیرۆکی کورت)
٢ـ لۆرکا(وەرگێرانی کوردی)

مامۆستا لە ساڵی ١٣٤٦ ی هەتاوی بۆ یەکەم جار بە دیل دەگیرێت و دووهەم بار ساڵی ١٣٥٦ ی هەتاوی دیسان بند دەکرێت مامۆستا دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەر کاری ئاخوند دیسان لە ساڵی ١٣٦٠ ی هەتاوی لێی دەگەڕێن و مامۆستا ناچار دەبێت بە شێوەی نهێنی بۆ ماوەی ٣ ساڵ ژیان بەسەر بەرێت و لە ٦ی خاکەلێوەی ١٣٦٣ی هەتاوی بۆ ماوەی ٥ ساڵ زیندانی دەکرێت.

عەباس مەعرووفی لە گۆڤاری گەردوون مەنسوور یاقووتی بە چخۆفی ئێران ناو دەبات.

ئێستا خۆم سەر قاڵی خوێندنەوەی کتێبی "جوتیارانم" بە ئەرکی خۆم زانی کورتە باسێک لە سەر ژیان و بەرهەمەکانی مامۆستا لەو ژوورەدا، دابەزێنم .

مامۆستا مەنسوور یاقووتی بە هۆی نیشاندانی ژیانی گوندنشینان و هەژاران و جوتیاران بە باشترین شێواز شوێن پەنجە و قەڵەمی لە ئەدەبیاتی لادێیی و ناوچەیی بەر چاو و شوێن دانەرە، جیا لەو بابەتانە کە هاتە ئاراوە مامۆستا لە سەر بابەتی فۆلکلۆر و ئەفسانە کاری کردووە و تەنانەت شانامەی بە کوردی هێناوەتە بەر چاوی خوێنەران






















**٭سەر چاوەکان٭**

١ـ ویکی پێدیا
٢ـ هەواڵنێری کورد پرێس
٣ـ هەواڵنێری مێهر

## حەزی مەجازی...



مەهاباد. ڕ.ش هاوڕاز

لە گوێن عاشقێکی سەرشێت
هاوتەریبی پیرە زریان
ڕێ دەپێوم
ئەو لە کۆڵانەکانی شار
منیش لە ناو شەقامی نێت

❀❀

سرێ پاییزی ڕەنگ زەردم
کەسیرەی شۆڵەی بێ تین و یاوی نیگات
ڕەنجەڕۆی حەزی مەجازی و
دۆڕاوی ماچێکی بێ هێز
لە جووتێ لێوی دەسکردم

❀❀

ناوم بێنە
لە پشت شووشەی بێ هەستی نێت
چاوێ داگرە
ماچێک بەرێ و
ماچ بستێنە

❀❀

ئەنگوستێ لە سەر وێنەم داگرێ
هەستت دەکەم
دەنگ بنێرێ
مەستم دەکەی

❀❀

وەرە سەر هێڵ
بەس ئەم هێڵە
بەر لەوەی لێوم لێت تێر بێ
مەردی خوا بە و
جێم مەهێڵە.

## هەناسە

مەهاباد. ڕ.ش هاوڕاز

هەتاکو کۆتری دڵ دەگمێ لە لانەی سینەمدا لام بە، هەناسە!
هەتاکو پێیەکەم دەگلێ لە ڕێی ئەم ژینەدا لام بە، هەناسە!

وەتی بوویتە هەسارەی تاکی ئاسمانی ژیانم ئەی فریشتە!
تەمی تاریکی خەم تارا و لە بۆسەی کینەدا لام بە، هەناسە!

دڵ و دینم بەخت بوو تا بە جارێ شێت و دینت بووم و دۆڕام
بە تۆم دۆڕاند دڵ و دینم لە ڕێی ئەم دینەدا لام بە، هەناسە!

لە کام داگیرکەری سەردەم دەچی تۆ بێ چەک و لەشکر کە هاتی؟
دڵت گرتم، لە شادی ئەم دڵە غەمگینەدا لام بە، هەناسە!

لە چاخێکا گرفتاری ئەڤینت بووم، دەهۆ بازاڕی زۆر گەرمە
بەزەش قاتە، لە ناخی ئەم دەمە بەردینەدا لام بە، هەناسە!

هەور دەگرێ بەری ئاسمانی ساوی دڵ، کەنینت کاتێ لێم قاتە
دڵم دەگرێ لە بێ تۆیی تۆ لەم بارینەدا لام بە، هەناسە!

هەتا دەستت نەخەیتە سەر دڵی خولیام سرەوتی کەی دەبێ ئازیز!؟
وەکوو دیاری دەست بێنە، تۆ لەم حەجمینەدا لام بە هەناسە!

بەرەو هەر لا دەچێ هاوڕاز لە چوار پارچە دڵی زامارە کوردستان
لە کاتی خوێن دەڵێنی ئەم دڵە بە برینەدا لام بە، هەناسە!

❀❀

شەو نیە لیزگەی هەسر نەڕژێ لە چاوم تا سەحـــەر
خـــەم لە داوێـــنم دەهاڵن دەمتەنن داخ و کەسەر

شەو نیە داخـــی فیراقت ئاخـــی ناخـم گڕ نەدا
ئاگریداخ بم بە وەڵلا کێـــوی سەبـــرم دێ بە سەر

شەو نیە نەگـــرێ بەرۆکم هەست و ئیلهامی شیعر
ئەم دڵەم کوا دەسرەوێ چۆنی دەخەو کەم چاوی سەر؟

پارچە گۆشتێـــکە دڵ و بـۆسۆی دەگاتە ئاسمـــان
نا چزیلکـــی هەڵـــچزاوە، ئاگـــری کەوتۆتە بەر

شەو بە شەو بەیت و غەزەل دەچنم لە گوڵواژەی ئەوین
نا سەیر نیە ئەوشۆ دیوانێک لە سینـــەم بێتە دەر

## مەستی یار



بۆکان. ئیبراهیم هوشیار

سرووی وەفام میوان بێ وەرزی ئەوین بەهارە
لەبەر سێحری لەیلایە مەجنوون بەرەو هەوارە

خونچەی بزە لە لێوی حۆر و پەری قوربان بێ
چاڵی چەنەی بێتە دەر تابلۆی "مانی" خەسارە

داوە بسکێک تەواوە وەکوو شێخت بە سەربێ
کوێلە و دیلی بێهێزم نیگای هێرشی تەتارە

کوڵمی خۆری ئێوارە شاعیر شێعری بۆ نووسی
سۆفیش کەعبەی دەگۆڕێ بەرەو بەژنی مەنارە

دەستم بگا بە دەستی کرنۆش دەبەم بۆ چاوی
ژوانیش وێنەی خانەقا هیوا و ئەشقی هەژارە

مەی و شەراب حەوادەن تامی چلۆن دەمێنێ
مەستی ماچی یارتبێ بادەی کۆنیش کەنارە

فڕێ بەرەو خەیاڵات هەرچی جارێ ئاشق بوو
دەمێک باڵی هومایە جارێک کوشتەی تەوارە

"وشیار" ئێستە بە پیری کەوتە بیری مەیخانە
تامی مەزەی دەسکەوێ بڵێن شەرمت وەشارە

## وەتەن

پیرانشار، گوندی گردکسپیان

وەتەن ئەی نیشتمانی پڕ لە خوێنم
کونی ئەشکەوتی شاخت مزڵو شوێنم
هەتا کێو بێ پەناگەو سەنگەری من
وەکوو خۆی قایم و دوژمن شکێنم
لە هەر بستی وڵاتی پڕ لە زامم
ئەمن خاوەن کوڕی دوژمن بەزێنم
بە دەستی تازە لاوی ئەو وڵاتە
ئەوەی نەخشەی دژانە دەیدڕێنم

...دەبێ بمری و بفەوتێ ئەو نەزیرە
کە کورد ناگا بە مەقسەد هەر فەقیرە

وەتەن ئەی جێگە گۆڕی شۆڕە سواران
لە ڕێبازت سەرو ڕووح دادەنوێنم
بە لۆکە هاتە مەیدان دوژمنی پەست
بە بێ هەستی سەرم دەبڕێ، نەمێنم
دەمانتوێنێ بە خۆخۆرانی خۆیی
لەبەر وەی ساڵەهایە مل بە کوێنم
هەتا ڕۆژێ هەمووی کورد دەبنە یەک دەنگ
کۆڕپەی هیوای گەلی کورد ڕادەژێنم

...ڕۆژێ دادێ کە هیواکان دەپشکوون
...کۆتایی پێ دێ هەرچی ڕەش بگیرە

وەتەن ئەی ماڵی بابی کوردەوارم
بە تەنیاش بم لە ڕێبازت دەمێنم
هەتا ڕۆژێ نەوەی ژێرت دەگاتێ
ئەمن شیری دەبانی تۆ دەسوێنم
ئەگەر ڕۆژێ گەلی کورد بوو بە دەوڵەت
کە زیندوو بم لە ژیانم دا بمێنم
لە خۆشی نیشتمانی پڕ لە ئازار
سروودی مان لە سەر پەیمان دەخوێنم



هاوار لاجانی

...دەچم سەر گۆڕەکەی مامە هەژارم
...وەسێتی گەورە پیاوی خۆم لەبیرە

وەتەن تۆ، خاوەنت کوردە دەمێنێ
ئەوەی هێمای دژان بێ دەیکەوێنم
دنەی شێعرو هەناسەی بوونی هاوار
وزەم هەر تۆیو تۆی ملک و خەزێنم
پرچی هاڵۆزی کێژان کوا دەتوانێ؟
بە جێی کوێستانی تۆ بێ خەمرەوێنم
نەوەستان تاکوو ئامانج دێتە کایە
هەتا خوێنم دەجووڵێو چاو هەڵێنم

دەبێ ئاسۆی گەلی کورد ڕوون ببینێ
هیوای نەمرێ ئەوەی بەندەوە ئەسیرە

وەتەن ئەی ماڵی ماد و زێدی ساسان
دەبێ تۆوی قەدیمت لێ بچێنم
دەبێ ڕۆژێ بزانێ دوژمنی کورد
بۆ ژانی نیشتمانی خۆم هەوێنم
قوتابی مامە هێمنو هەتا هەم
شێعر شیرەو لە مەیدان دەیوەشێنم
{ هەتا دوژمن نەگەوزێنێ دەخوێنم
دەخوێنم بۆ گەلی خۆم هەر دەخوێنم
(هێمن)}

وەتەن دیاکۆی دەوێ کۆ کا گەلی کورد
چەندەن پێویست بە گەورەی والە ژێرە

## سۆشیاڵ مێدیا و بەرەی داهاتوو



دیۆلان. ڕەنجبەر



بە ویدئۆ کردن و خستنە سەر شەپۆلی مێدیای ئێلێکترۆنیک بۆ نمایش کردنی کوشتاری کۆمەڵێک جوجەڵەی یەک دوو ڕۆژە ، قرتاندنی سەری مار ، کوشتنی سەگ ، گورگ و ورچ ، ئازاری گوێدرێژ ، خستنە قەفەسی باڵندە ، بنبڕکردنی دارستان ، سووتاندنی مووچەومەزرا و لەوەڕگە ، لەوانەش گەلێک خراپتر چەقۆکێشی و کوشتنی مرۆڤ و بەتایبەت دەستدرێژی بۆ سەر ژنان و توند و تیژی دژی منداڵان،چ پاساوێکی بۆ دێننەوە ؟!

وەک دەڵێن : لە گەنم گەنم و لە جۆ جۆ شین دەبێ .

بە پەرەگرتنی ئامرازە ئێلێکترۆنییەکان و بە سانا کەوتنە بەر دەستی مۆبایل، کامپیوتێر ، گەورە و بووچکی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە ، ئەوەی کە دەڵێن : کەس تەنیا نییە درۆیەکی ناجوانمێرانەیە ، هەمووومان تەنیان ، لە پاڵ یەکین و چاو لە چاوی یەک ناکەین ، یەکتر نادوێنین ، لەیەک ناپرسین و لەیەک تێناگەین و زۆر لە یەک دوورین ...

تەنیایی،ئاخۆ چۆنە ؟!

ئیتر کەس ناتوانێ و لە خۆدا ڕانابینێ بۆ ماوەیەک واز لەو دنیای خوازە و مەجازی و سێحراوییە بێنێت ، چۆن پڕیە لە زانیاری ، زانیاری ڕاست و دروست ، ئەرێنی و نەرێنی ، بەکەڵک و بێکەڵک ، شیاو و نەشیاو ، کێشکە لێرەوە دەست پێدەکا ،

هەموو مێرمنداڵێک دەستی بە مۆبایل و کامپیوتر ڕادەگا ، هەموو جۆ رە بەرنامە و پرۆگرامێک دەبینێت و بە پێی دۆخی تایبەتی سەردەمی ژیان، سەرنجی ڕادەکێشرێت بۆ لای ئەو کۆمێنتانەی کە هەیەجانین و هەستی نەرم و نیان و هەستیاریی ڕادەکێشن ، ئۆگریان دەبێت و چۆن هێشتا ئەزموونی توانایی هەڵاواردنی ڕاستی و ناڕاستی و بەکەڵک و بێکەڵکی پێی نەچڕاوە، گیرووده دەبێت و جیاکردنەوەی چاکە و خراپەی لێی تێکدەچێت و خوو و خدە و خولیای نەشیاوەکان دەبێت .

نمایش کردنی هەموو نەشیاوێکی نێو کۆمەڵگە لە دنیای مەجازیدا بووەتە ملۆزمی ئەخلاق و داب ونەریتی شیاوی ئێمە ، هەرچی بنەماڵە دیرێسی ئەو بە چەند کۆمێنت و گرتە، ئەیاکاتە خوری ، تاکەکان لەیەک دادەبڕێت ، چوارچێوەی ژووری بنەماڵە دەشکێنێت ڕێز و کەرامەتی گەورەکان دادەبەزێنێ و دەیخاتە ژێر پێ ، دنیایەکی جیاوازمان بۆ دەخولقێنێ ، بیر و بۆچوونەکان پێچەوانە و لەیەک دوور دەخاتەوە و ڕێگە بۆ لەیەک تێ نەگەیشتن و توندوتیژی خۆش دەبێت .بەهاکان بێبەها و بێبەهاکان بەهادار دەنوێنێ .

مرۆڤ بە پێی سروشتی خۆی دژی کردار و ڕەفتار و وتاری نەشیاوە ، بەڵام ، بەڵام کە لە کەشوهەوایەیک پڕ لە تەماوی و نەشیاوی ژیان بەرێتەسەر ،

ئیتر خوویان پێ دەگرێت و وەک دیاردەیەکی ئاسایی لێیان ئەڕوانێت ، ئیتر بەردەوام کوشتنی کورگ، سەگ ، ورچ ، ئازاردانی گوێدرێژ ، و ڕیوی ، کردنە قەفەسی تەنگ و توندی پەلەوەری خولیای ئازادی و تەنانەت بە چەقۆ شیتاڵ شیتاڵ کردنی مرۆڤ ، هەستی نابزوێنێت ، ناخی ناهەژێنێت و وێژدانی خەوتووی وە خەبەر نایێتەو !

ئاگرە سوورە لە من دوورە !

ئیتر بۆ ڕابواردن دەچێتە تماشای لەسێدارەدانی مرۆڤی داماو لە گۆڕە پانی گشتیدا و ئارخەیانیش دەبێت و چەپڵەیش لێدەدا !

ئیتر هاواری هیچ لێقەوماوێک نابیسێت ،

ئیتر بە هانای هیچ دەرکراوێکەو ناچێت ،

ئیتر پاروە نانێک نانێتە دەم هیچ برسیک ،

ئیتر ناگرێ دەستی هیچ کەوتووێک ،

ئەو هەر خۆی دەبینێت و ڕابواردنی کاتێکی خۆش بە هەر شێوەو بە هەر نرخێک و لە هەر بارو دۆخێکی خەلکدا!

بەڵێ ، ئەگەر وشیار نەبین سۆشیاڵ مێدیا کەلتوور و داب و نەریتی خۆماڵیمان لە بەرچاو دەخات و نەریتی باوی دڵی خۆیمان بە سەردا دەسەپێنێت و بەرەی داهاتوومان بە تەواوی دەخاتە ژێر ڕەکێفی خۆیەوە و لە خۆ بێزارمان و بێگانەمان دەکات ، ئەخلاق و ڕەوشتی چاکەی باپیرانمان بزر، مەزرای تێگەیشتن و پێگەیشتمان پێشێل و بۆژوو ، داری ڕیشەداری گەلویستی و خۆنەویستی و نیشتمان پەرەستیمان وشک و بنبڕ دەکات ،ژینگەی پێکەوە ژینمان ژاراو و سەری پڕ سەودامان سڕ و وڕ دەکات ،

ئەگەر وشیار نەبین ...



**سلێمانی.عومەر کەریم بەرزنجی**

هەزار هەزار ئاخ
عومەر کەریم بەرزنجی
بەڵام ئاخ....
هەزار هەزار ئاخ
وەک دڵی دایکم؛ سووتا ڕەزوو باخ.
نەوی بوو لوتکەی
کەژوو کێوو شاخ
گۆڕاوە بە ڕەش ڕەنگاڵەی بەیداخ.
نەما بزر بوو
بۆن و بەرامەی
سمل و مێخەک و نێرگزی ناو شاخ.
ڕۆیی با بردی
وەک و گەردو خۆڵ
ڕەونەق و جوانی و دڵگیری ناو باخ.
بەهار وەک بووکی
دەستگیران مردوو
وا ڕەش ئەپۆشێ مەست و بێ هۆشە
گوڵی وەریوی
سیس و بابردوو
ژاکاوی ئاهو هەناسەی تۆشە



**لەیلاخ. مام خەیال**

شەو بەیادی قاژی ئەبرۆت سەیری مانگی نەو دەکەم
شەوی چی خوا ببیری کەی هەست بەخەونی شەو دەکەم
تۆ دەزانی ڕەنگی لێو و هات و چوونت وەک کەوە
بۆیە دایم حەز بە خاڵ و وردە خاڵی کەو دەکەم
زولفت ئەر تاجی سەرم بێ تاکوو دوا ساتی ژیان
بێگومان پشتم لە تاج و تەختی کەیخوسرەو دەکەم
منکە ڕێبواری ڕچەی ڕێی مام هەژار و هێمنم
پۆستمودێرنی چی ئەرێ کەی ڕوو لە هۆنەی نەو دەکەم
سەنگ ئەگەر سەنگینە بۆیە جوولە ناکا قەت لە جێ
بەردی خاکی نیشمانم چون بە تەعبیر لەو دەکەم
ڕۆژ دەکێشم ڕەنج و مەینەت شەو دەچێژم خۆێنی دل
باخەوانی باخی کوردم ساتێ لەرز و تەو دەکەم
هەر قوتابی مامە ئاسۆس مام خەیاڵی خۆش خەیال
شێعری ئەو تەشقی سەما و من تازە مەشق و دەو دەکەم



**برووجرد. زانا کوردستانی**

ـ ١ ـ

ئەمن تفەنگم و
ئەو کۆڵبەندی
گەل وەلاتمان لە ناڤشان دەکێشیم
و سەربەستی
منداڵی پێ گرتی بوو
پێچراو لە ناڤی کەفەن

ـ ٢ ـ

ئاااخ ئەی شاعیری بێنیشتمان
بێسەر و شوێنی ڕێگاکانی دووبر و درێژ
خۆزگا بتتوانیای
شاری بسازیا
لبەر رۆژگاری نەگەیشتو
کە لە کوڵ دەکیشی!

ـ ٣ ـ

ئاگاداری مێژوومان
جاروەجارێ فەرامۆش دەکا
چوار خووشیکی بێکەس
زوت و هیلاو گریان
گەرچی حەزیان پێ بوو
لە کەش و کۆشی دایکیان داسرەوین بوون
بەڵام خودا حوکمی کرد
لە هەلاک و مەرگی دایکیان.

ـ ٤ ـ

وڵاتی من، خۆی سرگوونخانەیکە
دیر و هاوێر لە زمان و جلوبەرگ و ئایینم
چە سنە بێم،
یان کرماشان،
غوربەت و سرگەشتەن پەنی و پەیاس.

ـ ٥ ـ

ساتی دەنۆسم: کوردستان
هلبەستەکانم کەوکی دەبن
تین و تینی هەلاتن
بەری کێنی

ـ ٦ ـ

پێشمەرگە
هەلبەستیکە!
لبەر کوڵی دلی کوردستان
شێعری سەربەستی وت و وێژ دەکات.

## تەڵعەت تاهیر



فێکدان و نووسیان: زانا کوردستانی



تەڵعەت تاهیر شاعیر، نوسەر و وەرگێڕی هاوچەرخی کورد له ١٨ ژانویه ساڵی ١٩٧١ زایەنی، له شارۆچکەی مەخمور، سەر بە پارێزگای هەولێر له دایکبووه. دبلۆمی هەیه له ڕاگەیاندن و له ساڵی ١٩٨٨ وه دەنووسێت و ئیستا ئەندامی دەستەی نووسەرانی چەندین گۆڤار ئەدەبی بووه وەکۆ ئەندامی کارای یەکێتی نووسەرانی کورد. هەروسا ئێستایش جێگری سەرۆکی بنکەی رووناکبیری گەلاوێژە.

### ▪کتێبشناسین:

تەڵعەت تاهیر، هەتا ئیستا چەند کتێبی چاپکراوی هەیه:

- کتێبی دەرچوون له سووڕیی نووسین/ وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبییه وەزارەتی رۆشەنبیری له ٢٠٠٨ چاپیکردووه.
- کتێبی لەبەر ئاوازێک نایەوێ بیێته گۆرانی / شیعر دەزگای ئاراس له ٢٠٠٩ چاپیکردووه.
- کتێبی بنەچەی سەوسەن / وەرگێرانی شیعری ئەدۆنیس دەزگای رۆشەنگەری چاودێر له ٢٠١٠ چاپیکردووه.
- کتێبی عەتری ئەو عاشقانەی مردن/ وەرگێرانی شیعر - کۆبەندی شیعرەکانی شاعیری عەرەب ئەدۆنیسە - دەزگای غەزەلنووس له ٢٠١٦ چاپیکردووه
- ئەو گوڵەگەنمانەی بوونە گسک - ٢٠٢٢

هەروسا دوو کتێبی له دەزگای فام چاپکراوه، یەکەم شیعره بە ناوی ـ ناوی تۆ ئیمزای منەـ ، کتێبی دووەم دنیابینی ئەدەبییه بە ناوی ـ رۆژگاری وشک و چاوی تەڕـ که له ئەیاری ٢٠٢١ بلاو کراونەتەوه.

### ▪چەند نمانه له شیعرەکانی تەڵعەت تاهیر:

ـ ١ـ

له نێوان تۆ و مەلای مزگەوتەکەی بەرامبەرمان لێکچوونێک هەیه:
هەردووکتان ئێستاتان فەرامۆش کردووه،
تەنیا هەڕەشەی تەنیا مانەوه و
باسی باشەی کەسانی پێش من دەکەن!

ـ ٢ـ

که تۆم نەما ئەوجا زانیم
خەڵک بۆ پیاسه ناچنه سەر قەلاتی هەولێر
هەر یەکەو ڕووەو گەڕەکی ئازیزێک دەوەستی و
وەکو سەربازێکی پیر له مەیدانی شکستەکانی خۆی دەڕوانێ!

ـ ٣ـ

له ڕستەی
هەتا ئاخیر له گەڵت دەبم
تەنیا ئاخ مایه!

ـ ٤ـ

ئەو دارەی
ئەمرۆ له سەری خوێندکارێک درا...
ڕەگەکەی دەچێتەوه سەر ئەو درەختەی
سێدارەکەی قازی محەمەدی لێ دروستکرا.

گۆڤاری ئێلیکترۆنی له داوێنی ئاربەبا

ـ ٥ـ
ڕووداوێکی دڵتەزێنە
کاتێک لە نیوەی ڕێگادا کەسێک بەتەنیا جێماوە و
بەر ئامۆژگاری دەکەوێ!

ـ ٦ـ
ئەم ژیانە خۆی بریندارە
هەق نەبوو تۆش بێیت و
ڕۆڵی خوێ بگێڕیت.

ـ ٧ـ
دایکم،
هەتا مردیش وایزانی سۆعبەتە
لەو ژیانە تاڵەدا،
تووشی نەخۆشی شەکرە بووبێت!

ـ ٨ـ
هەر جارەو شیرینیەک دەنێژین
لە قەبرێکدا ئازیزێکمان
لە چاڵێکدا خەونێکمان
لە درزێکدا یادگارییەک
لە خۆڕا نیە ژیان لێرە تامی سوێرە
بەو قەبر و چاڵ و درزانە
ژیان ئەم ولاتە بوەتە خوێدان ...!

ـ ٩ـ
بۆ ئەوەی دوریت
لە یادەوەریمدا جێگای ببێتەوە
ناچار لە مێشکمدا هەرچی گۆرانیم دەزانی سڕیمەوە
ئێستا لە سەیرانی هاوڕێکانمدا
سەر دەلەقێنم
بەژدار نابم لە گوتنەوەی گۆرانیەکان
تەنها لە کۆتایەکاندا دەڵێم :
ئامـــااان ئامـــااان ..!

ـ ١٠ـ
بەردەوام منەتمان
بە وشەی گەڕانەوەی ناو گۆرانیەکان دەمێنێت
چونکا مرۆڤ لە خۆشەویستیدا
قەت توانای کشانەوەی لە کاتی گونجاودا نیە.!

# ڕیفۆرمی زمان له عوسمانییەوە بۆ تورکی و بەراوەرد لەگەڵ ڕەوشی زمانی کوردی



ئیلام – شارۆچکەی پەهڵە. عیرفان کەرەمی. (Erfankarami094@gmail.com)
خوێندکاری بەشی زمان و ویژەی کوردی – زانکۆی کوردستان ـ ئەندامی ئەنیستیتۆی کوردیی زانست - ئیلام

زمانی کوردی لەبەر هۆکارگەلی مێژوویی و سیاسی و کۆمەلایەتیی جیاواز، ڕەوشی مێژوویی جیاوازی هەیە لەگەڵ زمانگەلی دیکەی جیهان. لەبەر ئەوەیش کاتێک ئەم زمانە نەبووە بە زمانی پەروەردە و دەوڵەت و دەسەلات، لە هەندێک شوێندا دوای سەدان ساڵ هێشتا نەیتوانیوە خۆی وەکوو زمانێکی بەهێز بەتایبەت بۆ بەرهەمهێنانی بابەتگەلی زانستی و ئەدەبی لەنێو مێشکی خەڵکی ئاساییدا بنوێنێت. ئەم کێشە تا ڕادەیەک لە بواری لقەکانی کوردیی ناوەندی و کوردیی باکووری چارەسەر کراوە، بەلام هێشتا لە لقی کوردیی باشووریدا ئەم کێشە بەردەوامە و لای زۆربەی خەڵک وایە ئەم زمانە ناتوانێت ببێت بە زمانی زانست و ئەدەب. جیا لەوەیش بۆ پڕ کردنەوەی وشەگەلی سەنعەتی کە هاوواتایان مەعموولەن لە لقی کوردیی باشووریدا نییە، هەندێ دەلێن ناکرێت لە لقگەلی دیکەی زمانی کوردی بۆ پڕ کردنەوەی ئەو وشە و زاراوانە کەڵک بگرین. ئەینا کێشەی تێگەیشتن بۆ ئاخێوەر پێش دێ.
ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم پرۆسە دەبێ لە شوێنێک دەستپێبکات، بەلام لەبەر نەبوونی دەسەلاتی زمانی ئەوە زۆر گرینگە کە چینی زمانەوان و زمانناس بتوانن ئەم پرس و ڕەوشە تا ڕادەیەک بۆ خەڵک جێ بخەن. یەکێک لە ڕێگەگەل بۆ ئەم کارە، زانینی چۆنایەتی گۆڕانی زمانە جۆراوجۆرەکان لە شێوازی کۆن و نەریتیەوە بەسەر شێوازی مۆدێرنە. یەکێک لەو زمانگەلە، زمانی تورکیی عوسمانی و گۆڕانی بە تورکیی مۆدێرنە.

لە ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا تورکەکان تەنیایەکێک بوون لە چەندین گرووپی زمانەوانی و ئەتنیکی. لەڕاستیدا بۆ دەستەبژێرە دەسەلاتدارەکان وشەی تورک بە مانای خاوی و بێتاقەتی بوو. ئەندامانی دەستەبژێرە مەدەنی و سەربازی و ئایینییەکان بە تورکیی عوسمانی وتوویژ و بازرگانیان دەکرد کە تێکەڵەیەک بوو لە عەرەبی و فارسی و تورکی. زمانی عەرەبی بە زمانی سەرەکی ئایین و شەریعەتی ئایینی مایەوە. فارسی زمانی هونەر و ئەدەبی جوانی و دیپلۆماسیەتی بوو. لە ئاستی فەرمیدا تورکیی عوسمانی عادەتەن تەنیا بۆ ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندییان بەئیدارەی ئیمپراتۆریەتیەوە بوو بەکار دەهێنران. تورکیی عوسمانی نەک هەر وشەگەلێکی لە عەرەبی و فارسی وەرگرت، بەڵکو هەموو دەستەواژە و پێکهاتە سینتاکسییەکانیشی لەو زمانانە لابرد و لە چوارچێوەی عوسمانیدا گونجاند.

چەندین کاریگەریی زمانەوانی لەسەر تورکیی عوسمانی کێشەیان لەڕێنووس و نووسیندا دروستکرد. بەشەکانی پێکهێنەر - تورکی، فارسی و عەرەبی - سەر بە سێ بنەماڵەی زمانەوانی جیاوازن - ئۆراڵ- ئاڵتایی، هیندو ئەورووپایی و سامی - و سیستمی نووسین تەنیا لەگەڵ زمانی سامیدا دەگونجێت. پرەنسیپی فۆنۆلۆجی و ڕێزمانی و ئیتیمۆلۆژی لە نێوان ئەم سێ بنەماڵەدا زۆر جیاوازن. لەبەر ئەم هۆیانەڕۆشنبیرانی نوێخواز دەستیان کرد بە بانگەشەی چاکسازی زمان لە سەدەی نۆزدەیەمدا. ئەوان پشتگیریی زمانێکیان دەکرد کە خوێندنەوە و نووسینی ئاسانتر بێت و وشەی تورکیی زیاتری تێدا بێت. بۆیە بنەمایریفۆرمی زمانی تورکی گرێدراوە بە چاکسازییەکانی سەردەمی ١٨٣٩-١٨٧٨. دواتر لە سەدەی نۆزدەهەمداریفۆرمی زمان بوو بە پرسێکی سیاسی. نەتەوەپەرستە تورکەکان بەدوای زمانێکدا دەگەڕان کە خەڵکیەکگرتوو بکات نەک خەڵک دابەش بکات. لە نووسینەکانی زیا گۆکالپ (کۆچکردووی ١٩٢٤) ناسیۆنالیزمی تورکی وەک هێزییەکخستنی هەموو ئەوانەی کە لەڕووی زمان و باکگراوندیرەگەزییەوە تورک بوون پێناسەکراوە.

لەگەڵ دامەزراندنی کۆماردا، ئەتاتورک چاکسازیی زمانیی کرد بە بەشێکی گرنگی بەرنامەی ناسیۆنالیستی. ئامانجەکە بەرهەمهێنانی زمانێک بوو کە بەزۆری تورکی و کەمتر عەرەبی و فارسی و ئیسلامی بێت؛ زمانێک کە مۆدێرنتر و کارکەرتر و وردتر و ئاسانتر بۆ فێربوون بێت. چاکسازیەکانی زمانیی کۆمار دوای گۆڕانکاریەکی تونديان کرد لە زمانی ئاخاوتن و نووسراودا. پرۆسەکە دەبو لەڕێگەی دوو ستراتیجی بنەڕەتیەوە ئەنجام دەدرا - هەڵگرتنەوەی ئەلفوبێیەکی نوێ و پاککردنەوەی وشە ناتورکییەکان.

شۆڕشی زمان (dildevrimi) لە مانگی مەیی١٩٢٨ بە فەرمی دەستی پێکرد، کاتێک ژمارەکانێک کە بە زمانی عەرەبی نووسرابوون بە هاوتا ڕۆژئاواییەکانیان جێبەجێ کران. لە مانگی نۆڤەمبەردا، پارلەمانی گەورەی مللی، ئەلفبێیەکی لاتینی نوێی پەسەند کرد کە لەلایەن لیژنەیەک لە زانایانەوە ساز کرابوو. زۆرێک لە ئەندامانی پارلەمان پێیان وابوو کە دەبێ وردە وردە پیتە نوێیەکان لە ماوەی پێنج ساڵدا بناسرێن. بەلام ئەتاتورک جەختی کردبوو کە گواستنەوەکە تەنها دەبێت چەند مانگ درێژەی پێ بچێت و لە کۆتاییشدارای ئەو ژاڵ بوو . ئەو لەگەڵ گەچ و تەختەڕەشەکاندا گەشتی کرد بۆ سەرانسەری وڵات و وانەی نووسین بە ئەلفوبێی لاتینی نوێ لە قوتابخانەکان و چوارگۆشەی گوندەکان و شوێنە گشتییەکانی تر بە خەڵک دەدا کەرێژەی نەخوێندەوارییان بەیەک جار گەیشتبوو بە١٠٠٪. لە١ی ژانویەی١٩٢٩دا بەکارهێنانی ئەلفوبێی عەرەبی بۆ نووسینی تورکی نایاسایی بوو.

ئەلفوبێی لاتینیی نوێ باشتر پیتە دەنگدار و دەنگدێرەکانی تورکیی لە ئەلفوبێی عەرەبی پیشان دەدا. بۆ هەر دەنگێکی ستانداردی تورکی هێمایەکی بەکارهێنرا کە بە پێی شێوەزاری ئەستەنبوڵی بوو. بە جێگرتنەوەی ئەلفوبێی لاتینی لە جیاتی ئەلفوبێی عەرەبی، تورکیا بە ئاگاییرووی لەرۆژئاوا کرد و بەکردەوە پێوەندییەرەسەنەکەی لەگەڵ کەلەپوورە ئیسلامییەکەی بری. چاککردنەوەیئەلفوبێی بەرەی نوێ بەبێ پێویستی و دەرفەتێک بۆ فێربوونی پیتە عەرەبییەکان پەیوەندییەکەی بە رابردوود و کەلتووری عوسمانی و هەروەها ئایینەوە بڕی.

ئەتاتورک و ریفۆرمخوازەکانی زمانیی وشەی ناتورکییان وەک سیمبۆلیرابردوو دەبینی . هانی کەمپینێکی نەتەوەییان دا کە لەلایەن سیاسەتەکانی حکومەتەوە پشتگیری دەکرا بۆ پاکتاوکردنی زمان. لێکتەرنۆلۆجیستەکان دەستیان کرد بە لابردنی وشەی عەرەبی و فارسی لە زمانەکە و جێگرتنەوەیان بە زاراوەگەلی کۆنیان وشەگەلێک کۆن لە شێوەزارەکانی تورکییان وشەگەلێک نوێ کە لەرەگی کۆنەوە دروست کراون. کۆمەڵەی زمانی تورکی (تورک دیل کورومو) کە لە ساڵی١٩٣٢دا دامەزراوە، زاڵ بوو بەسەر کۆکردنەوە و بلاوکردنەوەی وشە درەوشاوەکانی تورکی بۆ بەکارهێنانلە جیاتی وشەگەلی بیانی. جەماوەری گشتی بانگێشت کرا بۆ پێشنیارکردنی جێگرەوە بۆ وشە و دەستەواژەگەلی ناتورکی و زۆربەی ئەوانیش وەلامیان دایەوە. لە ساڵی١٩٣٤ لیستێک لە وشە نوێیەکانی تورکی بلاو کرا و لە ساڵی١٩٣٥ لەرۆژنامەکاندا دەستی بە بلاوکردنەوە کرد.

خولیایراستکردنەوەی زمان لە ناوەراستی١٩٣٠کاندا زۆر بەرز بوویەوە. هەندێک لە چاکسازیە پێشنیارکراوەکان بەحەدێک بوون کە تێگەیشتنی زمانیان ئەستەم دەکرد. هەرچەندە بیرمەندان و دەمارگیرەکانی پاککردنەوە پشتگیریان لە سڕینەوەی تەواوی هەموو وشەکانی ناتورکی دەکرد، بەلام زۆر لە بەرپرسان ئەوەیان دۆزییەوە کە هەندێک لەریفۆرمە پێشنیارکراوەکان ئیتر زۆر گاڵتەجارین . ئەتاتورک کێشەکەی بە داهێنانێکی سیاسیی داهێنەرانە چارەسەر کرد کە سەرەرای سەرسوورمانی شارەزایانی زمان، بۆ ناسیونالیستەکان سەرنجراکێش بوو. ئەو پێشنیاری تیۆریی زمان-خۆری کرد کە لەرووی مێژووی زمانیەوە نادروست بوو بەلام لە بواری سیاسیەوە کارامە بوو، و وەها بوو کە دەیوت تورکی"دایکی هەموو زمانەکان"ــە و بۆیە هەموو وشە بیانیەکان لە بنەرەتدا تورکین . بۆیە ئەگەر هاوتایەکی تورکیی گونجاو بۆ وشەیەکی بیانی نەدۆزرایەوە، ئیتر کێشەیەکی نەبوو و هەر ئەوە خۆی وەک تورکی پێناسە دەکرا.

لە کۆتاییەکانی١٩٤٠کاندا دژایەتییەکی بەرچاو بۆ بزووتنەوەی پاککردنەوە دەرکەوت. مامۆستایان و نووسەران و شاعیران و رۆژنامەنووسان و سەرنووسەران و ئەوانی تر بە ئاشکرا دەستیان کرد بە گلەیی لە ناسەقامگیری وشەگەلی بە فەرمی پەسەندکراو. لەساڵی١٩٥٠ کۆمەڵەی زمانی تورکی پێگەی نیمچە فەرمیی خۆی لەدەستدا. دواجار هەندێک وشەی بەقەرزگیراوی عەرەبی و فارسی لە بلاوکراوەکانی حکومەتدا دەرکەوتەوە.

کاریگەریە درێژ خایەنەکانیراستکردنەوەی زمان جۆراوجۆر بوون. ئەلفبێی فۆنتیکی کە لەسەر بنەمای ئەلفوبێی لاتینی دارێژرابوو، ئاسانکاریی بۆ دەستکەوتنی خێرای خوێندەواری کرد. سەرەرای ئەوەش، گەشەپێدەرانی زمانی تورکیی مۆدێرن بە ئاگایی زاراوەی زانستی و تەکنەلۆجیان هاوردە کرد لەنێو ئەم زمانەدا. ئەمریفۆرمانە بە دروستکردنی زمانێکی جەماوەرییەکپۆشی کە بەم زووانە ئەدەبیاتی خۆیشیپەیدا کرد یارمەتیدەر بوون بۆ کەمکردنەوەی بۆشایی زمانەوانی نێوان چین و توێژەکان کە میراتی کۆمەڵگای عوسمانین. هەرچەندە بەرهەمە تازەکان کێشەگەلێکی تایبەتیان لەبەر گواستنەوەی وشەکانی کۆن و نوێیان بوو، بەلام تورکیی مۆدێرن وەک زمانێکی ئەدەبی بەپیت گەشەی پێدرا چونکە نووسەران و شاعیران لەم چەمکە نوێیەدا بە تایبەتی لە دوای ساڵی١٩٥٠ بەرهەمگەلی بەهێزیان نووسی . هەرچۆنێک بێت تێچووی پاککردنەوەی زمان بۆتە هۆی نامۆبوونی توند و هەمیشەیی لەگەڵ کەلەپووری ئەدەبی و زمانەوانی عوسمانیدا . هەرچەندە هەندێک لە نووسینەکانی پێش کۆماریش وەرگێردراون بۆ ئەلفوبێی نوێ، بەلام لەبەر وشە و سینتەکسیان بۆ ئاخێوەرانی تورکیی هاوچەرخ بۆ تێگەیشتن زەحمەت بوو.

زمان ریفۆرمی زمان وەک پرسێکی سیاسی لە تورکیا ماوەتەوە . هەر دەیەیەک دوای مردنی ئەتاتورک بە هەڵوێستێکی تایبەت لەسەرراستکردنەوەی زمان دیاری دەکرێت. ریفۆرم و کاربەرنامەی زمانیی مۆدێرن لە سەردەمی حکوومەتە ئازادیخوازەکاندا پاڵ پێوەنراوە و لە حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی وەک حکوومەتەکانی ساڵی١٩٨٠دا جەختی لێ نەکراوەتەوە. هاوکات بەرهەمە ئاینییەکان وەک ئەدەبی عەلمانی کاریگەریان لەریفۆرمی زمان وەرنەگرتووە. بەرهەمە ئاینییەکان بەردەوامن لە بەکارهێنانی وشەگەلی زۆری عەرەبی و فارسییە و سینتاکسی زمانیشیان هەر وەک فارسییە. سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی سیاسی ئاییینی بەناوبانگ لە سالانی ١٩٩٠کان بووە هۆی هاتنەوەی وشە و زاراوە ئیسلامییەکان بۆ ئاخاوتن و زمانی تورکی.

## هاواری‌کوڵبەر



پاوە. ئوسمانی ڕەحیمی هەجیجی

ئاخ لەڕەنگ زەردیم لەبەربێ‌کەسیم
هاوارلەبەختو چارەی‌بێ بەشیم
ڕەنجاوم لەژین سووتاوە جەرگم
لەپەرێشانیم ڕازیم بەمەرگم
حەیرانم‌لەچەرخ لەبەزمووڕەنگی
خنکاوی‌خەمم هەربەبێ دەنگی
خوێنووهارەقم کردم پیمانە
سەربەسەربۆژین لەمنیشتمانە
باڵەهاوارم عالەم تێ‌بگات
مەئیۆس‌لەبەختم کاتم هەرنەهات
بەختووچارەی‌من لەحەق بێ‌بەشبوو
لەبەربێ‌عاریم چرای‌ماڵگەشبوو
بەکوڵ‌بەکوڵیم لەهەورازو دۆڵ
بەلێوی‌تینووم لەکێوانی چۆڵ
چی‌بکەم بەو بەختەی واپێم دراوە
ناوی‌قاچاخچی پێم سپێندراوە
سەرباز دەلای‌بە تفەنگوو تیرت
ڕەحمی‌ئینسانی بێنەلەبیرت
مەبە بەقابیز بۆبەختوو ژینم
مەشکێنەدڵی پرلەبرینم
سفرەی‌ژینی‌من پرلەخوێنە
عەزمی‌مەردانەت لەدڵ بنوێنە
سەرباز هاواری منداڵ بەسۆ یە
بەرزترلەناڵەی تفەنگی تۆیە
دڵی‌منداڵم هەربەئاواتە
بارەنگ زەردنەبێت لەم سەربیساتە
فریادوناڵەی بەردئە تا وێنێ
ئاواتوو هیوای دڵئەلا وێنێ
سەربازدەخیلم ڕجامە لەتۆ
بۆتیکەنانێ مەمکەڕەنجە ڕۆ
کوڵبەری هەژار دڵ پەرێشانم
بەبێ‌دڵسۆزوو ناوونیشانم
چەندەهای‌ساڵە ئەوژینە بەشمە
شاهێدم‌خوێنوو هارەقی‌لەشمە
زەمانەهەموو ڕێگەی لێ‌بەستم
فەناچوو بەختی ئاواتوەهەستم
ڕەنگی‌جوانیم لێم هەڵ وەریوە
گوریسی‌کوڵم شانمی‌بریوە
بەوهەمووکوڵەم لەبۆ منداڵان
ئەی‌برم‌دۆڵوو هەورازوو یاڵان
تا بەڵکوومنداڵ لەخەمان دەر بێت
مەحتاجی‌دەستی نامەردانەبێت

## ڕاساو



سەقز. لەتیف عەلەوی

وا شوکر دیسان تەمەن ئەو دەرفەتەی پێمداوە ئاو
وێنەیەک بگرین بەجووت، سۆمایە،تین و تاوە ئاو

ماوەیەک بوو ڕوخسەتی دیمانەیەکی دیم دەویست
ئێستە دڵخۆشم نە کەیلم چونکە وەک خۆی ماوە ئاو

ڕۆژ ستاردەگری لە هەر شوێنێ کە دەنگی لێوە بێ
چەشنی مۆسیقا هەموو هەستێکی ڕاکێشاوە ئاو

پرژە پرژی سەد بەهای داوە بە ژینگەی نیشتمان
بانگی ڕاسانە لە ناخی قەڵبەزە، ڕاساوە ئاو!

سەد تەبیب نابن بە قامکێکی لە بابەت ژینەوە
چاوگەیە بۆ ژین و مان هەر بۆیە شوێنگەی چاوە ئاو

بەو زمانی نەرم و هێدی، دار و بەردیش نەرم ئەکا
هەرچی پەرچی ناوێ گابەردی زلی تلداوە ئاو

خۆزگە بەو کوێستانە بێ وا گوێی لە دەنگی ئێوەیە
هەر وەکوو هەستی " لەتیف" دەرژێتە نێو دەریاوە ئاو.



سنە. زەمان

کوردستانی خۆشەویستم حەیرانی تۆم
چاوهەڵێنەو بە نیگایێ بروانی بۆم
سروشتی جوانت بەهەشتەو بێ وێنەیە
خاکی پاکت کڵەدانە بۆ چاوی خۆم

❀❀

چاوەڕێ بووم بی بکەم بۆنی هەناسەت
هەرنەهاتی ماچ بکەم ئەوچاوە ڕاسەت
بوو بەباران دووکەڵی ئاهم لە دووریت
تابزانی هەورە شریخەم بۆ پێناسەت

گۆڤاری ئێلێکترۆنی لە داوێنی ئاربەبا

## شاعیره شوانه

به نێوی خوای مەزن



سەردەشت گووندی دوولکان. سابیر بێتووشی

وەک هەموو ڕۆژان هاواری کرد، گاران ڕۆیی هۆهۆ، مستەفا میراتی بابی بوو، بۆی به جێ مابوو، شوانی گاگەلی دێ بوو، ئه و کوورێکی لاو و قیت و گوورج و له سەر پێ بوو، هەر له منداڵیەوه شوانی بەرگیک بوو به باڵای براپوو، ئەو کووره فەقیر بوو، بۆیه پێیان دەگووت مچه.

ئێتر هەمووو بەیانیەک، هەر زەرده له سەرانی دەدا هاواری دەکرد، ژن و کچی دێ گوورج و گۆل و هەڵماڵراو،له مێژه له خەو هەڵستاون، دەڵه ی دم و چاویان به سەد ئاوان شۆراوەتەوه، تۆزقاڵیک خەواڵوویی له چاویان دا نەماوه، چوونکه کار و ماندوویان زۆره، مانگایان دۆشیوه و گوێرەکەیان تێبەر داوه و سەتڵه فافۆنی شیریان به دار بانیژه هەلاوەسیوه، هێندەی بڵەی یەک و دوو، ماڵاتیان گەیانده بەر دەرگەی مزگه ووت و وه پێش مچەیان دان، پووراپشێ گووتی مچه، ڕەبی ئەنگاوتەی جند و پەریانت لی دا، گارانی دوێنێت برد بۆ کوێ؟ نەلەوەرابوو، شیرەکەیان نیواو نیو کەمی کرد بوو، له وڵامدا مچه گووتی: ڕەبی ئەگەر یەکن و ئەگەر دوون ده سەرم گەرێن، له گەرکێ ئاخیری دێی، پوور فاتمێ له بەر ماندووی، دەرنگ وه خەبەر هاتبوو، هەروا خێرا خێرا،خووشەی شیر دۆشینێی بوو، هاواری کرد مچه پەلەی مەکه، مچه گووتی دەک لێ ڕاست نه بیه وه کابانوێ، ئەوه نانیشت لێ خەسار دەکەن، پووره فاتمێ گووتی چەقه چەق هەتیوه،هێنده ماندوو بووم، وەڵڵا ئێستاش هەموو لشم دێشی .

جاری وایه مچه گوێلکه لاساریک، مانگا زینەخرۆیەکی له ئێواره دا، له گەل گاران نایێت و دەبێ به ماندوویی لای شێوانیکی درەنگ، به دوای دا بڕواتەوه لەوەرگەی ئەو ڕۆژه، جا وا هەیه نایبینێتەوه و پەنا دەبەنه لای مەلا که زاری گورگی لێ ببەستی.

ئەوه شانۆگەریه، هەموو ڕۆژان له یانەی سادەو ژێکەلانەی ژیانی لادێ دا، نواندنی دووپاتی دەبێتەوه.

خەڵکی دێ، ئەکتەری ژیانێکی ساده و ماندووی جستەیی کار و باری ڕۆژانەن، پیاوان درووێنه و شوانی و مازوو چنین و توتنەوانی و دار هێنان و ڕەز برین و بەرپاچ و ئاودێری و... ئافرەتانیش شیر دۆشی و مەشکەژان و ئاغەلماڵین و بژاری بەر و دێبەر و دروست کردنی په نیر و لۆرک و شیرێژ و...

مچه لاوه بەلام، لاوێک بێ بەش له بەرگ و پێلاوو گووزەرانی باش و به ڕەنگ و ڕوویێکی هەژارانەوه، بەلام قیت و قۆز و قسه نستەق و شۆخی باز و به گەمه، هەڵس و کەوتی مچه وای کردوه که هەموان خۆشیان بوێت، به بێی هەڵنەکەن، هەموو کات گەمه و قسه خۆشەکانی تام و خوێ نیو خەڵک و کوور و کیژه لاوەکان دەبێت، هەر به بەهانه دەیبزێونەوه تا شتێک بڵێت، لەو کۆمەلایەتیه بێ فێل و خۆماڵیانه دا مرۆڤ هه ست به ئازاری دەروون ناکات و ماندوویی ڕۆژانەی کار و وەرزێری ئارەق و تینی دەسرێت و دادەمرکێنی، لێره و له ناو ئه و دۆخه بێ فێل و ساده و ساکارانەن که هیچ له درۆ و دووڕووی و بێ متمانەیی نازانن هەموو شتێک له جێی خۆی دایه دین و پاکی کرده و گووته لێک ناترازێن،کینه و بوغز و کیبەرکێی دونیا و سامان، له هیچ ماڵ و دڵێک دا دەست ناکەوێت، هیچ ڕووخسارێک دەرمان و میکیاژی درۆی پێوه نیه، ڕوومەتی کچانی دێهات جگه له سووراوی سووتانەوەی تاوی نیو مەڕ و تووتن چەقاندن و دەسکەنەی نۆک، وه له زستان دا سڕ بوونی بەر سەرما و بەفر و بۆران ئاڵ بوونی سەر کوڵمان ڕەنگیکی دیکەی به خۆوه نەدیوه و ناویشی نەبیستوه، جگه له سوورمه و خەنه، که نیشانەیان له چاوان و نەخشی سه ره پەنجان، وەک ڕۆژی ڕوون دیارن، ئەوه ڕێک ئەو مەملەکەت و ژینگه و دەورانەیه، که دەبێته کانگایئەوینەێکی ڕاستەقینەیبه واتای تەواوی خۆیی.

مچه لاوێکی شوانی هەژاری بێ بەرگ ،بەلام دڵ پڕ ئارەزوو و حەز و ئاوت و خوێن گەرم، هەموو کازیوەیەک، گزنگێکی دیکەی له پەنادا به دێ دەکا، شەرمێون نیه و سڵی له هیچ ناکا،بەلام بەلام به دیتنی فاتم ڕەنگ و حاڵی دەگۆڕێ، دولبەرێکی چاو ڕەشێی خۆش ڕەوتی نۆ لاو هەموو بەیانیان له گەل هاواری گاران ڕۆیی دەرگه و ڕێگه و کۆلانی ماڵیان هەنگاو به هەنگاو به سۆمای چاو دەپێوی، دڵی بردوه به دەست خۆی نیه چاو له باڵای نابزێوی،دەیهەوێ شتێک بدرکێنی، دڵه تەپه ڕێگەی دەربڕینی نادا، ڕوو وەردەگێری و دڵی نا، جستەی بەرێوه بەلام دڵی نا، ئەو تا ئێواره هاودەمی مانگاکان و دار و بەندن و لێرەوارو چیاو شیو و دۆڵ و جریوەی چۆلەکه و گڤەی با و کانیاو و کەتریه ڕەشه و نسێو پانتاوو قاسپه ی کەوو فرەو فیجوی سوێسکه و قومری و گمەی کۆتر و قەل و بازەڵه بێت، هەمووی ئەوانه لایەک و سەودای ئەوین و خیاڵی فاتمێ دڵداری له لایەک له دەروونی کلپه گرتووی دا دەبنه ڕوومانیکی پڕ ڕەنگ له گەل نارنارۆکەی پلوسکەی کانی و ورته و وێردی مەل و گاڵه شەماڵ، گۆرانی و حەیرانان دەڵێتەوه، ئەگەر یاری من ناناسن یاری من شلکه سێوه شلکه سێوی سەرلکانه کۆڕپه بەرخەیه له پێش مێگەلانه ئەگەر ناوی نازانن ئەوه خاتوو زینێ خووشکی میر زەینەددینی میراوەدلانه ئەگەر به مەملەکەتی نازانن ئەوه له جەزیره و بۆتیانه.

❋❋

ڕۆژ به ڕۆژ هەوای مچه دەگۆڕی و ئەو شۆخی وگەمه و قدیلکەدانانەی ڕۆژانی پێشووی کەم دەبێتەوه و هەوای ئەوینی فاتمێ، هەڵس و کەوت و قسه و کرده و ئاکاری به ئاقارێکی دیکه دا دەبات و له گەل جارانی زۆر جیاوازه،هزری تەواو تێک چوه، ئەو هەر زۆر زووتر له ڕۆژان بەیانیان له خەو هەڵدەستێ و دێته دەری مزگەوتی ڕاوەستان و ڕوانین و دانیشتنی، له گەل جاران جیاوازه، ئەو هەر گەرەک و کۆلان و ڕێگه و ماڵیکی له بەر چاوانه ئەویش لای ماڵی دڵدارەکەی، مچه لاقەکانی بەرەو کێو ڕۆیشتن شل دەبن و حەز لەو دوورەیه تاقەت پرووکێنەی تا ئێواره ناکات به لام ناچاره چی بکات بەلام له ڕێگه و سەر کانی و سێبەره مازوێن و دۆڵ و شیو و دەراو و سەر تاتەبەرد و ناو نزار هەر خوولیای خیاڵی یاره بۆیه به نەخوێندەواری و دوور له شارەزایی یاساو ڕێسای شێعر هەستی دەروونی پڕ کووڵی وه جۆش دێت و وشه به وشه دەبنه هه ست و مڵوانکه ی مرواری شێعری پێ دەهۆنیتەوه و هەر له دنیای خیاڵی دا له گەرن و ملی گراویلکەکەی دەکات.

هەموو ئێوارەیەک کابانوەکان به چاوەروانی هاتنی مانگاکانیان سەتڵ و داردەست به دەستەوه و له سه ر به رد و دار و په نا دیواری ماڵێ دانیشتوون، له ساتی گەیشتنی گاگەل به ناو دێ دەبێته هۆرەی مانگا و بۆڕەی گوێرەکه و قاو و قوله ژن و پیاوو مندال، هه ر که مچه له نێو ئاپۆرەی ئێوارەی دێ دا چاوبگێر یارەکەی دەبینی هەموو شەکەتی دەرەوێتەوه، ئەو شێعرانەی ئەو ڕۆژه به دڵی دا هاتوه و به ورته ورتی لێوەکانی

تۆماری کردوون بە تیشکی چاوەکانی دێر بە دێری لە پەڕی ڕوومەت و گەرنی یارەکەی دەنەخشێنیت و هەنیەی فاتمێ دەبێتە مەسحەفی شێعری ئەویندارێ مچە و لە ڕۆژانەی دووری ئەو دا مەتالای دەکات.

هاوارم برد بۆ سوبحانی بۆ خاتری غەوسی گەیلانی
سێبووریم دەی بە پەنهانی بۆ منی شێت و بەستە زمانی
یا خوا هەناسەم بیگرێهاوارم برد بۆ مەلایان
بۆم بکە دەورە دووعایان بۆ خەتخۆش و میرزایان
چەن مووبتەلام بە پوورزایانئەی لە خۆشم بێکەسێ
هاوار یا پیری دەسگیرهیمدادم بۆ تۆ هێناوە
جەرگم وە قەقنەس سووتاوەکاری منت کردوە ساوا
ئەی لە خۆشم بێکەسێئەو شاعیرەی ناو مستەفایە
بێ شکە عاشقی خوادایەکەس نازانێ حاڵم وایە

ئەو بۆ خۆی کە جان فیدایە مستەفا بۆ هەڵوەدایە
دایکی دڵرەق بێرەزایە ئەی هەناسەم بیگرێ
مەعشووقەی من فاتمە ناوە نجەرگم لە بۆ وی سووتاوە
پوورم دەڵێ برۆ بەو لاوە خوات گرێ تینت هێناوە
ئەی لە خۆشم بێ کەسێ جەرگی من ئاوا دەسووتێ
وەکو ئاوری مەنجەنیقی هەڵدەپرووکی وەک پەپووتێ
پادشای نووری ئۆممەتێ نەمخەی چاڵی زیللەتێ
ئەی لە خۆشم بێکەسێ

❃❃

مچە کەم کەم شێعری سازگارتر دەبێت و زۆرێک لە دیمەنەکانی دەورەوبەری بۆ دەبنە ئیلهام و بێ سلینەوە هەستی دێتە جۆش و دەیکاتە بابەتێکی خۆش. بە ڕێرەوی لە ناو دیبەرێک کیژە نازەنینێک دەبینی ناو ڕەعنا لە بەر بەیانیەک دا گوڵ دەچنێ پێی دەڵێ

قەت گووڵ لە کنم بە ڕەعنا نابێ ریحانەیەکە و قەت سیس نابێ
ئەگەر بێت و گوڵێکیم داتێ دەبمە میری سەرقەڵاتێ
وەک زێڕۆی دەکەم حووکماتێ بۆچ گووڵەباخێکم ناداتێ

ڕەعنا بە دایکی دەڵێ مچەی شێعرێکی پێ دا هەڵدام دواتر کچەکە لە گەڵ دایکی دەبێ بۆ کانی ژنان دەچن مچە لە دەرکی مزگە ووت دەبینێ دەڵێ ئەوە چیت بە ڕەعنا گووتوە دیسان بێ تێمان دەڵێ

یارم دەڵێ حاڵێ نەبووم بە خەندێکی خەنی دەبووم
وەک مەجنوونی کێوی بووم وەک سەنعانی عاشقی دەبووم
یا ڕەب دەفعی خەمانم بێ

کوردی بەش مەینەت، هەموو کات بەشێک لە ژیانی، بیری ئازادی و شۆڕشگێری و هزری نیشتمان پەروەریە، بوونی ئە و هزرە لە ناو چین توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی بێ جیاوازیە، ئەو هزرە لە مچە و شێعرەکانی دا بە ڕوونی دیارە و ڕنگدانەوەیان هەیە.

مچە هەڵبەستێک ڕێک دەخات و مێرزایەک دەخوازێ تاکوو ئەو هەستەی نەکەوێتە ناو هەرۆڵی فەرامۆشی و بە وەستای قەڵەمگیری دەدا، تا بۆی بنوسێنی. دواتر بە نامەبەری نەناسیاو دا بۆ جێگەی مەبەستی دەنێری کە ئێزگەی پارتی زەمانی بارزانیە و دەڵێ:

مامۆستای قەرەداغی ساحەب کەیف و دەماغی
ئەو نامەت بۆ دەنێرم زووی بەیان کە گووڵی باغی
مامۆستای سەر ئێزگانی چەقڵێ چاوی (ج) انی
مەلا مستەفای بارزان مام جەلال تاڵەبانی
بوونە خدێوی میسری وەک ڕووستەمی زەمانی
پشت و پەنام هەر ئەتۆی یا مستەفا بارزانی
هەر بژی ئەو مەلایە فرزەندم بە قوربانی
چرای چاوی میللەتێ حەق وەرگری سلێمانی
دەک بژی ئەو مەلایە بۆتە ئەمیر ئەرسەلان
خوایە هەر پایەدار بێ نەبینە کووندی قەلان

ئێتر مچەی بێ بەش و هەژار و خێر نەدیو، خۆی و هەست و ئەوین و ئاوات و شێعر و دڵە پڕ لە حەز و کووڵ و ئاواتەکەی دەباتە ژێر خاک و بە حەسرەتی ئازای و سەربەستی نیشتیمان و هیوا خنکاوەکانیەوە بۆ هەتاهەتایە سەر دەنێتەوە.

مچە گەلێک شێعری دیکەی لە دوا جێ دەمێنن کە بە داخەوە لە بەر نەخوێندەواری خۆی و نەبوونی خەمخۆرێک لە کاتی خۆیدا و زۆریان تێدا چوون وە بگرە ئەوەی ئێستا کە ماون هەموویان گێڕانەوەیان لە زمان بێ سەوادەکانە کە دیسان ئەوانیش بەر تێکدان و نیو بە نیوە لە بیر چوونەوە کەوتوون.

## قەتارەیەک پەپوولە



سەقز . مریەم یەتیمی

لێم ئەپرسن شێعرچیە؟!

۱ـ شێعرلە تابلۆیەک دادووراوە
قەتارەیەک پەپوولە

۲ـ شێعر
لە زریانێکی سارد و سردا
لە سەر بەردێک بەستوویەتی
دلۆپێک خوێنی کۆلبەر

۳ـ شێعر
مەلێکی باڵکراوی ناو قەفەسە
کە ترپەی لێدانی دڵی
ئاسمان دەلەرزێنێ و
لە تماشای دا ناخمان
پڕ ئەبێ لە ئاور و
لە بەر دەمیەوە تێپەڕ ئەبین
ئەوەندەی منداڵێکی بێ دەسەلات

۴ـ شێعر
دڵی منە و
خاکی ژێر پێی
تۆ دایەگیان

۵ ـ شێعر
شەقامێکی قەرەباڵخە و
شاعیر زمانی خۆی لە بەرە و
لە شاری شەوارەی زرق و برقی ڕۆژاوا
پیاسە ئەکا

۶ـ شێعر نە شانامە و
نە داستانە
شێعر هەوری خەمە لە ناخەوە
ئەبرووسکێنێ و
دائەکاتە ڕێژنە بارانی فرمێسک

۷ـ شێعر
نامەیەکی عاشقانەیە
لە دەستی عاشقێک دا
لە ترسی مرەی هەڵکورووزاوێک
لۆچی ئەکات و ورد ئەیجنێ ...
چیدی هیچ کاتێ نایبیستی

## خەرەبور

وەزوان کەڵهوڕی



ڕوانسەر. محەممەد عەزیز ڕەحمەتی

من یەی خەری دیم ،لاغروشەل بی
دومی بریابی ، یەی گوشی قەل بی
وەژیر پاساریک، وەدەس مەگەس
هەی کوتیازەمین ،سەر و پاو دەس
تشنەو گوروسنە، خەیلی بی حاڵ بی
خەستەوهەمەفلوک ، دەرکریاماڵ بی
تواست بکەی ، وەزورعەرعەری
وەتەک کوتەکەو ، دانەناوسەری
تەکم داوەلای ، ئەحواڵ بەدی
وتم خەرەبور ، زانستم خوەتی
یەچەوەزعیکە ، ئەی جورهاتە پیت
چەبەلایەکە ، کی داسە وەلیت
گشت خەتای خوەتە ، ئەی خەرئەحمەق
چیتە ژیربار ، گشت حەق وناحەق
بارکەشی کەی ، سواریش وەپاڵێ
ئیوارەتییتەو ،وەدەست خاڵێ
هەوساریدش کەن ، وە دوای بارکەشی
نینەپیت ئەسڵەن زەرە دڵ خوەشی
کامەپالانت ، کامەسەرجلت
گەروگوربیە ، گشت شان وملت
بەسەخەرە بور ، قەبوڵ زڵم
کەفتیەسەلویتت ، شوراوەی چڵم
ئیوشن زوورداری ، زورت هاکورە
زورت بخەکار ، وەزعت ناجورە
نەکیشە هەرگیز ، بارموفتەکی
تودارای قودرەت ، هیز وجفتەکی
بی عقڵی بەسە ، زورت بخەکار
بوسیە مقاوم ، نەچوە زیر بار
عاقبەت یەسە ، موفتە باربردن
بایەدبلەنگی تاروژ مردن
دومت بریەنە ، گوشیش وەبانی
یەسە دەست موزد ، کارمەجانی
ئەحمەقی بەسە ، ئەی خەرنەفام
دنیا چەن ڕوژە ، عومرت بوتەمام
یەی فکری بکە ، تو وەحاڵ خوەت
یسەتەمام بی ، بویدە شەلو پەت
سب کە زمسان هات ئاوارەی وەماڵ
بویدەسە ڕیشخەند ، یەی چینێ مناڵ

گۆڤاری ئێلیکترۆنی لە داوێنی ئاربەبا

## مەر چە



ئیلام. رودوس فەیلی "مصطفی بیگی"

هەنی بێڕەنگ و بێدەنگ بینە، ڤەرچە؟
هەنی توورپاین ئەژەم، بیش ڤەم ڤ سەر چە؟
هەمەی زوونن ک گیۆنم ها ڤ قەێ تو
تو بیشی :"نە"، هەێ ئیشم: "مەر چە، مەر چە"

ترجمه
مگر چه ـ ۱ـ
باز هم دوباره، نیستی و ساکت شده‌ای، برای چه؟
باز هم دوباره، از من رنجیده‌ای، بگو به من، بر سر چه؟
همه می‌دانند که جان من به جان تو بسته است
اگر تو بگویی :"نه" ، همه‌اش از سر ترس و ناله خواهم گفت: نکنه که راست بگویی، نکنه راست بگویی
ـ ۱ـ مەر چە: مگر چه؟؛ اصطلاحا یعنی "نکنه اینجوری بشه"

*توضیح:
این شعر به گویش کوردی فەیلی "پهلەوی، پهلەیی"، لـهجەی ایل کورد پهله معروف به لـهجەی کوردەلی، در جنوب استان ایلام و جنوب شرقی عراق، سروده است.
کوردی فەیلی دارای دو لـهجەی عمده است:
–کوردەکارە؛ یا "ئەرائەرایانە، ئەرائەرا، ئەرازوان" ، خاص ایلات کورد شمال استان
–کوردەلی یا "ڤەرچەڤەرچە، وەرچەوەرچەیانە، وەرچەزوان"
این دو گونه در برخی ویژگی‌ها تفاوت دارند، از جمله
–تبدیل "ا" به "وو، ۆ، ڤ" وقتی که پس از "ا" حرف "ن، م" قرار می‌گیرد و گاه "ن" حذف می‌شود
–تبدیل "وو، ۆ، ڤ" به "ی"
–به کار بردن "ر" پس از فتحه در بن مضارع افعال از برخی مصادر همانند "بردن، خواردن، کردن"
گویشوران کوردەلی همان ایلوندان ایل کورد هستند که شامل اکثریت ساکنین شهرستانهای دهلران، آبدانانند که در شهرستانهای ایلام و مهران و استانهای بغداد، واسط، دیالی "دیاله/خانەقین"، عماره و بصرەی عراق یا به عبارتی شرق دجله ساکنند.
فەیلی، فیلی، مخفف فهلەوی یا فهلەیی است که اعراب از معرب کردن نام باستانی گویش اۆالی پهلەی باستانی که زبان رسمی دربار ساسانیان با پایتختی تیسفون و بغداد نیز بوده است، یعنی "پهلەوی" آنرا ساخته‌اند.
هنوز هم "پهله" نام شهری در شهرستان دهلران استان ایلام است که خاستگاه ایل کورد پهله و یادگاری از نام ایالت ساسانی پهلەی ساسانی است که با جغرافیای زاگرس میانی منطبق است.

---

ئیلام. رودوس فەیلی "مصطفی بیگی" به گویش کوردی پهلەیی "فەیلی" ایل کورد پهله ، کوردەلی

چە نەێزوونی؟ م ها لێڤەی تو بیمە
گرێ چاو ئەر دنم خاو تو دیمە
نە هەی تو، خوەت ڤلاتی زوونێ ئمکە
م خوەم نیمە، م ئژ دەس چیمە، چیمە

*ترجمه
مگر نمی‌دانی که من حالا دیوانەی تو شده‌ام؟
اگر هم لختی چشم بر هم بگذارم، باز هم خواب تو را می‌بینم
نه فقط تو که همەی این سرزمین می‌دانند، حالا
که من، دیگر من نیستم و از دست رفته‌ام که رفته‌ام



بۆکان. پەروین.نازری

شووشەی تەنیاییم
لە سەر منارە بەرزەکەی  مزگەوتی شارۆچکەی غوربەتی
کیژێک،
کە کڕ نەبوو، کوێر نەبوو، لاڵ نەبوو...
بەڵام خەم،
لە دێوەزمەی حەقایەتەکانی
نەنکی
لە شەوانی ڕەشی پاییز،
ڕەشتری هەڵدەگەڕاند،
پەساپەسا
دەکەوتە خوار و دەشکا!
ماری قەزا پاپۆکەی خواردوە
لە سارای تینووی خەیاڵی و
پێوەی دەدا و پێوەی دەدا
خۆر لە سێحری ئەنگۆرەیێکی سوورهەڵگەڕاو
جادوو دەکرا و نەدەبووە دۆی بەیان
لە گەڕی شایی ئاسمان،
تریفەی مانگ
بە لاشانی جریوەجریوی ئەستێرەیێک
هەڵواسراو...
کزکز دەیڕوانی
ئەو شەو، شەو ڕاشکا و
کازیوە نەئەنگوت و
سروە بە زوڵفی هەڵپاچراو
خوی حەشار دەدا لە شەرمان،
بڵێی ڕۆژی لێ بێتەوە؟؟؟
شووشەی تەنیایی
شکا و چرژا،
شکا و پینەی کرد هێرۆ
لاولاو تونوتۆڵ لە بەژنی هاڵا،
هێند شکا وپینە کرا، خارا...
شووشە نەما
بووە فافۆنێک و
بە هەر پەلەپیتکانی زرینگا!



مەهاباد. جەعفەر مەعرووف(ژیار)

چرۆی دوو لێوەکەی ئاڵت کە سەر لێوی دڵی گەستم
بەهەستی خۆت وەجۆش دێنی ئەوا هەستی دڵی هەستم
ئەتۆ ئەی دەشتی ڕازاوەی وڵاتی پڕ لە ڕازی من
نەرم نەرمە دڵی عیشقم دەلاوێنی دەکەی مەستم
بە دەنگی ئاوی ڕووبارت بلاوێنی بەیانی ژین
لەگەڵ سازی هەواری خۆت دەروونیشت وەدەنگ خستم
هەتا کەنگێ لە دڵدا، ڕایگرم ڕازی غەمی خاکت
غەمی سازی نەوای عیشقت، بە دەرووەستی دڵی بەستم
لە ئاهەنگی دەروونی پڕ لە ڕازت دا بە ئاواتم
سەدای عیشق و نەوای ژینم لە ئاسمانت کەوێ دەستم
دەروونم پڕ لەناسۆرە و هەناسەم کەوتە کۆتایی
"ژیار"ە و خاکی کوردستان لەگۆڕیشدا بە وی مەستم

## ئازادی



مەهاباد. بێخێش

چ خۆشە زایەڵەی دەنگێ کە دەیکـــا باسی ئازادی
دەبێ چۆن بێ بە ڕاستی؟لەززەت و ئێحساسی ئازادی
بەڕام بۆنی خۆشی دێ لە داوێنی بە سەد شێوە
هەڵاڵە سوێسن و سونبول،شلێر و یاسی،ئازادی
بە سەر چێ چاوەڕوانی، کامەرانی بێتە ئاکامی
لە بۆ زاوای ئەوین و ژین، وەکوو بووک خاسی ئازادی
قوماری نەردەکەی ئەشقە، نەبینم بەکرە شوقاری
هەموو تەک خاڵی زین و جووت شەشە دێ تاسی ئازادی
چەپی و نامۆیی نابێتە گەز و پێی خاک و ڕزگاری
بە خوێن پێوانە دەکرێ ڕووبەر و مقیاسی ئازادی
هەدا نادا خەیاڵی پەست لە مێشکی دایە ئاژاوە
کە ئاوا کەن لە دەست دەرچی خزە وەک ماسی ئازادی
منم پاڵەی بەکاری کوورد بەڵێنی بێ وڵات و خاک
بژاری دڕک و داڵی کەم بە نووکی داسی ئازادی



سنه. مۆسلێح دیداری

من چکۆنا
کام هەوار ماواما!؟؟
مامەیم کیاسا سنۆقێ نماکاش بیۆزووە
من دلی تلانۆ ویرەوەریەکامەنە
شۆنۆ وەزە سمۆرا گلێنێ

چەمێم نەترەکەی بێنێ
بیا ڕاویاروو ڕاو بانوو چەمات
هێشتا هەنارو لچەکات نەترەکابێ
مارەشا بریەی پەی کۆتەرێوێ

ئیسە وینیمەوە مەژناسیم
چەمێم دەیشا بە وەزە کۆرەکاو مزگی
و پالاکێم دزیێشا

قالاوێوێ ڕوو سیاو بی دامو سەیادیوی ڕیشچەرمەیوە...
و من بیانی توشو تۆوە
ژەنی بێنێ
تا خوای حەرەکەت دەیبێنێ
پەرە بێنێ قلی
بەڵام باڵات بیەبێ تۆرەکەو خەما
چەمێت تەمێ سەرکەشا
وارانوو وەهاری وارێنێ
قرمەت نەبێ
دەسە واڵێت اسکاجێو بێ
سازت زرو پیاڵاو هاواروو سەماوەری بێ
ئەنگوسە نەرم نیانەکێت شانە و کەڵکێتو تەونێ بێنێ
واتم خەریکو چێشیەنێ
واتت مەردەی...
ئەی ژیان!؟
واتت ئارۆ نەمروو سەبەی کوشام
پەرسام تۆ زاوڵەو کێت ماچا!؟
واتت ئەدام تەونە بێ و تاتەم داس و برام کاردێ
واڵەکێچم گزیێوی باڵا بەرزە بێ
داشا بە شوو
بە پیالێوی زەین کۆرێ
تەنوورەو زامەکاو ئەرایم پاکە کەرێوە
ئەیری سۆچنا

منیش خەریکو مەردەیەنا
وێم نەمروو و کەس نەکشۆم
بێتاقەتێی ئاخرش ڕێو دەسدرێژ کەرا سەرم و سەرەم برا...

## جنۆکەی عەشق



مەریوان. حەمزە دەستوور

جنۆکەی عەشقت لە ئێوارەیەکی زۆر درەنگانی هاوینێک
لەسەر کانی حەز و خۆشەویستی
لە دارستانی ئاواتەکان
لە وڵاتی تەنیایم
کاتێک پیاڵەی خەیاڵی ماچیم بە لێوە نا دەستی لێ وەشاندم
شێخ و مەلا نەما بۆ چارەی ئەم دەردەم پەنای بۆ نەبم
کە چی چارەم لای شێتێک بوو
شێتم کرد بە تەبیبی شێتی خۆم
پێی گوتم چارەو ویساڵە و
موسەکنی دەردت دیدارە و
بەرهەمی ئەشعارە
بۆیە لەو ساتەوە شیعرەکانم دەکەم بە دیاری بۆی و
دەچم بە دزی مانگەوە سەیری مانگ دەکەم و
دوای ئەوە کەمێک لە دەردی شێتیم بە دیدار کەمۆ بوو
بە دوو دەستم دێڕ بە دێڕی
شیعرە دیارییەکانی لەگەڵ باوشێک
وردە دیاری خۆشم دەوێیت پێشکەشی دەکەم و لە پێش خەوتنی
ئەستێرە کان و بانگی کەڵەشێر
دەستم بە دەستی دوورییەوە دەدەم
دیسانەوە لەگەڵ شێتی و شیعر و شەو  شاراوەیی و شەرمەزاری
دەست بە نووسینی دیارییەکی تر بۆ جێژوانێکی خەیاڵی تر دە کەم

## سەفەر



بانە. زیوەر عەبدووڵڵاهی

سەفەر
 باری منی بەستوە
لای وایە هەموو شتێکی بۆم هێناوە
ئاگادارنیە
لێم تێناگا
پارچێک لە دڵم بەجێماوە
زیوەر
شەوی قەدر
نیوەی شەوە و دنیا لەخەوە و کاتی ژوانە
بۆ خەڵوەتی بەینی من و تۆ تازە بەیانە
 خوشتر نیە لام هێیشتێ وەکوو شەربەتی دیدار
قەدری شەوی تۆ لای منی بێخەو چ گرانە

گۆڤاری ئێلیکترۆنی لە داوێنی ئاربەبا

## چیرۆکی ئیمامی هەمزە

لە دەم کتێی هـــەگبەی مامۆستایەکی لادێ



بانه. ئامینه عەزیزی" سروور"

ئیمامی هەمزە چەند ژن دێنی بەلام لە هیچیان ناحەسێتەوە. سەری خۆی هەڵدەگری تادەگاتە ئاوەدانییەک. تووشی ژنێکی «سک‌پڕ»دەبێ و بیرەوەری خۆی بۆدەگێڕێتەوە. ژنەکە دەڵێ: ئەگەر کوڕم بوو بۆ خۆم، بەلام کە کچم بوودەیدەم بە تۆ ! بۆ خۆت بەخاوەنی کە. پاش ماوەیەک بە ئەمری خودا ژنەکە کچیدەبێت و لەسەر قەول و قەراری خۆیدەیدا بە ئیمامی هەمزە. ئەویش هەڵیدەگرێت ودەڕوات هەتادەگاتە چۆڵ و بیابانێک. بە شیری مەڕەکێوی گەورەیدەکات و ناویدەنێ گوڵەندام.

کە گوڵەندام بە حەدی تەمیزیدەگات،ئیمامی هەمزە لە خۆی مارەیدەکات. پاش وەختاووەختێک خودا دەیانکا بە ساحێب کچێک . دوای ئەوە خودا کوڕێکیشیان پێ ئەدا. گوڵەندام بۆ "شێو و کوڵ" ی خۆی و منداڵەکان دە چێتە قەراغ چومەکەی نزیک خۆیان. وادەزانن غەیری ئەوان، هیچ کەسێکی کە، لەوێ نییە.ئیمامی هەمزەش خەریکی ڕاو و شکار دە بێ. ڕۆژێک کە گوڵەندام و منداڵەکان دە چنە شێو و کوڵ . گوڵەندام تا هات هەنگاو هەڵێنێ تایەک لە تا "سۆڵە" کەی لە پێ کات، ئاودەیبات ...!

کوڕی قەلاری فەرەنگ و هاوڕێیانی لە قەراغ چۆمەکە خەریکی ماسی‌گرتن دە بن. کوڕی قەلاری فەرەنگ دەڵێ: ئەم تۆڕە لە بەختی من بخەنە نێو ئاوەکە ...

کاتێ تۆڕەکە لە ئاودەردێنن،دەبینن تاسۆڵەیەکی پێوە بووە. کوڕی قەلاری فەرەنگ یەک دڵ نە سەد دڵ ئەوینداری خاوەن تاسۆڵەکەدەبێ. هەرچی حیسابگر، نجوومگر، کۆدەکەنەوە تا حیسابێ پەیدا کەن، ناکرێ و پەیدا نابێ. نەدەرزی دە پشکێ و نەدەزوو ئەپچڕێ. قسەدەم ئەو و ئەوودەکەوێ کە کوڕەکەی قەلاری فەرەنگ موژدانەدەدا بە کەسێک دەردی دەرمان کات. پیرێژنێک دەچێتە لای. هە والێ دە پرسێ و دەڵێ: کوڕم، چت لە دڵدایە بۆم بگێڕەوە. بڕوات بە من بێ کە لە خەم ڕزگارت دەکەم.

هەرچی کوڕی قەلاری فەرەنگ دەڵێ :دایە پیرە دەردم بە تۆدەوا ناکرێ، وازم لێ بێنە؛ دایەپیرە کەم دەبیستێ .هەتا کوڕی قەلاری فەرە نگ ئەوەی بووی و نەیبوو، بۆ دایەپیرەی کۆنەساڵ دەگێڕێتەوە .دایەپیرە دەڵێ :بە من نەبێ بە کەس کارت سەر ناگرێ .بنێرە لای نەججار، چەرخ و فەلەکم بۆ ساز کەن. پاش ماوەیەک کە چەرخ وفەلەک ساز کرا، پیرێژن سواردەبێ و دەڵێ :چ ڕۆژێک لە حەوتە تاسۆڵەکەت پەیدا کردووە، ئەو ڕۆژە بچنەدەم چۆمەکە .تۆرەکە بخەنە ئاو، کە تاسۆڵەی پێوە بوو، لە قەراغ چۆمەکە بەرەو سەرەوە ڕێکەون، هەتادەگەنە لای من .پیرێژن خۆی و چەرخوفەلەک کەمەدڕوا، زۆردەڕوا، ماڵی ئیمامی هەمزە چاودەکات. چەرخ و فەلەک حەشار ئەدا .خۆی خۆلاویدەکات و لەسەر ڕێگای ئیمامی هەمزەدا رادەکشێ.ئیمامی هەمزە کە لە ڕاو و شکار دێتەوە، چاوی بە پیرێژن دەکەوێ .بەزەیی پێدا دێت.دەیباتەوە بۆ ماڵێ .بە گوڵەندام دەڵێ :ئەم پیرێژنە بۆ ڕەفێقی و تەنیایی تۆ زۆر باشە، ئاگاداری بکە .گوڵەندام دەپرسێ :حاڵ و گوزەرانت چۆنە؟ چۆن گەیشتوویتە ئێرە؟ دەڵێ :ئەوە بەرەو حەج ئەچووم، پووڵم پێ بوو لێیان دزیم .ئێوەش سەدەقەسەری ئەولادەکانتان بەخێوم کەن.ئیمامی هە مزە دەڵێ :دایە پیرە، تۆ قابیل بیت، ماڵی خۆتە!

گوڵەندام پیرێژن هەڵدەگرێ تا بیبات لەگەڵ منداڵەکان شێو و کوڵیان پێ بکات. پیرێژن بۆ فریودانی گوڵەندام دەڵێ: ڕۆڵە لە م چۆڵ و بیابانە چدەکەن؟ وادەزانن غەیری ئێوە کەس نییە! بەلام شار خۆشترە، پیاوی جوانتر هەیە وەک تۆ جوان و گەنج ... بەدەم ئەم قسانە وە دەیباتە لای چەرخ وفەلەکەکە و دەڵێ: ئاوە چییە با بزانین؟ گوڵەندام دەپرسێ: بۆ غەیری ئێمە گیان لەبەری کە هەیە؟! ... تا دە گە نە قەراغ چۆمەکە پیرێژن تاسۆڵەکەی گوڵەندام دەخاتە چۆمەکە. لای ئێوارە دەڕۆنەوە. شەو ئیمامی هەمزە خەو دەبینێ لە خەویدا گورگێک زۆری بۆ دێنێ. وا تێدەگا گورگەکە بۆ بەیدەست کردنی هاتووە. بۆ گوڵەندام خەونەکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: لەوانەیە ژیانمان ئاڵۆز بێت . گوڵەندام دەڵێ: بیروڕات خراپ مەکە، هەستە بڕۆ بۆ ڕاو و شکار چاکترە. ڕۆژی دوایی چەند سوار بەرەو ماڵی ئەوان دێن. گوڵەندام هە تا چاوی بە کوڕی قەلاری فەرەنگ دەکەوێ، یەک دڵ نە سەد دڵ عاشقی دەبێت. بە گوڵەندام دەڵێن: شەو کەئیمامی هەمزە هاتەوە، بزانە بە چی بەیدەست دەکرێ.

شەو گوڵەندام لەئیمامی هەمزە دەپرسێ بەچی بەیدەست ئەبێ؟ دەڵێ: تۆ بچۆ زنجیری ئەسپەکەم بۆبێنە. گوڵەندام زنجیر دەخاتەدەستی، بەلام هەر دوودەستی لێکی دەپچڕێنێ.

ئیمامی هەمزە ڕوو لە گوڵئەندام دەکات و دەڵێ: تاڵێ لە کاکۆڵی تۆ و تاڵێ لە قژەسەری من ئەتوانن من بەیدەست کەن! گوڵەندام دەڵێ : ئادەی چۆن؟ هەتا گوڵەندام کاکۆڵی خۆی و قژەسەری ئیمامی هەمزەی لە دوو قامکی شادەی هەردوو دەستی ئیمامی هەمزە ی بە ست . ئیمامی هەمزە هەرچی کردی و کۆشای خۆی بۆ ڕزگار نەکرا. گوڵەندام بەمجۆرە کوڕی قەڕاری فەرەنگ و هاوڕێیانی بانگەیشت کرد. بڕیاری گوڵەندام ئەوە بوو ئیمامی هەمزە بکوژرێ. بەلام کوڕی قەلاری فەرەنگ گوتی: لە چەرمی حەوت گامێشی بەستن و بیکە ن بە «پرد ». ئێواری و بەیانی خۆم و دوازدە سوارم بە سەریدا دەڕۆیێن.

حەوت ساڵ بەجۆرە دەمێنێتەوە. هەرجار کەدەچن بۆ شێو و کوڵ بەسەرئیمامی هەمزە دە پەڕنەوە. کوڕەکەی دڵی نایە و لە ترسانیش دەڵێ: پێم خۆشە بەناو چۆمەکە پەڕیمەوە. ڕۆژێک شانەکەیان لەبیردەچێ. گوڵەندام بە کچەکەی دەڵێ : بڕۆ شانە دارەکە بدۆزە وە و بیهێنەوە. کچەکە کەدەگاتە سەر باوکی، ڕمبەڕمب هەنگاو هەڵدێنێ ودەڕوا. بابی دەڵێ: دڵم ئەکا وەسوەسە، وەختە بمرم لە برسا.

کچەکەی دەڵێ: من کچی حەکاکم، شەرتە بیگێڕمەوە بۆ کاکم.

ئیمامی هەمزە دەپاڕێتەوە: یا پیر یا عەرەسە بایەک هەڵکە منی لەبیر بچێتەوە.

کە بای هەڵکرد، شانەی لەدەست دە کەوێتە خواری ودەچێتەوە و ئەڵێ: نەمدۆزیوەتەوە. گوڵەندام کورەکەی دەنێرێ: بەسەر بابیدا ناروات . شانەکەی هەڵگرت کە بروات باوکی گوتی: دڵم ئەکا وەسوەسە، وەختە بمرم لە برسا.

کورەکە لە خۆشیان دەڵێ: باوە گیان ئەوە ماوی، ئەوەدەچم نانت بۆ بێنم. شانەکەدەباتەوە و حەوت رۆژ بابۆڵە و رۆن دێنێ و باوکی تێردەکا.

رۆژی حەوتەم باوکی دەڵێ : رۆڵە شمشێرەکەم بۆ بێنە، کورەکەی دەچێتە سەر جێوبانەکە و شمشێرەکەی کە بە بنمیچی ماڵە کە وەیە دایدەگرێ ودەیبا بۆ باوکی. باوکی دەڵێ: رۆڵەگیان چەرمەکە لەسەر ملم هەتا بەری پێم هەڵدرە.ئیمامی هەمزە بەمجۆرە رزگاردەبێت.

شەو گوڵەندام خەودەبینێ لە خەویدا گورگێک هاتبوو، بیست و حەوت سەر مەری خوارد بەڵام کاورێکی نەخوارد. کە خەوەکە بۆ کورێ قەڵاری فەرەنگ دەگێرێتەوە و دەڵێ: تۆ بڵێی ئیمامی هەمزە مابێت؟ گوتی: جا چۆن پاش حەوت ساڵ ماوە؟ لە ترسان بە نۆکەرەکەی دەڵێ: بچۆ لەدەرەوەی ماڵەکە کێشک بدە.

ئیمامی هەمزە هەر ئەو شەوە بیست و دووی لێ کوشتن تادەگاتە ماڵەوە .پیرێژن دەگرێ، لینگ لە لینگی دەنێ و هەڵیدە قەڵەشێنێ و دەیکا بە تۆتیا. کچەکەی، دەڵێ :من ئامان باوکە... دەڵێ :نا رۆڵە، ئەی بۆ جوابت نەدامەوە، ئەویش دەکوژێ .هەروەها کوری قەڵاری فەرەنگ. دەگاتە گوڵەندام... دەڵێ :بە خاتری کورەکەم تۆ ناکوژم بەڵام شمشێرەکە لە سەرت دادەنێم و لێدەپرسم :ئەگەر پاکە، زەفەری پێ مەبە، ئەگەر پیسە، بیکە بە خەیار !شمشێری لەسەر دادەنێ بەئیزنی خودا لەسەری هەتا بەرپێی ئەیکا بە خەیار وەدیکوژێ .لەو ناوەدا کور و باوک پێک شاددەبن.

## شرۆڤەی پەندی پێشینیان ئەو ماستە بێ‌موو نیە!



بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی

کۆمەڵگا، گۆڕەپانی چالاکی و نواندنی توانایی و ئەزموونی مرۆڤەکانە. ئەم بوارە بەرینە بە هەموو شێوە، کردەوەی لەبار و نالەبار، روانگەی بەرز و نزم، جوان و ناحەز، هەڵسوکەوت، هەلینگدان، پێشکەوتن، دواکەوتن، چاوشارۆکێ، فریودان، شاراوە و ئاشکرا، خوازراو و نەخوازراو، لێبەدەرکەوێ.

بۆ ئەوەی لە تەڵە و فێڵ و داوی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ نەکەوین، پێویستیمان بەپارێز و پارێزگاری لە بیرکردنەوە و روانین و کردەوەدا هەیە.

دەبێ بزانین هەموو کات، رواڵەتی بەرچاو، دیمەنی ڕاستەقینە و جێگەی بڕوا نیە! زۆر لە ڕووداو و کارەساتەکان، ناوەرۆکی نەدیاری قێزەون و کرمۆڵیان هەیە. دەر و ژوور لە نێو هەموو مرۆڤ و پلانەکانی ژیان و تەنانەت یاساکاندا، یەکرەنگ و یەکسەنگ و یەکدەنگ نیە، غەور و غەش لە رواڵەتی ڕازاوەشدا، حاشارگە هەڵدەگرێ. ژیان بادرز و ڕەهەند و کەلێن و پێچ و پەنای نەدیاری زۆرە.

وابااشە بە دیتن و بیستنی هەموو رواڵەت و وتە و روانگەیەکی روونوێن، زوو شاگەشکە نەبین و.....

✫بۆ تاو و توێی کەند و لەندی ژیان، ژیری و تێبینی و روانینی بە سەرنج پێویستە. بۆیە دەڵێن: موو لە ماست دەکێشێ!

❋❋

زۆرجار کوتووپڕ، پێشنیار، داوخواز، کارەسات و ڕووداوی نەخوازراو و چاوەڕوان نەکراو لە ناو بنەماڵە و کۆمەڵگا دێتە ئارا. دەبیسترێ و دەبیندرێ یا ڕوو دەدا کە زۆر گوماناویە! واتە: هەموو کەس بڕوا ناکات، لە خۆڕا گوترابێ یا ڕووی دابێ. بەڵکە هۆکار یا شتێکی شاراوە و ناوئاخن لە پشت مڵەما و ئامانجی ئەم کارە هەیە. بەرواڵەت باش و دڵسۆزیە، بەڵام بێ غەل و غش و ئاسایی نیە، وێدەچێ ویستی نادیاری تێدابێ.

دیارە ماستیش جارجارمووی تێدایە و نابیندرێ، کاتی خواردن یا شێواندن دەردەکەوێ، زۆرجار تیکە و ئیشتیا، قێزەون دەکا. شتی ڕەش لە ناو شتی سپیدا ئەگەر بۆ ماوەیەکیش ژێرکەوێ و نەبیندرێ، ئاخری هەر دەدۆزرێتەوە و ئاشکرادەبێت!

لە بیرمان بێت:

ئەم پەندە دەڵێ:

ورد لە کردەوە و وتە بڕوانە / زۆر جار دانراوە، داو لە ژێر دانە

گۆڤاری ئێلیکترۆنی لە داوێنی ئاربەبا



سەردەشت ئەوین ڕەحمانی

بە بێ یادت ڕۆحی ویڵم هەمووکاتی بە دەم (بایە)
دڵم بۆ عەشقی پڕ سۆزت گـوڵم هەر دەرکە واڵایە

ورەم دەمرێ ئەگەر ڕۆژێ دەسم بەردەی لە مەیدانا
دەزانی بـۆ؟ بــە بێ تـــۆ دڵ وەڵاتێکی بێ ئاڵایە

لە دووری قامەتم خەم تێخزیــوە وەک کەڵە و خـارێ
لــە بێ مەیلیتە کـــووپەی دڵ سەراوڕێـــژی سکاڵایە

هەزاران خۆزگە و ئاواتم ئەوا دیسان کفن پۆش کرد
دەزانم خۆ لـــە ناو گۆڕیش هەمان دەردم لە پاڵایە

مەکە سەودا بە دڵ، ڕۆژێ دەبێ خاپوور قەڵای سینەت
مخابن بۆ کەسێ ناشێ کە، "دڵ" پێی وایــە کاڵایە

❋❋

وەتەن قوربانی قاسپەی سەرکەل و کوێستانی جوانت بم
بە فیدای مانگ و ئەستــێرەی شەوانی ئاسمانت بم

سروشتی جوان و ڕازاوەت وەکوو بووک تازە دەنوێنێ
بە سەرگەردی شەو و ڕۆژ و هەموو وەرزی ژیانت بم

❋❋

شەوە و دیسان لە سای دەردان دەناڵم
خەیاڵی تۆ خەمی هێنایە پاڵم

گلێنەی چاوی بردم ئەشکی دووریت
نەگوورا حەز لە ناو ژینی کراڵم

❋❋

تۆ لە ناخی بەردی ڕەق دەڕوێی ئەگەر ڕیشەت هەبێ
نارەوایە گەر لە ڕێی سەنگا دڵی شیشەت هەبێ

بەستەڵەک بتوێنەوە لەم نیشتمانە سڕ بووە
بۆ چرۆ هەڵدانەوەی دارانی ئەندێشەت هەبێ



شنۆ. دڵنیا دڵپەزیر

خەیاڵی من...
ڕووبارێکە بەرەو ژیان
لە پرچی خاوی تۆ دەچێ...
شیرینە وەک نووقڵ و نەبات
لە لێوەکانی تۆ دەچێ...
خەیاڵی من...
وەیلان و لۆژ
لە چاوەکانی من دەچێ...
جووانە بەڵام تیژ و تاڵە
لە خەندەکانی من دەچێ...
خەیاڵی من...
نادیار و دوور
لە دەستەکانی تۆ دەچێ...
شڕ و شپرز و شێواوە
لە پرچەکانی من دەچێ...
خەیاڵی من...
دڵڕفێنە...
دڵشکێنە...
بێ وەفایە...
لە "تۆ" دەچێ!

## فەرهاد و میترا



سەقز. فەرانەک کەریم ئابادی(فرمێسک)

عومرەکەت ناشاد و کورت بوو ، کوێر ببێ بۆت ئەم چەمە
شاقەڵا ڕەشپۆشە ئەمڕۆ چاوی دایکت پڕ تەمە
لێڵە بینایم هەڤاڵم باسی عەشقت چۆن نەکەم؟
چۆن نەڵێم هەی ڕۆ برام چوو، چەن بناڵم هەر کەمە
سەد مەخابن زامی مەرگت ئەستەمە هەرمانە لام
دەک بە لەعنەت بن ئەوانەی وا شەریک بوون لەم غەمە
ئەی بە قوربان ئەو دڵەت بم وا دڵانی خۆش ئەکرد
بۆ بە جێت هێشت ئەو ئەوینەی شان بە شان زین و مەمە
من هەناسەم ماوە هێشتا چاوەڕێم تۆ بێیەوە
کۆچی عەشق و تەرمی ساردت چۆن لە بیرکەم ئەستەمە
حاڵی فرمێسک گەر دەپرسیت مات و مەبهووتە لە ژین
بۆ دەبێ کۆتایی بێنن، بە هەناسەی ئەودەمە؟؟



## یادت هەر دێت و دێت و..

مەریوان. ندا کەوکەبی

لەبیرتە؟
بە ژوورەکەمت وتبوو :
ـ ئێستا وەک جاران نەماوە
لەمێژە خۆشەویستیمان لە دڵی خاکا
نێژراوە
+دەی کە وای لێ هات, تۆ مەیە
قەینا..!
لەگەڵ ژوورەکەم دەنگت شی
ئەکەمەوە و
ئەیرێسم..
ئەیکەم بە کفنی خۆشەویستیمان و
ئەویسم
ئەویسم تا کۆتا پاسی نەهاتن و
هاتنەکانت ئەنێژم
ئێستا بەپێچانەوە..
یادت هەر دێت و دێت و
خۆت نایەیت..
کاتێ بۆ خۆم، باسی تۆ ئەکەم،
گوڵەکانی سەرمێزەکەم,
نێوچاوانی خۆیان تاڵ ئەکەن
نەوەک قسەیە بکەم
ئەڵێی باوکیان بووی, شێوەی تۆیان
ئەدا
کە ئەڕۆشتمە دەریش لە ماڵ
پێڵاوەکانت، چاڵ چاڵ
زکی بەفری بەردەرگاکەیان کون
کردبوو
ئەو کاتانەی لە تاو دڵی گڕ گرتوم
زستانەکان تواوبوونەوە و
زەینی من پڕ پڕ لە خەیاڵ
ئەو کاتانەی لە بۆ ئیرەیی بردن
دەستت لە سێبەری قژی
بەفرە وردیلەکان ئەداو
بە گاڵتەوە لێت ئەڕوانیم،
وەک ئەوە بوو کە هەر تووڕەیش
ببویتایە،
جوانیت بۆم ئەهاتە بەرچاو!!
کە بە ڕێگەیشدا ئەچووم
تەرمی وشەی شێعرەکانم ئەکەوتنە
خوار
بە بیانووی ژماردنیان، زۆرێک جار
دواو ئەکەوتی و..
تاڵە قژە وریوەکانمت ئەناشت و
ئەوانیکەشت ئەقرتاند

لە مندا, با وجودی ئەو هەموو
سەخت گیرییانەت
تەنیا من عاشقت نەبووم
ترسەکانم زیاتر لەخۆم
دەستم زیاتر لە خۆم و
شەرمەکانم هەزار هێندەی خۆم،
حەزیان بە باوەشت ئەکرد
کە ئەهاتمە حەوشەکەتان
پەلکەی قژم هەتا دووهەمین
پلەکەتان
ئەهات
کاتێ حەگاڵەکەم شل شل ئەبەست و
داوای ماستی خۆمانە لێ ئەکردن بۆ
ئامیان..
لە قەراخی پەنجەرەکەوە ئەتمبینی
هێندەی تر مناڵ ئەبوومەوە و
شەرمم ئەکرد, هەرکات تۆ
ماچەکانت بە هەوادا بۆ ئەناردم
ئەی بۆ نەیلێم؟!
لە تۆ بوو کە من درووست بووم..
بۆ نەیلێم؟ تۆ نەبوویتایە،
من قەت قەت عاشق نەدەبووم
تماشا ئەکەی!!
سەیری دونیام لێ هاتووە و
تۆ نەهاتی
ڕەنگی ماچەکانتم فرۆشت
تا بۆ بیرم نەیەیتەوە
بە یادی هەرنەهاتنت، ماچێکی تر
ڕوویاوە
لەئێستادا، تەواوی یادەوەرییەکانتم
داوەتە دەستی مێشکمەوە
بەڵکوو منیش لە تۆ بچم!
لەمە بەدوا، وەک دایکێکی جەرگ
سووتاو
هەتا چل ڕۆژەی ڕۆیشتنت
خەوم لێ ئەتۆرێ تەواو
وەک هەر ئەو باڵندانەی
ئاسمانیان لێ بووە بە نماو
هەر وەکوو پیر و پشت چەماو
بێ هێز کەوتووم!
لەتاوت!
لەتاو هەنگاوی هەڵنەگرتوو و
عەشقی بەدی نەهاتی چاوت



مەهاباد. هاوژان شاروێرانی

داخەکەم کورد ئارەزووی دێرینی هەر حاسڵ نەبوو
چون تەبا نین پێکەوە دوژمن لە کورد غافڵ نەبوو

دارکە هۆرەی هەر لەخۆیی،زوو دەقەڵشی و تێکەدچی
ئەو کەسەی زێدی بەپوڵ گۆڕیوە،خاوەنڵ نەبوو

هەر وەبال ئەستۆیەکەی خۆمان کە وان لێهاتووە
کورد لە رووی پیلانەوە نەیبوو نەزم عاقڵ نەبوو

من لە کۆڕی ئاشنایان هەست بە نامۆیی دەکەم
مەوتەنی ئەژدادی خۆم بۆم مەسکەن و مەنزڵ نەبوو

عیلم و هۆشیارین دەوێ بۆ بەرژەوەندی نیشتمان
سەیری‌کەن هیچ دەوڵەتی بۆ کوردەکان عادڵ نەبوو

حەقیەتی هەر میللەتێک بەزمانی خۆی زانکۆی هەبێ
سەیرە لام بۆ ئەو حەقە مەشرووعە هەر کامڵ نەبوو

دارزێ ئەو میللەتەی گەر دەیهەوێ بێ ماف بژیم
ئەی خودا چل ساڵە بۆ ئەو ڕیخنە باتڵ نەبوو

سەنعەت و کار و وەبەرهێنان هەمووی چارەی گەلن
کۆڵەواربێ ئەو دڵەی بۆ زێدی خۆی پرکوڵ نەبوو

قین و بوغز و ئێرەیی و چاولێکەری ئافاتی مەن
داری ئازادی بەری بۆ ئێمە قەت سوورگوڵ نەبوو

لاوەکان لەمنووکەوێ پارێزەری ئەو خاکە بن
دوژمنم با تێنەگا  کورد گەوهەری قابیل نەبوو



مەریوان. کارۆک

ماچی سوور لێوی بە تینت بوو بە تاسەی ژینی من
وا لە چاوگەی چاوەکانم دێنە خوار ئەسرینی من

من کە تامەزرۆم بە ماچی لێوەکانی پڕ شەرەر
بمدەیە ماچێک ئەزیزم تۆی هەموو پەروینی من

وشکە ساڵە وەرزی لێوم با بە شیلەی لێوەکەت
تەڕ بکەم مەزرای ئەوینم تۆی گوڵی نەسرینی من

بێ لە ئامێزم گرە بدڕێنە پەردەی شەرمەکەت
ئەی کە ماچی لێوەکەت دەرمان دڵەی زەخمینی من



بانە . بەیان خدری

ئەمشەو لە مێعراجی دیداری تۆ
لەسەر شاپەڕی خەیاڵات
خاکم بە جێ هێشت و
هاتم تا لووتکەی ئەوین و ئاوات
دەستەکانم لە دەستی تۆ ...
باڵا ئەکرد لە گەڵ باڵات

❀❀

ئاستانی ئەوینت
بەرز وەک ئاڵات
سەر لە هەورا
ئەنووشتامەوە تاکو بێ بیستم ڕازی
کێوەێ کە وا سەر لە ئاسمان ئەسوات

❀❀

ئەمشەو چ شەوێ بوو
چیرۆک بێژی خەم چوو
خولی ژینیش کەوتە سەر دەوری : هات
مەحوی ئاسمانی چاوانتم
چی بەو جوانیە دەگات؟
تۆ بروانە:
سەدان ئەستێرەی جوان
ئەدرەوشێنەوە لە نیگات

❀❀

ئەمشەو لە قەڵای دڵ
ئەمە بوو بە پەیمان:
هەتا خوێن لە لەش هات و چوو ئەکات
یەکتر بپارێزین
وک ئەوەڵین خەڵات
وەک ئاخرین چەکی سەنگەری خەبات...



دیواندەرە. ئێدریس عەبوودی

گەر دەتەوێ ڕەنگی ڕۆژم لێ دەر کەوێ
ڕوخسارت بنوێنە و
لە گەڵ خۆری بەیانی پێکەنە
خۆت ئەزانی
بوون و نەبوونی تۆ
بۆ سەودای ژیان، بووەتە مەزنە

❀❀

بە دڵ لە لای تۆم و
بە چاو ئەڕوانمە ئەم دار و دیمەنە
لە تاو تینی هاوین
کانی وشک و
گوڵجارەکان، کاتۆر و ڕووتەنە
بەڵام دڵخۆشم کە هێشتا
ڕێگای جێژوانی تۆ
پڕ دار و دەوەنە

❀❀

وەکوو خاکی نیشتمانی
کێ دەڵێ لە خاکت دڵ بکەنە
دڵ لە بەندی تۆیە... بۆیە
هەر جێگایێ تۆی لێ بێ
ئەو جێگە بۆ من وەتەنە...



بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی



# تایبەت بە منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان



بانە. باوکی نۆشتمان

## خەیار

خەیارم، خەیارم
سەوزم، لەدوور دیارم

بەکارم لەهەرچی جێ
ئەمبەن بۆ شارو لادێ

ئەمشۆنەوە بەجوانی
بۆ خواردن لەمیوانی

بۆ ترشیو بۆ خەیارشۆر
بۆ قازانجی جۆربەجۆر

فێنکی بەخشی ژینم
ناسکو نازەنینم

خەیارمو گوڵبەدەم
دێمە لاتان دەمبەدەم!



## سێو

ئەو سێوە دڵنەوازە
لەمیوەی‌تر جیاوازە

چەن تامی دڵنشینە
چێژی ترشو شیرینە

سەرانسەر ڤیتامینە
خۆت سەیری کە بیبینە

بۆ تەندروستی چاکە
وەک پێداویستی تاکە

هەم سەوزە، هەمیش زەردە
هەم سوورێکی بێگەردە

لەچی شوێنو مەکانە
وەک پاشای میوەکانە!



## قەیسی

بەخبەخبەخ‌لەو میوە
خۆم لەو دارەم چنیوە

زەردێکی زۆر بەتامە
چێژی هەتا لەلامە

مزرو شیرینو خۆشە
خۆشا وەکەی بنۆشە

بۆناو چێشتخانەش ئەبرێت
خواردنی لێ‌ساز ئەکرێت

وەک خۆرشتو قەیسیو رۆن
لەگەڵ برینجا ئەیخۆن

وشکیش ئەکرێ لەبانی
بۆشەوچەرەی زستانی

چەقالەی تاڵەو خۆشە
چارەسەری نەخۆشە

کەقەیسی پێدەگاتن
بۆ دێهاتی داهاتن

بەرهەمێکە ناوازە
لەبەردڵو جیاوازە

بەتایبەت چی منداڵە
بەخواردنی خۆشحاڵە



## ئەستێرە



بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی

ڕۆژ تەواو دەبێ شەودێ
ئەستێرەی ئاسمان هەڵدێ

زریوە زریوی ئەستێرە
دەمبا بۆ بەر پەنجێرە

دەڵێی هەرام لێ دەکەن
چاوبرکێم لەگەڵ دەکەن

جار جارە بانگیان دەکەم
قسەیان لەگەڵ دەکەم

گوێ دەگرن بۆ قسە و باسم
چەند دانەشیان دەناسم

❋❋

تێر تێر لەیەک دەڕوانین
بە زمانی یەک دەزانین

وەک دۆستی گیانی گیانین
من و ئەستێرە جوانین.



## دێ

بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی

دێ خۆشە، جوانە سەیری دیمەنی
هەوای خاوێنی، هەست دەکا خەنی

هەوار و دەشت و باخ و سەرشاخی
سرووشت لێرەیە بەرزە دەماخی

هڵدەستن لە خەو کەرەی بەیانی
ئەڕۆن لە دووی کار کیژ و کوڕانی

سەرپەرچە و کانی، قاقای کچانی
بۆنی کاگڵی، گوێسوانە و بانی

سێبەری داری، سەر پردی چۆمی
کاتی نیوەڕو، پێ مەلەی گۆمی

لێرە بە لێشاو، هەیە و هەرزانە
ڕۆن وماست ودۆ، کەرە و کەلانە

هەموو میوانگر، دەرکیان کراوە
هەروەز، لێرە هێشتا هەر ماوە

تێکڕا زحمەتکێش، لەشیان خاراوە
بەداهاتی دێ، ولات خەملاوە!

هەروەز: یارمەتیی بە کۆمەڵ...

